# پەیوەندییەسیمانتیکییەکان و هەندێك دیاردەی واتایی لەزمانی کوردیدا

نامەیەکە خوێندکار

فەرهاد تۆفیق حەسەن

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە

بەشێکە لەپێویستییەکانی بڕوانامەی ماجستێر لەزمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.ی. د. بەکر عومەر عەلی

2710 کوردی

2010 زایینی

**ئەم نامەیە بەچاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا :**

**ناو : د. بەکر عومەر عەلی**

**ڕۆژ :** / / 2010

**بەپێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم :**

**ناو :**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

**ڕۆژ :** / /2010

**ئێمەی ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا ، کە شایەنی ئەوەیە ، بەپلەی (                    ) بڕوانامەی ماجستێری لەزمانی کوردیدا پێبدرێت :**

**ناو : د. بەکر عومەر عەلی**
**ئەندام و سەرپەرشت**

**ناو : د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید**
**سەرۆکی لیژنە**
**ڕۆژ :** / / 2010

**ناو : د. فەرەیدون عەبدول محەمەد**
**ئەندام**

**ناو : د. عەبدولواحید موشیر دزەیی**
**ئەندام**

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا :**

**ناو : د. محەمەد دلێر محەمەد ئەمین**
**ڕاگری کۆلێژی زمان**
**ڕۆژ:** / / 2010

# بەشی یەکهەم

# واتاو واتاسازی و پەیوەندیی واتایی

# بەشی دووهەم

# ڕێککەوتنی ڕێزمانی و واتایی وشەکان

# بەشی سێهەم

# پەیوەندیی نێوان کێڵگەواتاییەکان و دیاردەو پەیوەندیی ستوونی وشەکان

# پێشەکی

## پێشکەشبە :

- دایك و باوك و خوشك و براکانم .
- بە مامۆستا و فێرگاکانم .
- بەگیانی مامۆستایانی کۆچکردوو :

د. ئەورەحمانی حاجی مارف

د.ئیحسان فوئاد

د.هیدایەت عبدالله حەیران

- ئەوانەی خۆشم ویستوون و خۆشم دەوێن.
- بـــــەتـــــــۆ .

## سوپاس و پێزانین :

- بۆ مامۆستای بەڕیز و خۆشەویستم دکتۆر بەکر عومەر عەلی، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی منی گرتە ئەستۆی خۆی و بەڕێنماییەکانی بەڕێزی ئەم نامەیە هاتە بەرهەم .
- سوپاسی بێ پایانم بۆ سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا فێریانکردم ، بەتایبەتی مامۆستای دڵسۆز و خەمخۆرم ( د. محەمەدی مەحوی ) و ( د. دڵشاد عەلی و د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی و د.تاهیرمحمد و د. هۆگر مەحموود و د.ابوبکر عمر قادر و د. محمد عمر عەول ) کە هاوکارو هاندەرم بوون و هەمیشەە ئامادەی هاوکاریم بوون .
- سوپاسی زۆرم بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانەی کە لە وەرگێڕان و دەستخستنی سەرچاوەو نووسینەوەی نامەکەمدا هاوکارم بوون و بۆ هەمیشە دڵسۆزییان لەلام دەمێنێتەوە ، بەتایبەتی ( م. تریفە عمر و م. نەرمین عمر و دلێر عبدالله و ڕۆژان ئەنوەر و سیڤاعلی و زانا ڕەئوف و بێستون حسن و م.بیخال لەتیف و م. ئومێد قادر و م. سازان زاهیر و شۆخان عزیز و م.ئیدریس کریم و م.گەشە عبدالله وم. ئاڤیستا کمال ) هەموو ئەوانەی ئامادەیی هاوکارییان بۆم دەربڕیوە .
- سوپاس بۆ سەرۆکایەتی بەشی کوردی و یەکەی خوێندنی باڵای کۆلێژی زمان .
- سوپاس بۆ سەرجەم کارمەندی کتێبخانەکانی ( بەشی کوردی و کۆلێژی زمان و گشتی زانکۆ و گشتی سلێمانی ) .

# زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
| --- | --- |
| | ب |
| Topicalization | باسمەندی |
| | ت |
| Denotative meaning | تویکلە واتا |
| Standard theory | تیۆری ستاندارد |
| | پ |
| Semantic Relation | پەیوەندیی واتایی |
| Semantic component | پێکهێنەری واتایی |
| | د |
| Reduplication | دووبارەبوونەوە |
| | س |
| Semantics productivity | سیمانتیکی بەرهەمهێنەریی |
| | ك |
| Semantic field | کێڵگە واتایی |
| Knowledge | کۆزانیاری |
| Procedural Knowledge | کۆزانیاری بەرهەمهاتوو |
| | گ |
| Hyponym | گرتنەوە |
| | و |
| Meaning | واتا |
| Meaning analyzing | واتالێکدانەوە |
| Potential meaning | واتای هەڵگیراو( لە هەناودابوو) |
| Sentential Meaning | واتای رستە |

| | |
|---|---|
| Discourse meaning | واتای دەق |
| Voice meaning | واتای دەنگی |
| Grammatical meaning | واتای ڕێزمانی |
| Functional meaning | واتای ئەرکی |
| Social meaning | واتای کۆمەڵایەتی |
| Lexical meaning | واتای فەرهەنگی |
| Awareness | وشیاری |
| | م |
| Marking | مارکە لێدان/ نیشانەکردن |
| | ن |
| Formal marking | نیشانەکردنی فۆرمی |
| Semantics marking | نیشانەکردنی واتایی |
| Marking distribution | نیشانەکردنی دابەشبوون |
| | ه |
| Syntax contrastive (opposition) | هەمبەری سینتاکسی |
| Phrase contrastive( opposition) | هەمبەری فرێزیی |
| Fixed Mental Representation | هێمای هۆشەکی نەگۆڕ |
| Representation Generated mental | هێمای هۆشەکی بەرهەمهاتوو |
| | ی |
| Regularity | یاسابەندێتی |
| Projection roles | یاساکانی پڕۆژە سازدان |

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 1 ـ 2 | پێشەکی |
| 3 ـ 39 | بەشی یەکهەم : واتاو واتاسازی و پەیوەندی واتایی |
| 3 | واتا و واتاسازی |
| 7 | کۆزانیاری |
| 8 | ڕەگەزی واتایی |
| 9 | بوارەکانی واتاسازی |
| 10 | یەکەکانی واتا |
| 13 | جۆرەکانی واتا |
| 14 | واتا پەیوەست بەبەکارهێنانەوە |
| 16 | واتا پەیوەست بەهەست و سۆزەوە |
| 17 | واتا پەیوەست بەکەرەستەوە |
| 19 | تیۆرە واتاییەکان |
| 19 | تیۆری سێگۆشەی واتایی |
| 21 | تیۆری کێڵگەی واتایی |
| 24 | تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی |
| 25 | تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنەری |
| 27 | کێڵگەی واتایی |
| 29 | جۆرەکانی کێڵگەی واتایی |
| 30 | پەیوەندییە واتاییەکان |
| 32 | جۆرەکانی پەیوەندی واتایی |
| 33 | پەیوەندیی ئاسۆیی |
| 35 | پەیوەندیی ستوونی |
| 35 | پەیوەندیی کێڵگەواتاییەکان |
| 37 | دیاردەی واتایی |
| 40 ـ 74 | بەشی دووهەم : ڕێککەوتنی ڕێزمانی و واتایی وشەکان |
| 40 | مارکەلێدان |

| | |
|---|---|
| 42 | نیشانەی واتایی |
| 44 | سێ کێڵگەی واتایی |
| 48 | ڕێککەوتنی ڕێزمانی وشەکان |
| 48 | ڕێککەوتنی مۆرفۆلۆژی |
| 56 | ڕێککەوتنی دەنگی |
| 60 | ڕێککەوتنی واتایی وشەکان |
| 60 | سەری واتایی |
| 63 | ڕێککەوتنی پێکهاتەکان بەپێی نیشانە واتاییەکان |
| 69 | هۆکارەکانی ڕێککەوتن |
| 70 | ڕێککەوتن لەفرێز و ڕستەدا |
| 74 ـ 111 | بەشی سێهەم: پەیوەندیی نێوان کێڵگە واتاییەکان ودیاردەو پەیوەندیی ستوونی وشەکان |
| 74 | پەیوەندیی کێڵگە واتاییەکان |
| 78 | پەیوەندیی ستوونی وشەکان و دیاردە واتاییەکان |
| 78 | هاوواتا |
| 102 | وتادژی |
| 106 | گرتنەوە |
| 106 | بەشوگشت |
| 107 | لێڵی واتایی |
| 108 | گۆڕینی واتایی |
| 109 | کێڵگەگۆڕین |
| 110 | مردن |
| 111 | جێگرتنەوە |
| 113 | ئەنجام |
| 114 | سەرچاوەکان |
| 119 | الملخص |
| 120 | Abstract |

# کێڵگەی واتایی ئەندامەکانی لەش

- بەرجەستە
  - مردوو
    - نەرم
      - پێکهاتەی گشتی
      - مـوو (موو، تووکی سەرسنگ، ریش، سمێڵ، مووی لووت، برژانگ، برۆ، قژ، پرچ، زوڵف، پەرچەم، بەر)
      - شــلە (شلەی ناوچاو، شلەی ناو گوێ، ترشە ڕژاوەکان، لیک)
    - رەق (نینۆك)
  - زیندوو
    - پێکهاتەی ورد
      - چاو، لوت، گوێ، زمان، دان، سەر- تەپڵە سەر- پشتەسەر- پێشەسەر- ناوچەوان، مل- ئەستۆ- لامل- پشتەمل -گەرن، ،شان- سەرشان- دەفەی شان، پشت/کۆڵ- قۆڵ- بازوو، سنگ- سەرسنگ، سك- ورگ، دەست، لینگ- قاچ ـ ئەژنۆ- قولەپێ- پوز، پێ
      - پەیکەری
        - کرکراگە
          - گوێ، نینۆك
          - نێوان جومگەکان
          - برپرەی پشت
        - ئێسکە پەیکەر
          - ماسولکەکانی شانومل
          - ماسولکەکانی سك و پشت
          - برپرەکانی پشت
          - پەراسو
          - حەوز
          - ئێسکەکانی دەست → باسك، ئانیشك، شانەکانی پەنجە
          - ئێسکەکانی قاچ → شانەکانی پەنجە، قولەپێ، ئێسکی پوز، کلاوەی ئەژنۆ
        - ماسولکە پەیکەر
      - نا پەیکەری
        - هەناوی
          - کۆئەندامە هەناسە: دەم ، لوت ، قورگ، بۆری هەوا ، کیسەی هەوایی
          - کۆئەندامی هەرس: دان (کەڵبە،برەر،خرێ) ، زمان ، دەم ، سورێنچك ، گەدە ، دوانزەگری، ریخۆڵەباریکە ، ریخۆڵەئەستوورە ، رێخۆڵەکوێرە، مەمیلەکان ، کۆم )
          - کۆئەندامی میزوزاوزێ: (گورچیلە بۆری میز ، پرۆستات ، چووك ، هێلکەدان، بۆری هێلکە ، مناڵدان ، وێلاش ، زێ)
          - کۆ ئەندامی هاوسەنگی: دڵ ، خوێنبەرەکان ، خوێنهێنەرەکان ، جگەر ، خرۆکەی سورو سپی)
        - نا هەناوی
          - کۆئەندامی ڕاگەیاندن
            - ا ـ بەڕێوەبەر ( مێشك و مۆدولارێتی مێشك )
            - ب ـ فەرمانبەر ( دەمارەکان و پێکهێنەرەکا نی )
          - کۆئەندامی بینین
            - ا ـ رووکاری چاو: برژانگ ، پێڵوو، سپێنەی چاو ، ڕەشێنەی چاو ، بیلبیلەی چاو
            - ب ـ ناوەوەی چاو: هاوێنەی چاو ، دەمار ، میمۆری
          - کۆئەندامی بیستن: گوێ ( گوێی ناوەوە ، گوێی دەرەوە ) کرکراگەی گوێ، ئێسکەکانی ناوەوەی گوێ، پەردەی گوێ
          - ڕژێنەکان: پەنکریاس ، زراو ، لیکەڕژێنەکان
- نابەرجەستە (عەقڵ، زیرەکی، ئاگایی، هۆش، بیر، خەیاڵ، رۆح، دڵ، جەرگ، )

دەرکردەکان:
1. دەنگ،قیژە،نووزە،بۆڵە،پرخە،قیرە،هاوار
2. فرمێسك،عەرەق، چڵم،لیك،میز، پیسایی،مەنی
3. دومەڵ/ قونێر ،بیزۆکە/ قنچکە
(

## کێڵگەی واتایی خێزان




+ گەورەی منداڵەکان یاخود یەکەم منداڵ پێی دەوترێت (نۆبەرە)، هەروەها منداڵە بچوکیش کە لە هەموویان بچوکترە پێی دەوترێت (پاشەبەرە).

+ ئەم کێڵگەیە بۆ خێزانێکی ئەمڕۆی کوردییە، کە لە بارێکی کۆمەڵایەتی جیاوازدان بە بەراورد لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی پێشتری کورد، چونکە لە خێزانی کۆنی کورددا، جگەلە لەم ئەندامانە، ئەندامی تریشی تێدابووە، کە بریتی بوون لە داپیرو باپیرو هەروەها کوڕو کچی ئەوانو کە ئەکاتە خوشكو برای دایکوباوکی ئەم کێڵگەیە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بارێکی کۆمەڵایەتی ئێستای کوردی، چونکە ئێستا کوڕ کە ژن دەهێنێت لە ماڵی دایکوباوکی جیادەبێتەوەو خێزانێکی نوێ دروستدەکات.

لەگەڵئەوەشدا دەتوانین ئەم کێڵگەیە بە نموونەیەکی خێزان وەربگرینو پەیوەندییەکانی تێدا بەدیبکەینو خۆ ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر خێزانێکی گەورتر بکەین کە پێشتر لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هەبووە، ئاساییو ئەتوانین هەمان کێڵگە بکەینە ئەندام لە کێڵگەیەکی گەورەتردا کە خوشکوبراکانی دایکوباوکی ئەم کێڵگەیە ئەندامەکانی پێکدەهێنن لەگەڵ بووكو زاواکانی خێزانە گەورەکە وەك لە کێڵگەی ڕەچەڵەكو بنەچەدا دەیبینین.

+ لە خێزانی کوردیدا بە دەگمەن باوەپیارە لە ئەندامی خێزاندا دەژی.

## کێڵگەی میوە

- شەوچەرە
  ( مێوژ، باسوق، سجوق، گوێز، گەنمەشانی، گوڵەبەڕۆژە، بستە، عەلی بابا، گازۆ، نۆك، بندوق، ناوكە كولەكە، ناوكە شوتی، هەنجیری وشك، هەڵوژەی وشك، بایام ، چواله )
- میوەی تەڕ
  - ڕەز ( ترێ )
    - ڕەشکە
      خۆشناو، ڕەشمیری، کاژاو، بۆڵمازوو
    - سپیکە
      سادانی، کشمیش، تایەفی
      سەرقوڵە، گونکە،
  - باخوبێستان
    - بێستان
      خەیار، کاڵەك/ گندۆرە، شوتی ،
      ترۆزی، کالیار، شەمامە، کاهو،
    - باخ
      - هاوینە
        فەریکە چواله، هەڵوژە ڕەشە/ زەردە
        ، قۆخ- ئەمریکی ـ بەهاریو هاوینە ـ سورو سپی- ، هەنجیر، هەڵوژەڕەشە ، هەڵوژەی زەرد، گێلاس
      - زستانە
        - مزرەمەنی
          پرتەقاڵ، لیمۆ، لاله (لالەنگی)
          سندی، ئەنەناس
        - نامزرەمەنی سێوی ( زەرد، سور، لاسورە، سەوز)
          هەرمێ ( ناسكە هەرمێ ، گولاوی ، لاسورە ، چاوقوڵە ، ڕەشە هەرمێ )
          هەنار ( ترش ، شیرین ، مێخۆش ، دەنکرەش ، دەنکسپی )

پێکهاتەی ڕەز ( مێو ← تول ( لخ ) ← هێشوو ← تیلماسك ← بۆڵ




کێڵگەی ژمارە ( 5 )

## ناونیشانی نامەکە:

بەپێی ناونیشانی نامەکە ( پەیوەندییەسیمانتیکییەکان و هەندێك دیاردەی واتایی لەزمانی کوردیدا ) ، لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بەپەیوەندییەواتاییە زمانییەکان لە فەرهەنگ و بەکارهێناندا لەگەڵ هەندێك دیاردەی واتایی ، وەك ( هاوواتا ، دژواتا ، گرتنەوە ، ...) لەزمانی کوردیدا .

## گرنگی بابەتەکە:

واتاسازی بەشێوەیەکی گشتی و پەیوەندییە سیمانتیکییەکان بەتایبەتی زانستێکی نوێیە، بەشێوەیەکی ورد و بابەتیانە هەموو تایبەتی و لایەنەکانی ڕوونەکراونەتەوە، هەربۆیە لێکۆڵینەوەکە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە زانستی زماندا .

## سنووری نامەکە:

نامەکە لێکۆڵینەوەیە لە  پەیوەندیی واتایی و هەندێك دیاردەی واتایی سێ کێڵگەی واتایی ناو فەرهەنگ، بەمەبەستی شیکردنەوە و پەسەنکردنی و بۆ ئەم مەبەستەش پەنابراوەتە بەر بەکارهێنانە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان، هەرچەندە لێکۆڵینەوەکەمان لە سنووری سیمانتیکدایە، بەڵام لە جۆرەکانی واتادا لەهەندێك شوێندا ئاماژەمان بە واتای پراگماتیکی داوە، بۆئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان زۆر فراوان نەبێت، هەموو دیاردەواتاییەکانمان نەپشکنیوە ، هەندێك دیاردەمان دەستنیشانکردووە

## کەرەستەی نامەکە:

کەرەستەی نامەکە زمانی ئاخاوتنی ئێستای کرمانجیی ناوەڕاست ـ زارۆچکەی سلێمانی ـ یە .

## گرفتی نامە:

کەمی لێکۆڵینەوە بەزمانی کوردی لەسەر بابەتەکە، یەکێکە لە گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە، هەندێك لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا کراون، بەڵام لەبەر فراوانی و گرنگی بابەتەکە دەکرێت چەندین لێکۆڵینەوەی تری لەسەر بکرێت .

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

نامەکە لەچوارچێوەی تیۆری کێڵگەواتاییەکان و تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنەریدا ئەنجامدراوەو هەندێك جاریش سوودمان لە تیۆری سێگۆشەی واتایی و سیمانتیکی شیکەرەوەیی وەرگرتووە ، ڕێبازی سەرەکی شیکەرەوەی پەسەنکەرانەیە .

## بەشەکانی نامەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکهەم هەشت پارەو تیایاندا لەڕووی تیۆرییەوە باسمان لە چەمکی واتا ، واتاسازی ، سنووری واتاسازی ، کۆزانیاری ، ڕەگەز ، بوار ، یەکەی واتایی ، جۆرەکانی واتا ، چوار تیۆری واتایی، کێڵگەی واتایی، پەیوەندییەواتاییەکان و دیاردەواتاییەکان کردووە. لەبەشی دووەهەمدا، پاری یەکهەمی تیۆرییە و نیشانەی واتایی ڕاڤەکراوە . پارەکانی تری ئەم بەشە لایەنی پراکتیکی لێکۆڵینەوەکەمانە و سێ کێڵگەی واتایی ( ئەندامەکانی لەش ، خێزان ، میوە ) مان دیاریکردووە ، کە بنەمای لێکۆڵینەوەکەمانە و پەیوەندی و دیاردەکانمان لەناو سنووری دانە زمانییەکانی ئەو سێ کێڵگەیەدا باسکردووە ، هۆی هەڵبژاردنی ئەم سێ کێڵگەیەش ئەوەیە کە دانەکانی ئەم سێ کێڵگەیە لە وشە چالاکەکانی زمانی کوردین و بەکارهێنانیان زۆرە و  زۆربەشیان واتای دووهەمیان وەرگرتووە، دواتر پەیوەندیی ئاسۆیی و ڕێککەوتنی وشەکانمان لەوشەی لێکدراو، فرێز، ڕستەدا خستۆتەڕوو و هۆکارەکانی ڕێککەوتنیشمان دەستنیشانکردووە، بەڵام گرنگیمان داوە بە وشەی لێکدراو و کەمێك گفتوگۆ لەسەر ڕێککەوتن لە فرێز و ڕستەدا کراوە ، چونکە کارەکەی ئێمە لەسنووری فەرهەنگ و مۆڕفۆلۆژیدایە .

لەبەشی سێهەمی لێکۆڵینەوەکەماندا پەیوەندیی نێوان کێڵگەواتاییەکان و پەیوەندیی ستوونی و دیاردەواتاییەکانی ئەو سێ کێڵگەیەمان دەستنیشانکردووە  .

دواتر ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو، کە لەلێکۆڵینەوەکەماندا پێیان گەیشتووین.

## 1/1) واتاو واتا سازی:

### 1/1/1 ) چەمکی واتا :

هەرلەکۆنەوە پێش ئەوەی واتا وەکو زانستێکی سەربەخۆ یاخود لقێکی زانستی زمان دەرکەوتبێت، لەلایەن ژیربێژەکان و دەروونناسەکانەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە و بەپێی بۆچوون و زانستەکانی خۆیان ڕوونکردنەوەو بنەمایان بۆ داناوە [1].

خودی زاراوەی واتاش هەڵگری چەمکێکی لێڵەو لەزۆربەی زمانەکاندا چەمکی جیاواز دەگەیەنێت ، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی ( واتا ) ئەم واتایانە دەگەیەنێت، کەلەم ڕستانەدا هاتوون[2] :

| | |
|---|---|
| ( 1 ) أ ـ هەموو شتێك بەخۆیَ خۆیش بەمەعنا . | ( پێوانە ) |
| ب ـ ئەم شەڕە بێ مەعنا بوو . | ( لۆژیکی نەبوو ) |
| پ ـ خۆئامادەکردنەکەت مەعنای شەڕە . | ( نیشانە ) |
| ت ـ ئەو شتە یەعنی چی ؟ | ( واتا ) |

دیارە ئێمە کەباس لە ( واتا ) دەکەین ، لە واتاسازی و لەتوێژینەوەکەماندا مەبەستمان لە واتای ( واتا )یە لە ڕستەی ( 1 ـ ت ) دا

پێناسەیەکی باوی زمان دەڵێت " زمان هۆیەکە بۆ پەیوەندیکردن و لەیەکگەیشتن " ئاشکراشە، کەئەم پەیوەندیکردنە و لەیەکگەیشتنەکەش بەهۆی گواستنەوەی بیر و واتاوەیە؛ ئەم پێناسەو ڕوونکردنەوەیەش بەڵگەی ڕۆڵ و گرنگی واتان لەزماندا (( <<واتاداری>> semanticity ئاکارو ئەدگاری چەقیی و ناوەندی زمانەو دەشێت بگوترێت ، کەهەبوونی زمان لەبنجوبناواندا لە <<واتامەندی>> دایە))[3]، هەر واتاشە، کە زمان و زانستی زمان دەبەستێتەوە بەزانستەکانی تری ، وەك: ( زانستی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، لۆژیك، ... )ەوە.

(( ئەم دیاردەیە ـ مەبەستی لە واتایە ـ تەنیا پەیوەندی بەدیاردە زمانییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەهەندێ دیاردەی تریشەوە هەیە، کە لەدەرەوەی زماندان ، وەك

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

ا ـ( طائع الحداوی : 2006 ) . ب ـ ( ابراهیم خلیل : 2007 ) ، ج . ( Lynner Murphy 2003 : 3 )

[2] محمد مەعروف فەتاح ، وانەی ( واتاسازیی ) ماستەر ، 2000

[3] محەمەدیی مەحویی ( 2009: 21 )، بەرگی دووەم .

( ژیانی کۆمەڵایەتی و ژینگەی سروشتی ..... ))[1]. هەر لەبەر گرنگی وگرانیی ڕۆڵی واتایە، کە واتاسازیش بە ((لووتکەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان دادانرێت ))[2].

## 2/1/1 ) پێناسەی واتا و واتاسازی :

پێشتر ئاماژەمان بەڕۆڵ و گرنگی و گرانی واتاکرد ، پەیوەست بەو ڕۆڵەی واتا لەزماندا، هەروەها پەیوەست بەچوونەناو زانستەکانی ترەوە گەلێك پێناسەی جۆراوجۆر بۆ واتاو واتاسازی کراوە ، کە هەریەکەیان لەڕوانگەیەکەوە پێناسەی کردووە ، ئێمە هەندێکیان بەنموونە دێنینەوە :

### یەکەم : واتا:

1. **ئەفلاتون** : (( واتا بریتییە لە پەیوەندییەکی دوو لایەنی لەنێوان فۆڕمێکی زمانی و کەرەسەیەك لەدەرەوەی زماندا ))[3].
2. **ئەرستۆ** : ((واتا وێناکردنە لەمێشکی مرۆڤدا )) سێ شتی جیاکردۆتەوە ( شتێك لەدونیای دەرەوەدا ، وێناکردن " التصورات " ، دەنگەکان )[4]
3. **ئیبن سینا** : (( واتا ئەو شتەیە یاخود ئەو بەشەی زمانە ، کەلەمێشکدایەو نابینرێت ، ئەوەی کە مرۆڤ دەیبینێت ئەو شتەیە کەبەهۆی چاویەوە وێنەی گرتووە و پاشماوەی لە مێشکدا جێهێشتووە ، ئەو پاشماوەیە واتایە ))[5].
4. **سۆسێر**: (( واتا ئەو پەیوەندییەیە، کەلەنێوان ئاماژەو ئاماژەبۆکراودا دروست دەبێت))[6] .
5. **محەمەدی مەحویی** بەم شێوەیە پێناسەی واتای کردووە (( <<واتا>> زاراوەی ناوجەرگەیی و ناوەندیی سیمانتیکەو نرخی هێمایەو کرۆك و هێزی گەیاندنە بەبێ واتا ، شێوەو بیچمی هێمایەك ، هێما نییە ، بەڵکو تەنها فۆڕمێکی بۆشە ))[7].

---

(1) پەروین عوسمان موستەفا عەلاف ( 2008: 35 ) .

(2) سەرچاوەی پێشوو ، وەریگرتووە لە ( محمود السعران ، 1999 ، 213 ) .

(3) ئارا علی ئەحمەد ، 2007 : 4 ) وەریگرتووە لە David Crystal , 1997 ,410

(4) احمد مختار عمر ( 1982 : 17 ) .

(5) ابراهیم خلیل ( 2007 : 122 ) .

(6) سەلام ناوخۆش ( 2005 : 35 ) .

(7) محەمەدی مەحویی ـ زانستی هێما ، ..... ـ ( 2009 : 22 ) بەرگی دووهەم .

ئێمەش بەم شێوەیە پێناسەی واتا دەکەین :

واتا بریتییە لەو بیرەی لە مێشکدایەو لەڕێگەی وشەو ڕستەکانەوە بۆ بەرامبەر دەگوازرێتەوە ؛ ڕەنگدانەوەی سروشت و دیاردەکانی سروشت و لێکدانەوەی مرۆڤە بۆ ئەو دیاردانە.

## دووهەم : واتاسازی:

لەدوای میشێل برێل ( 1883)ەوە ئەم زانستە وەکو لقە زانستێکی سەربەخۆ دەرکەوت، هەرچەندە ئەمیش وەکو پێویست گرنگی پێنەدرا تا دەرکەوتنی چۆمسکی، کەوەك پێکهاتەیەکی زمان ، لەسێ پێکهێنەرەکەی ڕێزماندا داینا (فۆنۆلۆژی ، سینتاکس ، واتاسازی )[1]

بوونی ڕای جیاواز لەسەر واتاو لێکۆڵینەوەی واتا ، وایکردووە کە پێناسەی جیاوازیش بۆ >>واتاسازیی<< بکرێت ، کە هەریەکە لەڕوانگەیەکەوە لێی دواوە .

(( واتاسازی ئەو زانستەیە، کەلە واتا دەکۆڵێتەوە یاخود ئەو لقە زانستەیە لەو مەرجانە دەکۆڵێتەوە ،کە پێویستە بوونی هەبێ لە هێمادا تاوەکو بتوانێت واتا هەڵبگرێت ))[2] .

(( "سیمانتیك " ناوێکە بۆ لقێکی زانستی زمان بەکارهێنراوە ، کەخۆی بەشیکردنەوەو پەسەنکردنی واتای دەربڕاوە زمانییەکانەوە خەریکدەکات ))[3] .

(( سیمانتیك زانست و تیۆریی ڕێکخستن و یاسابەندێتیی regularity هەندێك لایەنی دیوی واتا signifier ی هێما زمانییەکانە ))[4] ؛ یاخود (( سیمانتیك وەك لقێکی زانستی زمان خۆی بەڕەهەندەکانی واتامەندی پێڕەوبەندانەی systematic meanings fullness دەربڕاوە زمانەوانییەکانەوە خەریکدەکات ))[5]

ئەم پێناسانە بەشێوەیەکی گشتی باسیان لەواتاسازی وەك لقێکی زانستی زمان ، کە خۆی بەلێکۆڵینەوەی واتاوە خەریکدەکات ، کردووە ، بەبێ ئەوەی شێوەو بنەماو کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە دەستنیشان بکەن ، هەر ئەمانەشە وای کردووە، کە چەندین تیۆری جیاجیا بۆ لێکدانەوەی واتا بێتەکایەوە ؛ هەریەك لەو تیۆرییانە ڕێبازێك و بنەماو کەرەسەی جیاجیایان بۆ واتا داناوە و هەندێکیان گرنگی زۆریان پێداوەو هەندێکی تریان خۆیان لێ دوورخستۆتەوەو گرنگی زۆریان پێنەداوە . ئەویش لەبەرئەوەی کە واتا خاوەنی ڕۆنانێکی

---

(1) تالیب حسێن علی ( 1998 : 25 )و سەرچاوەکانی .

(2) احمد مختار ( 1982: 17 ) .

(3) محەمەدی مەحوی ( 2006 : 2 ) .

(4) محەمەدی مەحویی ـ زانستی هێما ، ..... ـ ( 2009 : 21 -22) بەرگی دووهەم و سەرچاوەکانی .

(5) محەمەدی مەحویی ـ زانستی هێما ، ..... ـ ( 2009: 21 ) بەرگی دووهەم .

ڕێکوپێك و یەکەی دیاریکراو نییە و لێکۆڵینەوە لێشی ئەمانباتە ناو زانستەکانی ترەوە و هەندێ لەزمانەوانەکانیش هەرلەبەر ئەمەیە وەکو ئاستێکی زمان سەیری ناکەن[1] ، هەندێکی تریان واتا لەناو هەموو ئاستەکانی تردا دەبیننەوە، بۆیە دەڵێن واتا ئاستێکی زمان نییە[2]. واتاسازی لەدوای دەرکەوتنی چۆمسکییەوە گرنگی و بەهای خۆی وەرگرت. (( بەهاو زیندووکردنەوەی واتا نزیکدەبێتەوە لە دەرکەوتنی تیۆری گواستنەوەو بەرهەمهێنانەوە))[3] .

**3/1/1 ) سنووری واتاسازی:**

دیاریکردنی سنوورو چوارچێوەیەك بۆ واتاسازی ، کەتێکەڵ نەبێت لەگەڵ زانستەکانی ترو جیای بکەینەوە لەپڕاگماتیك کارێکی ئاسان نییە و لە پێناسەکاندا ئەو سنوور و چوارچێوەیە بەدیناکەین ، هەربۆیە ئێمە ئەم پێناسانە دەخەینەڕوو :

**واتاسازی / سیماتیک** : بریتییە لەو زانستەی لەواتای فەرهەنگیی هێما زمانییەکان و هاوڕێیەتی و پەیوەندیەکانیان لە کێڵگەی واتایی ، مۆرفۆلۆژی ، سینتاکسدا ، دەکۆڵێتەوە .

**قسەمەبەست / پراگماتیک** : ئەو زانستەیە، کەلەمەبەستی گوتراو و نووسراوە زمانییەکان ، پەیوەست بە کۆمەڵێك بنەمای نازمانییەوە ، دەکۆڵێتەوە . یاخود واتای پراگماتیك (( گرنگیدانە بەلێکۆڵینەوە لەمانا ، کاتێك قسەکەرێك یان نووسەرێك دەیەوێت بیگەیەنێت ، چۆن ئەم واتایە لەلایەن گوێگرەوە لێکدەدرێتەوە ، کەواتە پراگماتیك بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەمانای قسەکەر))[4] یاخود (( پراگماتیك = واتا – سیمانتیك ))[5] لەگەڵ دیاریکردنی ئەم سنوورەشدا ئەگەر لەهەر یەکێك لەو بابەتانەی کە دەستنیشانمانکردن ، قووڵببینەوە ، ئەوا دیسان تووشی گەلێك لایەنی گران دەبین ، هەر بۆیە (( مەبەستی واتاسازی گەڕان نییە بەدوای نهێنییەکی نادیاردا ، کەناوی واتایە ، بەڵکو ئەوەیە کە تێبگەین وشە یان ڕستە چۆن واتا دەگەیەنن ))[6] .

بۆ دیاریکردنی سنوورێك لەنێوان واتاسازی و قسەمەبەستدا (( دروستەی سیمانتیکی زیاتر جیهانییە تاوەکو دروستەی قسەمەبەست ( پراگماتیکی ) ، واتە یەکەکانی سیمانتیك لەبنەڕەتدا لەهەموو زمانەکاندا یەك شتن و هەموویان پێکهێنەرە واتاییەکان ( نیشانەی

---

(1) فاروق عومەر سدیق ، چاوپێکەوتن (2009/2/4).

(2) محەمەد مەحویی ، چاوپێکەوتن ، ( 2009/3/28 ) .

(3) A.B.C s, languges and lingustics , 174

(4) سازان ڕەزا ( 2005: 32 ) .

(5) تریفە عومەر ئەحمەد ( 2008 : 9 )و سەرچاوەکانی .

(6) مجید ماشطة ( 2009 : 69 ) .

واتایی)یان هەیە [1] ، هەروەها دەبێت بزانین کە (( سیمانتیك بناغەی واتاو لێکۆڵینەوەی واتاییشە ، ئەگەر ئاستی سیمانتیك نەبێت ، قسەکردن لەبارەی پراگماتیکەوە بێ هودەیە و بێ بنەمادەبێت ))[2] .

## 2/1 ) کۆزانیاری :

مەبەست لە >> کۆزانیاری << زانیاریی ئاخێوەرانی زمانە دەربارەی زمانەکەی خۆیان ، مرۆڤ پێویستە چی بزانێت ، تاوەکو بزانێت چی بکات .
Lynne Murphy ( 2003 : 5 )دەڵێت " زمانی ئینگلیزی یارمەتیدەر نییە بۆ جیاکردنەوەی زانیارییەکان لەیەکتر " ، دیارە باسکردنی ئەم زانیارییانە لەزمانی کوردیدا گرانتر دەبێت ، چوارجۆر زانیاری جیاکراونەتەوە کەئەمانەن [3]:

### 1. هێمای ناوەزی نەگۆڕ ( fixed mental representations) :

ئەو جۆرە کۆزانیارییەیە لەزماندا، کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەمێشکدا دەمێنێتەوە . مەبەست لەو زانیارییانەیە، کە بەرامبەر بەیەکەکانی گەنجی وشەکانمان هەمانەو ماوەیەکی دوورودرێژ لەمێشکماندایەو دەتوانین لەیەکتریان جیابکەینەوە (چاو ، برژانگ ، برۆ ، گلێنەی چاو ، سپێنەی چاو ، ڕەشێنەی چاو ، پێڵوو ، دار ، بەرد ، ....... ).

### 2. کۆزانیاریی بەرهەمهاتوو procedural knowledye :

مەبەست لەم کۆزانیارییە ، زانیارییمانە دەربارەی شکاندنەوە و هەڵگواستن و یاسا زمانییەکان ، وەکو کۆکردنەوەی ناوەکان بەڕێگەی جیاواز :

( 2 ) أ ـ کوڕ + ان = کوڕان

ب ـ کوڕ + گەل = کوڕگەل

پ ـ دەستە + گوڵ = دەستەگوڵ

---

[1] Mildred L. Lerson,(1374: 26)

[2] هۆگر مەحموود فەرەج ( 2005 : 133 ) .

[3] Lynne Murphy, (2003: 5)

3. **هێمای ئاوەزی بەرهەمهاتوو** Representation Generated mental :

زانیاریی دەربارەی کۆزانیاری یەکهەم و دووهەم وامان لێدەکات، کەیەکسەر بتوانین شکانەوەکان و هەڵگواستنەکان لەسەر وشەکان ئەنجامبدەین و زانیاری دەربارەی کەرەستە بەرهەمهاتووەکە پەیدادەکەین ، بۆنموونە : ئێمە ڕاستەخۆ دەتوانین هەمو ناوەکان کۆبکەینەوە ، یاخود ( چاو + یلکە = چاویلکە ) ڕاستەخۆ پرۆسەکەمان سازکردووە و لەدەرکردەکەش تێدەگەین، کە واتایەکی جیاوازی هەیە لە تێکردەکە .

4. **هوشیاریی** Awareness:

زانیاری دەربارەی ئەو سێ کۆزانیارییەی تر ، پێویستی بوونی زانیاری چوارهەم دەهێنێتە پێشەوە ، کە وشیارییە بەرامبەر بەو سێ کۆزانیارییە ، واتا زانیارییە دەربارەی وشەو کەرەستەکانی زمان و پرۆسەکانی هەڵگواستن و شکانەوەو دەرکردەکانیان ، واتا دەتوانین بڵێین وشیاری بەشێکە لە زانستی زمان .

## 3/1 ) ڕەگەزو بوارو یەکەی واتایی

### 1/3/1 ) ڕەگەزی واتایی :

زمانەوانەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کەڕەگەزەکانی واتا بریتین لە (ئاماژەو ئاماژەپێکراو) جگە لەتیۆری کردەییەکان [1]. بەڵام سۆسێر چوار ڕەگەزی واتایی جیاکردۆتەوە، کەئەمانەن (شت ، چەمك و واتا ، وێنەیەکی بیستراو ، وێنەیەکی دەنگی ) [2].

لارسۆنیش Larson (1984 : 29 ) چوار ڕەگەزی واتای جیاکردۆتەوە کەبریتین لە (شتەکان ، ڕووداوەکان ، سیفەتەکان ، پەیوەندییەکان ).

زمانەوانەکان بەپێی تیۆرەکان ڕایان جیاوازە لەسەر دەستنیشانکردنی ڕەگەزەکانی واتا، بەبۆچوونی ئێمەش ڕەگەزەکانی واتا بریتین لەو سێ ڕەگەزەی کە سێگۆشە واتاییەکەی ئۆگدن و ڕیچاردز پێکدەهێنن، چونکە واتای وشەو ڕستەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە لەوەوە هاتووە ، کە کەرەستەو دیاردەکانی سروشت و گەشەسەندنەکانیان و پەیوەندییەکانیان لەمێشکدا وێناکراوەو لەسەر دەربڕاوە دەنگییەکان و نووسراوەکان بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی بارکراوە ، هەر ئەم ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتی و

---

[1] فوزي حسن الشايب ( 1999 : 440 ) .
[2] سەرچاوەی پێشوو ، لا 445

هاوڕێیەتیەی نێوان وشەکانە وای کردووە تیۆرەکانی بەکارهێنان و باروحاڵەت ، واتا پەیوەست بکەن بەدەق و بارو حاڵەتی قسەکەوە [1] .

### 2/3/1 ) بوارەکانی واتاسازی :

مەبەستمان لەو بوارانەیە، کە واتاسازی کاری تیادا دەکات و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات، زمانەوانەکانیش ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر دیاریکردنی ئەم بوارانە ، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو ، پاڵمەر ئەم بوارانەی دیاریکردووە [2]

1. ناونان Naming
2. چەمک Concept
3. ئاماژەو ئاماژەبۆکراو Sence and refrence
4. وشە
5. ڕستە

هەندێك لەزمانەوانەکان پێیان وایە ، کە (( سیمانتیك لێکۆڵینەوەی مانای ئەو بونیادانەشی تێدایە ، کەمۆڕفێمەکان پێکەوە دەبەستێت بۆ دروستکردنی دەستەواژەو ڕستەکان ))[3] .

فایزئەدایە ( 2006 : 9 ) سێ تەوەری بۆ واتاسازی دیاریکردووە، کە ئەمانەن :

تەوەری یەکەم : پەیوەندیی نێوان ئاماژەو ئاماژەبۆکراو لەگەڵ هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و بیرەکان ( significant , signifier , reference ) .
تەوەری دووهەم : گەشەسەندنی واتاو هۆکارو یاساکانی، لەگەڵ پەیوەندییە دەقییەکان و حاڵەتەکان.
تەوەری سێهەم : پەیوەندی هەیە بەخوازەو پەیوەندییە واتاییەکانی و شێوازەکانی .
محەمەدی مەحویی بەجۆرێکی تر بوارەکانی پۆلێنکردووەو قسەکەرو دەقی تایبەتی دەوروبەری هێناوەتە کایەوە بەم شێوەیە :[4]

1. لایەنی کەرەستەیی ( دەنگ / گرافێمی ) دەربڕینە زمانییەکانە .

---

[1] بڕوانە د.نجم الدین قادر کریم ( 2006 )

[2] Palmer ( 1981 : 17 )

[3] بیرنارد کەمرێ ، ....... ( 2007 : 18 ) .

[4] محەمەدی مەحویی ـ زانستی هێما ، ... ـ ( 2009: 26- 27 ) بەرگی دووەم .

2. لایەنی دەروونی ، کە لەداڕشتنی چەمکیی و ناوەڕۆکی هۆشەکی بەشدارن .
3. شتەکان و بابەت و نیشانە و شتی دنیایی ڕاستی و ڕاستەقینە ، کەدەربڕینە زمانییەکان ، پێیانەوە پەیوەستنو بۆیان دەگەڕێنەوە .
4. قسەکەرو دەقی تایبەتی دەوروبەر ، کەدەربڕاوە زمانییەکان تیایاندا بەکاردەهێنرێن.

محەمەد یونس(2004: 12) چوار بواری بۆ واتاسازی دەستنیشانکردووە، کە ئەمانەن :

1. پێکهاتەی واتایی وشەکان و هێما زمانییەکان .
2. پەیوەندی سیمانتیکی نێوان دەربڕاوە زمانییەکان .
3. واتای تەواوی ڕستەو پەیوەندییە ڕێزمانییەکان .
4. پەیوەندی دەربڕاوە زمانییەکان بەتایبەت واتاکانیان بەڕاستی و ڕاستەقینەکانی دەرەوەی زمان.

ڕای ئێمەش لەگەڵ ئەم ڕایەدایە، بەڵام جگە لەو چوار بوارەی کەئەو دیاریکردوون ، بەو پێیەی کە فۆڕم دیوێکی پێکهاتەی زمانەو بنەمایەکی واتاو گۆڕینی واتایەو ، وەك دەوترێت فۆڕم و واتا دوو دیوی زمانن ؛ بەم پێیەش لایەنی کەرەستەییش، کە محەمەدی مەحویی (2009: 27 ) ئاماژەی پێکردووە بوارێکی تری واتاسازییە ، واتە بەڕای ئێمە ئەو بوارانەی کە واتاسازی کاری تیادا دەکات ، ئەو پێنج بوارەیە .

## 3/3/1 ) یەکەکانی واتا :

زمانەوانەکان لە دیاریکردنی بچووکترین یەکەو یەکەکانی واتا ڕای جیاوازیان هەیە، زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە بچووکترین یەکەی واتایی ( سێمێم )ە یاخود ((بچووکترین یەکە لە دروستەی سیمانتیکیدا نیشانەی واتاییە ))[1] ، بەڵام هەشیانە باس لەواتای دەنگی دەکات و پێی وایە ڕەقی و هێزی دەنگەکان واتایان هەیەو لە واتای وشەکاندا ڕەنگ دەداتەوە [2] ، هەندێك لەزمانەوانەکان وشە بەدانەی یەکهەمی یەکەی واتایی دادەنێن، ئەمانەش ڕەخنەیان لێدەگیرێت بەوەی ، کە ڕیزکردنی وشەکان و واتای ڕستەکانیان فەرامۆشکردووە، ئەوانەشی کە ڕستە بەدانەی یەکهەمی واتا دادەنێن لەسەر ئەوە ڕەخنەیان لێدەگیرێت ، کە زانستی زمانیان تێکەڵ بەزانستەکانی تر کردووە [3] .

---

(1) Mildred L. Lerson, (1374: 28)

(2) ابراهیم انیس ( 2004 : 35) .

(3) کلۆدیرحێرمان ، ڕیمۆلاند ( 2006 : 16 و 17 ) .

(جاحظ) پێنج یەکەی واتایی دەستنیشان کردووە کەئەمانەن :[1]

1. وشە .
2. ئاماژە .
3. سەرو بۆر .
4. نووسین .
5. حاڵەتی قسەکەر .

ئەحمەد موختاریش یەکەکانی واتای بەم شێوەیە دەستنیشانکردووە :[2]

1. تاکە وشە .
2. گەورەتر لە وشە ( دەستەواژە / ترکیب ) .
3. بچووکتر لەوشە ( مۆرفێمی بەند ) .
4. بچوکتر لە مۆرفێم ( تاکە دەنگ )




پەروین عوسمان یەکە واتاییەکانی بەسەر شەش یەکەدا دابەشکردووە:[3]

1. مۆرفێم .

---

(1) حازم علی كمال الدین ( 2007 : 20) .

(2) احمد مختار عمر ( 1982: 32 ) .

(3) پەروین عوسمان ( 2008 : 38 )وسەرچاوەکانی ، بۆ زانیاری لەسەر مۆدێلی کردەی پەیوەندیکردن بڕوانە محەمەدی مەحویی ، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان ( 2009 : 45 – 71 ) .

2. وشە ( وشەی فەرهەنگی و وشەی ئەرکی ) .
3. ئیدیەم ( چاوپیس ) .
4. وشەی ئالۆز ( دەخۆم ) .
5. وشەی لێکدراو ( بالآبەرز ) .
6. ڕستە ( کاوە هات ) .

لە نموونەی وشەی ئالۆزدا بەهەڵەداچووە و ( دەخۆم )ی هێناوەتەوە ، بەڵام ( دەخۆم ) مۆرفۆسینتاکسە نەك وشەی ئالۆز ، ئەمە جگە لەوەی ئاماژەدەکات بەوەی، کە واتاسازی ((لەیەك ئاستی زماندا نییە ، بەڵکو لەزۆربەی ئاستەکاندا هەیە ، تەنیا لەئاستی فۆنەتیکدا نییە ، چونکە دەنگەکان واتایان نییە))[1] ، دیسانەوە لەمەشدا بەهەڵەدا چووە ، چونکە ڕاستە دەنگەکان واتایان نییە ، بەڵام یەکێك لەبنەماکانی جیاکردنەوەی فۆنێمەکان گۆڕینی واتایە لەهەمان ژینگەو وشەدا ، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە واتا لەئاستی فۆنۆلۆژیشدا هەیە ؛ ئەمەش بەو مانایە نایەت کە ئێمە بۆ دەستنیشانکردنی یەکەکانی واتا لە فۆنێمەوە دەستنیشانبکەین و پێمان وابێت ، کە فۆنێم یەکەی واتاییە و واتا دەگەیەنێت وەك چۆن ( ابراهیم انیس ) پێی وایە ، بەڵکو دابەشکردنی ئێمە بۆ یەکە واتاییەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

1. دروستە : کە بریتییە لەفۆڕمی خراوەتەکیەکەکان combinations بەهەردوو جۆری ( دەنگ ، نووسین ) ، چونکە واتاسازی قسە لەسەر هاو دەنگ و جیاوازییان لەواتادا دەکات ، کە زۆرجار بەهۆی نووسینەوە جیادەکرێنەوە : وەك ( دەم و چاو ) بەرامبەر بە ( دەموچاو )[2] ، ( باوك و دایك ) بەرامبەر (دایکوباوك ) .
2. دروستە واتاییەکەی ناوەوە : کە لوتکەی سێگۆشەی واتایی دەگرێتەوە .
3. پێڕەو و یاسا زمانییەکان ( فۆنۆلۆژی ، مۆرفۆلۆژی ، سینتاکی ) .
4. دەوروبەر : باری دەروونی و شوێن و کات .... هتد دەگرێتەوە .

جگە لەمە لەناو دروستەشدا یەکە واتاییەکان بریتین لە :

1. سێمێم .
2. مۆڕفێم .
3. ئیدیۆم .[3]
4. ڕستە .

---

[1] پەروین عوسمان ( 2008 : 38 ) .

[2] محەمەدی مەحویی ـ زانستی هێما ... ـ ( 2009 : 43 )

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئیدیم وەك یەکەیەکی واتایی بڕوانە : ( شیلان عومەر حسێن : 2007 ، 2009) .

دابەشکردنی دروستەش بەم شێوەیەو بۆ ئەم بەشانە ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە بچووکترین یەکە سێمێمە ، کە وشەکانیان پێجیادەکرێتەوە ، هەروەها ( وشە ، وشەی داڕێژراو ، وشەی لێکدارو ، مۆرفێمە سەربەخۆو بەندەکان ، مۆڕفێمی سفر ) ئەچنە ناو مۆڕفێمەوە و >> مۆڕفێم << هایپۆنیمی هەموویانە ، هەروەها ڕستەش هایپۆنێمە بۆ (ڕستە ، مۆڕفۆ سینتاکس) هەر لەبەر ئەمە ئێمە ئەم چوار یەکەیەمان لە دروستە دا بۆ واتاسازی دەستنیشانکرد .

## 4/1 ) جۆرەکانی واتا:

ئاڵۆزی واتا و فرەلایەنی و پەیوەستبوونی بەچەند بوارێك و زانستی ترەوە ، وای کردووە، کە زمانەوانەکان و زاناکان چەندین دابەشکردنی جیاواز بۆ واتا بکەن ؛ هەندێکیان دەیکەن بە دوو جۆرەوە و هەندێکی تریان دەیکەن بەسێ جۆرەوە و تەنانەت هەیانە تا دە جۆری واتایان باسکردووە ، لەناو جۆرەکانیشدا دابەشکردنی جیاواز بۆ وەچە جۆرەکانیان کراوە .[1]

---

[1] نجم الدین قادرکریم ( 2006 ) لە ( نظریة السیاق ) دا ( واتای وتراو ، واتای مەبەست )ی دیاریکردووە ، حازم علی کمال الدین ( 2007 ) لە ( علم الدلاله المقارن )دا واتای بەسەر ( بنەرەتی ، نابنەڕەتی )دا پۆلێنکردووە ، فایز الدایە ( 2006 ) لە ( واتا و واتای مەجازی ) باسکردووە ، ابراهیم خەلیل ( 2007 ) لە ( فی اللسانیان ونحو النص ) دا باس لەوە دەکات کە ئیبن سینا جگە لەوەی واتای تاك و واتای لێکدراوی جیاکردۆتەوە ، سێ جۆر واتاشی دەستنیشانکردووە ﴿ واتای یەکسان ( ئینسان = حەیوانی ناتق ) ، واتای لەخۆ گرتن ( ئینسان حەیوانی ناتقیش لەخۆ دەگرێت یان ، واتای پێویستی ( کە وتمان کوڕ ئەبێ باوکێك و دایکێك هەبووبێت) ﴾ . ابراهیم ئەنیس ( 2004 ) چوار جۆر واتای دەستنیشانکردووە ، کە ( واتای دەنگی ، واتای مۆرفۆلۆژیی ، واتای سینتاکسی ، واتای فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە ) ، ئەحمەد موختاریش(1982) لە ( علم الدلاله )دا پێنج جۆر واتای باسکردووە ﴿ واتای بنەڕەتی ، واتای دووە ، واتای شێوازی ، واتای دەروونی ( من برادەرێکم لە دەریادا خنکابێت ، دەریا لای من واتایەکی شوومی هەیە ، واتە تاکەکەسیە ) ، واتای ئاماژەیی (کوونەپەپوو نیشانەی شوومییە – ڕێکەوتنی کۆمەڵە ) ﴾ ، . هادی نەهر ( 2008 ) لە ( علم الدلالة التطبیقي في التراث العربي )دا باس لەجۆرەکانی واتا دەکات لای زمانەوان و موفەسیرو ڕەخنەگرەکان و لەدیدی ئەمانەوە واتا بەسەر سێ جۆردا پۆلێنکراوە ( واتای فەرهەنگی ، خواستراو ، باروحاڵەت ) ، لەدیدی زاناکانی ئوسڵ و لۆژیك و فەلسەفەدا واتای دەربڕاو و واتای دەرنەبڕاو جیاکراوەتەوە ، کەهەریەکێکیان چەند جۆرێکی تری هەیە ،.محمد معروف فەتاح ( 1990 ) لە ( زمانەوانی )یەکەیدا سێ جۆر واتای باسکردووە (واتای هۆشەکی ، واتای کێشەکیەتی - کەئەمیش سێ جۆرە ( لاوەکی ، ویژدانی و شێواز ، بیرەکی و تێکەڵ) ، واتای بابەتی ) ، بێخاڵ عبداللە لە ماستەرەکەیدا ( 1989 ) واتای پۆلێنکردووە بۆ ( واتای هۆشەکی و واتای بارکراو ،واتای بابەتی ) ، ئارا علی ( 2007) لە ماستەرەکەیدا جۆرەکانی واتای بە ( واتای بنچینەیی و واتای لاوەکی ) داناوە ، ئەمە جگە لەوەی واتای لاوەکی بەپێی بۆچوونەکەی لیچ پۆلێنکردووە بۆ پێنج جۆری تر ، هەروەها سازان ڕەزا ( 2005 ) لەگەڵ ئەوەدا کەئاماژە بۆ دابەشکردنەکەی لیۆنس Lyons دەکات ، کە دە جۆر واتای باسکردووە ، خۆشی پۆلێنێکی بۆ واتاکردووە و چوار جۆر واتای دیاریکردووە ( واتای چەمکی ، واتای بارکراو ، واتای دەروونی ، واتای شاراوە) . عەبدولواحید موشیر ( 2009:86) لە ( واتاسازی ) دا حەوت جۆر واتای باسکردووە ( واتای

ئێمە لە توێژینەوەکەماندا نامانەوێت بچینە ناو هەموو ئەو دابەشکردنانەو یەکە یەکە لەبارەیانەوە بدوێین و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین ، چونکە نامانەوێت ئەم کارە بەشێکی گەورەی توێژینەوەکەمان بەرێت ، کەکاری ئێمە نییە ، ئێمە مەبەستمانە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەمان گرنگی زیاتری بدەین هەربۆیە پەپێی بۆچوونی خۆمان پۆلێنێکی تایبەتمان بۆ جۆرەکانی واتا کردووە .

لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەتوانرێت چەند پۆلێنێکی جیاجیا بۆ واتا بکرێت ، ناتوانین سنوورێکی پۆڵاین لەنێوان جۆرەکانی واتادا دیاریبکەین ، چونکە واتا بەهەموو ئەو جۆرانەی کە زمانەوانەکان باسیانکردووە ، لەمامەڵەو ئەرکدا وەکیەکن ، هەموویان لەڕێگەی دەربڕاوە زامانییەکانەوە دەگەیەنرێن و هەموویان کۆمەڵێك نیشانەی واتایین لەمێشکی ئاخێوەراندا هەڵگیراون ، بەڵام هەندێکیان گشتین و هەندێکیان تایبەتین و لای چەند نەتەوەیەك و چەند کەسێك هەیەو بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵ یاخود قسەکەر و گوێگر دادەنرێن ، هەندێکیان لە زۆر بواری ژیاندایەو بەشێکیان دەچنە بوارێکی دیاریکراوەوە ، لەبەر ئەمانەیە، کە چەند چەشنێکی واتایی پەیوەست بەگشتی و تایبەتی و بواری ژیانەوە درووستبوون ، وەکو ( واتای هۆشەکی و بابەتی و لاوەکی و بیرەکی و تێکەڵ و شێوازیی ). هەربۆیە ئێمە واتا پەیوەست بە ( هەستوسۆز ، بەکارهێنان ، کەرەستە)ەوە پۆلێن دەکەین .

بەشێوەیەکی گشتی لە زمانەوانیدا دوو جۆر واتا باسدەکرێت :

1. واتای سیمانتیکی .
2. واتای پراگماتیکی[1] ، کە بەگوێرەی باروحاڵەت واتایەکی جیاوازە لە واتای سیمانتیکی دەربڕاوەکان .

## 1/4/1 ) واتا پەیوەست بەبەکار هێنانەوە:

دانە زمانییەکان پەیوەست بەبەکارهێنانەوە یاخود لەئەنجامی بەکارهێنانەوە واتاکانیان فراواندەبێت و واتای دووهەمیان بۆ دروستدەبێت یاخود لەئەنجامی بەکارهێنانیان لەڕستەدا ئەرك و ناوەرۆکێکی نوێیان بۆ دروستدەبێت و بەکارهێنانی لەبارو حاڵەتێکی دیاریکراودا

---

فەرهەنگی ، بارکراو ، شێوازی ، دەروونی، ڕەنگدانەوە ، هاوڕێیەتی ، بابەتی ) ، عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد ( 1990: 51 – 54 ) پێنج جۆر واتای باسکردووە .

[1] بۆ زانیاری لەسەر واتای پراگماتیکی بڕوانە 1. ئاڤیستا کمال ( 2009 ) . 2. تریفە عمر ئەحمەد ( 2008 ) . 3. محەمەدیی مەحویی ـ زانستی هێما ، .. ـ ( 2009 ) بەرگی دووهەم . بۆ میتافۆڕیش بڕوانە ،بەکر عومەر عەلی ( 2000 ) .

واتای پراگماتیکی دروستدەبێت،  لەبەرئەوە ئێمە پەیوەست بەبەکارهێنانەوە ئەم پۆلێنکردنەمان کردووە ، پەیوەست بەبەکارهێنانەوە واتا ئەم جۆرانەی هەیە :

### 1/1/4/1 ) واتای فەرهەنگی :

(( بریتییە لە واتای ئەو وشانەی کە لەفەرهەنگی زمانێکی دیاریکراودا تۆماردەکرێن )) [1] ، یاخود (( واتای وشەیە بەرامبەر بە وشەکانی تر )) [2] ، واتای فەرهەنگی ئەو واتایەیە کە بەرامبەر دەربڕاوە زمانییەکان لەفەرهەنگدا تۆمار دەکرێت ، ئەمەش بەسەر سێ جۆردا دابەشدەکرێت :

1. **کرۆکە واتا** denotative meaning : بریتییە لەواتای هۆشەکی کەرەستە زمانییەکان ، کە کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتوون ، یاخود (( کرۆکەواتا ، ئەو چشتەیە ، کەسەیە ، کاروبارەیە ، ... ، کە هێما ناوی لێدەنێت ، یان بەهێما ناوی بۆ دادەنرێت ))[3]
2. **توێکڵە واتا** connotative meaning: ئەو واتا زیادانەیە، کە کەرەستە زمانییەکان لەئەنجامی بەکارهێنان و فراوانبوونی واتاییەوە، لەپاڵ کرۆکە واتادا وەریدەگرن ، (( توێکڵە واتا ئەو ئەدگارانەن، کە لەگەڵ کرۆکەواتادا دێن )) [4] ، واتای (بابەتی و شێوازی و لاوەکی و هاوڕێیەتی دەگرێتەوە ).
محەمەدی مەحویی پەیوەست بە بوونەوەرو شتەکانی دنیای ڕاستی و ڕاستەقینەوە >>کرۆکەواتا << و >> توێکڵەواتا << ی جیاکردۆتەوە[5]، بەڵام دیارە دابەشکردنی ئەو دوو جۆرە واتایە لەسەر بنەمای دنیای ڕاستی و ڕاستەقینە نییە ، بەڵکو پەیوەستە بە ، واتای بنەڕەتی و یەکهەمی لەگەڵ واتای زیادکراو یاخود بارکراوی کەرەستەکان .
3. **واتای ئیدیۆمی** : کە لەواتای دانەکانی ئیدیۆمەکەوە نەهاتووە .

### 2/1/4/1 ) واتای ڕستەیی :

**ئەمیش بەسەر سێ جۆردا پۆلێن دەکرێت:**

---

[1] پەروین عوسمان ( 2008 : 38 ).

[2] F.R.Palmer( 1981 :65 ).

[3] محەمەدیی مەحویی ( 2009 : 30 )بەرگی دووهەم  و سەرچاوەکانی .

[4] سەرچاوەی پێشوو .

[5] سەرچاوەی پێشوو ( 30و31 )

★ بۆزانیاری لەسەر چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرەستەکان لەناو ڕستەدا بەپێی نیشانە واتاییە فەرهەنگییەکان و چۆنیەتی هەڵبژاردنی کەرەستەکان بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەکان بڕوانی : ( Chomsky ( 1996: 20

1. **ئەرکی**[*] : ئەو واتایەیە، کە کەرەستە زمانییەکان بەهۆی ئەرکەکانیانەوە لە ڕستەدا وەریدەگرن، ئەمیش لە هەردوو ئاستەکەی زماندا دەبینرێت ، لە ئاستی قووڵدا ڕۆڵی بابەتییانەی کەرەستەکانە ( کارا ، کارتێکراو ، .. ) ، لە ئاستی ڕووکەشیشدا دۆخی ڕێزمانی کەرەستەکانە .

2. **باسمەندیی** [(1)] : ئەو واتایەیە ، کە لەئەنجامی تێکدانی ڕیزبوونی ئاسایی کەرەستەکانی ڕستەوە پەیدا دەبێت بۆ نموونە :

( 3 ) أ- ئازاد دەرمانەکەی خوارد . ڕستەیەکی ئاسایی

ب- دەرمانەکە ئازاد خواردی . گرنگی دراوە بە دەرمانەکە .

3. **ناوەرۆک** : ڕستە جگە لەواتای دانەکانی ، ناوەرۆکێکی هەیەو ناوەرۆکەکەش مەبەستی جیاجیا دەگەیەنێت ، ڕستەش بەگوێرەی ناوەرۆکەکەی پۆلێن دەکرێت بۆ حەوت جۆر [(2)] :

1. هەواڵی .
2. پرسیاری .
3. هەستدەربڕین .
4. وروژاندن .
5. داخوازی .
6. ڕاپەڕاندن .
7. موجامەلەکردن .

3/1/4/1 ) **واتای بارو حاڵەت** : هەموو ئەو واتا جیاوازانە دەگرێتەوە کە کەرەستە زمانییەکان لە بارو حاڵەتێکی تایبەتیدا دەیگەیەنن و جیاوازن لەواتای فەرهەنگی کەرەستەکان ، کە (قسەمەبەست و میتافۆڕ و واتای دەرنەبڕاو ) دەگرێتەوە .

## 2/4/1 ) واتا پەیوەست بە هەست و سۆزەوە :

کە باس لە زمان دەکەین باس لەدیاردەیەك دەکەین لە کۆمەڵێکدا یاخود باس لە ئامێری پەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگر دەکەین، هەریەکە لە ئەندامانی کۆمەڵ یاخود قسەکەرو گوێگر هەست و سۆزیان هەیە ، واتاش کەداینەمۆی ئەو پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی

---

(1) بۆ زانیاری لەسەر باسمەند و ڕستەی باسمەند بڕوانەکاروان عمر قادر( 2008 )

(2) بکر عمر و شێرکۆ محمد ( 2006 : 44 - 46 )

بیرانەیە ، بێگومان هەست و سۆزی تێکەڵ دەبێت و زۆرجار لەگەڵ ئەو واتایەی، کە دەربڕاوە زمانییەکان دەیگەیەنن هەست و سۆزیش دەردەبڕدرێت، جا ئەم هەست و سۆزە لەڕێگەی ئاوازی ڕستەکەوە بێت ، یاخود لەڕێی درکاندنی چەند دەربڕاوێکی زمانییەوە بێت ، وەك : (ئای ، ئاخ ، ئۆخەی ، ..... ) لەم ڕووەشەوە دەربڕاوە زمانییەکان دوو جۆر واتایان بۆ دروستدەبێت :

1. **واتای ئاسایی** : ئەمەش هەموو ئەو دەربڕاو و ڕستانە دەگرێتەوە، کە هەست و سۆزێکی تایبەتی تیادا نییەو تەنیا واتای سیمانتیکی کەرەستەکان دەگوازرێتەوە ، ئەمەش بە زۆری لە بابەتەکانی خوێندن و لێکۆڵینەوەی زانستەکاندا دەبینرێت ، وەك ( مۆرفێم بچوکترین دانەی واتاداری زمانە ) هیچ هەستێکی تیادا نییە . یاخود (نەخۆشێکی ترمان بۆ هاتووە بەناوی ئازادەوە .)
2. **واتای هەستدار** : ئەمیش سێ جۆرە :

أ. **دەربڕاو** : بریتییە لەوەی، کە قسەکەر لەپاڵ واتای سیمانتیکی کەرەستەکاندا ، دەیەوێت هەست و سۆزی خۆی لەڕێگەی هەڵبژاردنی هەندێ کەرەستەی زمانییەوە یاخود لەڕێگەی ئاوازی ڕستەکەوە بۆ بەرامبەرەکەی دەربڕێت، وەك :

( 4 ) أ ـ بەداخەوە ئازاد نەخۆشە .

ب ـ ئازاد نەخۆشە . قورسایی لەسەر ئازادەکە بێت

ب. **دەرنەبڕاو** : زۆرجار قسەکەر لەباسکردنی کەسێك یان بابەتێکدا یاخود گرنگیدان بەبابەتێکی تایبەتی و باسکردنی هەست و سۆزێکی هەیە بەرامبەر ئەو کەسە، یان ئەو بابەتە بەبێ ئەوەی بە دەربڕاوی زمانی ئاماژەی پێبکات و ئەو هەست و سۆزە دەربڕێت ، بۆ نموونە مرۆڤ کە کەسێکی خۆشبووێت بەردەوام باسی دەکات ، یاخود ئەگەر بە بابەتێك ئارام بێت و پێی خۆشبێت بەردەوام باسیدەکات .

ت. **واتای وروژاندن** : هەندێکجار قسەکەر لەئاخاوتندا ، بەبێ ئەوەی هەستو سۆزی خۆی دەربڕێت ، بەهۆی باسکردنی کەسێك یان بابەت و شتێکەوە لەلای یەکێك کە پەیوەندییەکی دەروونی لەگەل ئەو بابەتەدا هەبێت ، هەستی گوێگر دەوروژێنێت و وادەکات گوێگر کاردانەوەیەکی بەرامبەر قسەکانی هەبێت ، بۆ نموونە کاتێك دووکەس پەیوەندیان باش نییە بچیت لای یەکێکیان هەواڵی ئەویتریان باسبکەیت بەباش یاخود بەخراپ کاریگەری لەسەر دەبێت و کاردانەوەی بۆ قسەکانت دەبێت .

3/4/1 ) **واتا پەیوەست بەکەرەستەوە :**

1/3/4/1 ) **واتای وشە** : بریتییە لە چەمكێك / كۆزانیارییەك ، دەربارەی شتێك یان دیاردەیەك، كە لەڕێی پەیوەندییەكی لەخۆوەییەوە هێمایەكی زمانی دەیگەیەنێت ؛ واتە وشەكان یاخود مۆڕفێمە سەربەخۆكان ئەو واتایەی دەیگەیەنن ، چەمكێك یاخود كۆمەڵێك زانیارییە دەربارەی شتەكان و دیاردەكان و جۆرو خاسیەتەكانیان .

ئەحمەد موختار واتای وشەكانی بەسەر چوار جۆردا دابەشكردووە [1] ، ئێمە ئەو چوار جۆرە دەكەین بەسێ جۆرەوە بەم شێوەیە :

1. ناو : ئەمیش دوو چەشنە :

ا . ئەو ناوانەی، كە واتایەكی گشتیان هەیەو ناون بەرامبەر كۆمەڵێك یان ژمارەیەكی زۆری كەرەستە ، وەك ( پیاو ، مرۆڤ ، ژن ، كوڕ ، ..... ) .

ب. ئەو ناوانەی، كە خودین و تایبەتن و تەنیا كەسێك یان شتێك دەگرێتەوە ، وەك ( ئازاد ، نەوزاد ، سلێمانی ، هەولێر ، .... ) .

2. هەندێك وشە واتای خاسیەت و تایبەتێتی و چۆنایەتی و چەندایەتی دەگەیەنن ، وەك : ( ئاوەڵناوەكان ، ئاوەڵكردارەكان ) .

3. ئەو وشانەی، كە واتای ڕووداو و كار دەگەیەنن ، وەك : (كردن، خواردن ، ڕۆشتن ، .. ).

2/3/5/1 ) **واتای لەهەناودابوون** :

هەندێك لەكەرەستەزمانییەكان ڕاستەوخۆ خۆیان واتا ناگەیەنن تا نەچنە پاڵ مۆڕفێم و كەرەستەی تر ، واتە واتاهەڵگرن و كاتێك لەگەڵ وشەكان بەكاردەهێنرێن و وشەكان بەیەكەوە دەبەستنەوە واتاكانیان دەردەكەوێت ، ئەوانیش ( مۆڕفێمە بەندەكان ، مۆڕفێمی سفر ، هێز و ئاوازە )ن .

3/3/4/1 ) **واتای ڕستە** : بەو پێیەی، كە لەڕستەدا ، جگە لە واتای فەرهەنگی وشەكان ، پێڕەو و ڕیزبوونەكانیش ڕۆڵیان لەڕووی واتاییەوە هەیەو واتایەكی فراوانتر دەدەن بەڕستە ( بڕوانە واتای ڕستەیی 2/1/5/1 )، كەواتە واتای ڕستە بریتییە لەو بیرەی، كە لەواتای فەرهەنگی پێكهاتەكان و پەیوەندییە سینتاكسییەكانەوە دروستدەبێت و دەبێتە (واتاو ناوەڕۆك و مەبەست) ، بۆ نموونە ڕستەیەكی وەك :

( 5 ) سەدام حسێنی سەرۆكی عێراق دەستگیركرا .

واتا ( سەدام حسێنی سەرۆكی عێراق دەستگیركرا )

---

[1] احمد مختار عمر ( 1982 : 19 )

ناوەڕۆك ( جەنگی عێراق – ئەمریكا كۆتایی پێهات )

بەگوێرەی بارە جیاوازەكان دەكرێت چەندین مەبەستیی جیاوازیشی هەبێت :

لەدیدی كوردێكەوە ( سەركردە خوێنمژەكەی دژی كورد دەستگیركرا )

لەدیدی وڵاتانی عەرەبییەوە ( سەركردەیەكی نەتەوەییان دەستگیركرا )

لە لای ئەمریكییەك ( لایەنی بەرامبەر لەشەڕدا دەستگیركرا )

بۆ كەسێكی بێلایەن و ئاسایی ( هەواڵی گیرانی كەسێكە ) ....... هتد

سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو( 2009 : 284 - 286) پێنج جۆر واتای ڕستەی دیاریكردووە بەم شێوەیە:

أ. واتای دەنگی ( ئاوازی ڕستە ) .

ب. واتای ڕێزمانی ( بكەر ، بەركار ، .. ) .

ت. واتای كردارەكی ( پڕاگماتیكی ) .

پ. واتای كۆمەڵایەتی ( هەڵبژاردنی ڕستە پەیپێی پلەو پایەی كۆمەڵایەتی ) .

ج. واتا هەڵگری ( فەلسەفی ) ( ڕاستی و ڕاستەقینەیی ڕستەكان ) .

4/3/4/1 ) **واتای دەق**[1] : ئەو واتایەی لە دەقێكدا دەردەبڕدرێت ، واتایەكی فراوانترە و زۆرجار ڕوونتر دەبێت لەو واتایەی كە وشەو ڕستەكان بەتەنیا دەریدەبڕن ، بەتایبەتی واتای پڕاگماتیكی ، چونكە زۆرجار ئەگەر واتای ڕستە بە ڕستەی دەقێك بەجیا لەیەكبدەینەوە ، ڕەنگە بەئاسانی لەمەبەست و واتای پڕاگماتیكی ڕستەكان تێنەگەین ، بەڵام كاتێك تەواوی دەقەكە بەیەكەوە لێكبدەینەوە ، مەبەست و واتا پڕاگماتیكییەكەی ڕوونتردەردەكەوێت .

## 5/1 ) تیۆرەواتاییەكان :

پەیوەست بەشرۆڤەكردن و پەیوەندی نێوان وشە یاخود هێما زمانییەكان و واتا ، هێمای زمانی و شتێك یان بوونێكی فیزیكی لە دنیای دەرەوەدا ، واتاو ئەو بوونە فیزیكییە ، گەلێك تیۆری جیاجیا لەمێژووی زمانەوانیدا پێشكەشكراون [2] ، ئێمە لە توێژینەوەكەماندا ئاماژە بە چوار لەو تیۆریانە دەكەین :

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : نجم الدین قادر كریم ( 2006 )

(2) بڕوانە 1. محمد محمد یونس علی ( 2004: 17 - 36 ) و ( 2007 : 90 – 125 ) شەش تیۆری واتایی باسكردووە . 2..فوزی حسن شایب ( 1999 ) تیۆرە واتاییە فەلسەفیەكان و تیۆرەواتاییە زمانییەكانی جیاكردۆتەوە . 3. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ( 2009 : 189 – 208 ) دە تیۆری واتاییان باسكردووە .

1/5/1 ) **تیۆری سێگۆشەی واتایی** : ئۆگدن و ڕیچاردز لەکتێبەکەیاندا ( واتای واتا ) کە لە سالی ( 1923 ) دا بلاویانکردەوە ، سێگۆشەیەکیان بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان وشەو واتاو دنیای دەرەوە داناو بووە تیۆری سێگۆشەی واتایی ، هەرچەندە پێشتر فارابی ( 870 - 950) لە کتێبی ( احصا ء علوم ) دا سێگۆشەیەکی سەرەوخواری بۆ ئەو پەیوەندییە خستۆتەڕوو ، بەلام ئەوەی ئۆگدن و ڕیچاردز ( 1923 ) ناوبانگی زیاتری پەیدا کردو بووە تیۆری[1] .




**ئەدگارەکانی ئەم تیۆرییە** [2]:

1. پەیوەندی نێوان هێماو بوونی فیزیکی دەرەوە واتە شت لەدنیای دەرەوەدا ( A-C ) پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ و دەستووربەدەرە .
2. پەیوەندی نێوان هێما و واتا ( A-B ) ، واتاو شت ( B-C ) پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە ، بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان ( A-B ) ، وەك پەیوەندیی نێوان دوو ڕووی شتێك وان هەردووك یەکتر دەنوێنن .
3. وشە لەم تیۆرەدا پەیوەستە بەئەرکێکی هێماییەوە ، هەرچی واتایە پەیوەستە بە هزرەوە.

ئەوەی ئێمە دەمانەێت قسەی لەسەر بکەین لەم تیۆرەدا ، ئەدگاری دووهەمی ئەم تیۆرەیە، چونکە هەرکام لە زمانەوانەکان، کە باسی ئەم تیۆرەیان کردبێت و قسەیان لەسەر پەیوەندیی نێوان وشەو واتا یاخود هێماو واتا کردبێت ، پەیوەندییەکەیان بە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ داناوە ، بەلام بەڕای ئێمە پەیوەندی نێوان هێمازمانییەکان و واتاکانیان/ چەمکەکانیان (A-B) پەیوەندییەکی لەخۆوەیی و دەستووربەدەرە ، وەك چۆن پەیوەندیی نێوان هێما و شت ( A-C) پەیوەندییەکی لەخۆوەییە و بەپێی ڕێککەوتنێکی کۆمەلایەتی هێماکان بەرامبەر بەشتەکانی دەرەوە دانراون ، بەهەمان شێوەش بارکردنی واتاو چەمك لەسەر هێما

---

[1] سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ( 2009: 193 ) ، بۆزانیاری زیاتر لەسەر هێما و هێمالۆژی بڕوانە محەمەدی مەحویی - زانستی هێما ، ... - (2009 ) بەرگی یەکەم .

[2] سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ( 2009 : 194 ) .

زمانییەکان بەپێی ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە ، چونکە دەربڕینی هێمایەکی زمانی لەناو تێکستێکدا هەموو ئەو تویکڵەواتاو کرۆکەواتایانە ناگەیەنێت، کەبەرامبەری لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە ، تەنانەت مەرج نییە لەو کاتەدا ئەو واتایانە هەربەخەیاڵی قسەکەرو گوێگریشدا بێن ، لەکاتێکدا ئەگەر ڕاستەوخۆ بووایە دەبوو هەموو واتاکان بگەیەنێت ، ئەمە جگەلەوەی بوونی وشە هاوواتاکان دیسانەوە ناڕاستەوخۆیی ئەو پەیوەندییە دەسەلمێنێت ، ئەگەر پەیوەندییەکە ڕاستەوخۆ بووایە ، دەبوایە لەهەموو زارو شێوە زارەکان تەنانەت زمانەکانیش بەرامبەر بەچەمك و بیر و واتایەك یەك وشە یان هێمایەکی زمانی هەبووایە ، ئاشکرایە کە وانییە و زۆرجار لەیەك زمانیشدا وشەیەك دەمرێت و وشەیەکی نوێ یاخود خواستراو جێگەی دەگرێتەوە و بۆ ئەو چەمك و واتایە بەکاردەهێنرێت ، بەواتا ئەگەر پەیوەندییەکە ڕاستەوخۆ بووایە ، چۆن دەتوانرا وشەیەك یاخود هێمایەکی جیاواز، ئەو واتایە بگەیەنێت .

2/5/1 ) **تیۆری کێڵگە واتاییەکان :**

سەرەتای ئەم تیۆرییە ، کە ئێمە کردوومانە بە بنەمای لێکۆڵینەوەکەی خۆمان ، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەو لەبیرو ڕایەکانی کیگلەر و هومبۆڵت ( 1836 ) و هێردەر ( 1772 )باس لە کێڵگەی واتایی کراوە[1] ، بەڵام وەکو تیۆرییەك کە ڕێگەی خۆی گرتبێت لەشاکارەکەری سۆسێر (زمانەوانیی گشتی)یەوە، کە ساڵی ( 1916 ) بڵاوکراوەتەوە ، دەستپێدەکات [2]، بەپێی ئەم تیۆرییە هێما زمانییەکان و وشەکان هەڕەمەکی و پەرت و بڵاونین، بەڵکو بەشێوەی جیاجیا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو لە ژێر چەند چەترێکدا کۆبوونەتەوە ، بەها و واتای هەر وشەیەك ، لەشوێنی لەناو ئەو کۆمەڵە وشەیە و پەیوەندی بە وشەکانی دەوروبەرییەوە هاتووە .

**بنەماکانی ئەم تیۆرییە**

ئەحمەد موختار چوار بنەمای ئەم تیۆرییەی دیاری کردووە [3]:

1. هیچ وشەیەك نییە بچێتە ناو دوو کێڵگەوە ، واتە هەر وشەیەك لە ناو یەك کێڵگەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .
2. هیچ وشەیەك نییە سەر بە کێڵگەیەکی واتایی نەبێت .

---

(1) سەلام ناوخۆش و نەریما خۆشناو ( 2009 : 202 ) .

(2) هۆگر مەحموود فەرەج ( 1993 : 25 ) .

(3) احمد مختار عمر ( ب.د.ت: 180 )

3. نابێت بارو حاڵەتی وشە فەرامۆشبکرێت .
4. لێکۆڵینەوە لە وشە بەتەنهاو دوور لە دروستەی سینتاکس ناکرێت .

**لایەنە باشەکانی ئەم تیۆرییە**

سەلام ناوخۆش چوار لایەنی باشەی ئەم تیۆرییە ، کە زمانەوانەکان ئاماژەیان پێداوە ، خستۆتەڕوو[1] :

1. بنەمایەکی گرنگە بۆ دروستکردنی فەرهەنگ لە بواری کێڵگە واتاییەکانەوە .
2. ئەم تیۆرییە زۆر بە سوودە لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری نێوان دوو زماندا .
3. گرنگییەکی زۆری هەیە لە لێکۆڵینەوەی سیمانتیکی وەسفی ( پەسنی ) و بەکارهێنانەکانی .
4. ناسنامەی وشە یان واتای وشە تەواو دەردەخات .

**کەموکورتی و لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەم تیۆرییە**

ئاشکرایە، کە هەر تیۆرییەك لەگەڵ لایەنە باشەکانیدا ، هەندێك کەلێن و کەموکورتیشی دەبێت، زمانەوانەکانیش چەند کەلێنێکی تیۆری کێڵگە واتاییەکانیان دەستنیشانکردووە و سەلام ناوخۆش ئاماژە بەسێ لەو کەلێنانە دەکات[2] :

1. بەپێی ئەم تیۆرییە هەر وشەیەك دەبێت لەیەك کێڵگەدا ببێتە ئەندام ، بەڵام زۆرجار وشە لە کێڵگەیەك زیاتردا دەبێتە ئەندام ، بۆ نموونە ( دەست ، پێ ) ئەندامن لەکێڵگەی واتایی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، لە هەمانکاتدا دەچنە کێڵگەی ئامێرەکانەوە ( بەپێ ڕۆشتم ، بەدەست گرتم ، ... ) یاخود مێشك ئەندامی کێڵگەی ئەندامەکانی لەشە، دەشچێتە ناو کێڵگەی ئەو کەرەستانەی شتیان تیادا هەڵدەگیرێ (خەزندەکرێ ) ، ( مێشك ، میمۆری ، سیدی ، فلۆپی ، هاردیسك ، کاسێت ، ..... ) .
2. پۆلێنکردنی دەوروبەر و دانانی هێما بەرامبەریان یەکێکی ترە لە کەلێنەکانی ئەم تیۆرییە * ، بەپێی ئەم تیۆرییە هەر زمانەو بە ئارەزووی خۆی دەوروبەرەکەی پۆلێندەکات، ئەم پۆلێنەش پێشبینی لێناکرێت ، ئەگەر کێڵگەواتاییەکان پۆلێنکردن و

---

[1] سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ( 2009 : 203 ).

[2] سەرچاوەی پێشوو لا ( 205 ) .

* هۆگر مەحموود فەرەج ( 1993 : 39 ) باسی ئەم کەلێنەی کردووە .

ڕەنگدانەوەی دەوروبەرن، بۆچی هەموو زمانەکان وەکیەك پۆلێنیان نەکردوون ، لەکاتێکدا دیاردەکان لە سروشتدا وەکو یەکن ، وەك لە دابەشکردنی ڕەنگەکان یان کەشوهەوادا دەیبینین :

( 6 ) أ ـ لەزمانی کوردیدا — ب ـ لە زمانی ئینگلیزیدا

| أ ـ لەزمانی کوردیدا | ب ـ لە زمانی ئینگلیزیدا |
| --- | --- |
| سارد | cold |
| فینك | cood |
| —— | hoot |
| گەرم | hot |

دەبینین لە زمانی کوردیدا بۆ کەشوهەوا نیمچە گەرممان نییەو لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە ، بەڵام بۆ پلەی گەرمی ئاو شلەتێنمان هەیە ، کە نیمچە گەرمەو بۆ نیمچە سارد نیمانە ، دیارە ئەم دابەشکردن و بەراوردە لە دیاردەیەکەوە بۆ دیاردەیەکی تر لە زمانەکاندا جیاوازە ، بەواتای ئەوەی ئەگەر زمانێك لە دیاردەیەکدا وشەی تەواوی بەرامبەر بە هەموو بەشەکانی دیاردەیەك نەبێت ، مەرج نییە لە هەموو دیاردەکانی تردا وابێت ، بەڵکو لەوانەیە لەدیاردەیەکی تردا کەرەستەی زیاتری هەبێت ، بۆنموونە لە زمانی کوردیدا گەلێك وشەمان هەیە بەرامبەر بە جۆرە جیاوازەکانی ترێ ( سپیکە ، سادانی ، سەرقووڵە ، گونکە ، تایەفی ، کشمیشی ، ڕەشمیری ، کاژاو ، بۆڵمازوو ، ترێی ڕەش ، ..) ، بەڵام بۆ جۆرە جیاوازەکانی پرتەقاڵ وشەمان نییە .

3. تێکچرژان و دیاریکردنی سنووری نێوان ئەندامەکانی ناو کێڵگە واتاییەکان . (هۆگر مەحموود)، جگەلەوەی باسی ئەم کەلێنەی کردووە ، سێ کەلێنی تریشی باسکردووە کە ئەمانەن[1] :

1. ڕێبازی کێڵگە واتاییەکان نەیتوانیوە کەرەستەی لێکدراو ئاڵۆزو ئیدیەم هەموویان لێکبداتەوە .
2. ڕاستە واتای وشە بەهۆی وشەکانی دەوروبەریەوە ڕووندەبێتەوە ، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەمیشە ناچارنابین واتای وشەیەك بەهۆی وشەکانی دەوروبەریەوە لێکبدەینەوە .
3. کێڵگە وتاییەکان ناتوانن پەیوەندی دوو وشە لێکبدەنەوە ، کە هاوواتا دەبن و هەمان ناوچەی بیریی لە کێڵگەیەکی واتایدا دەگرن .

---

[1] هۆگر مەحموود فەرەج ( 1993 : 38 – 39 ) .

## 3/5/1 ) تیۆری واتالێکدانەوە / سیمانتیکی لێکدەرەوەیی

(( <<لێکدەرەوەیی << زاراوەیەکە ، کەلە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا ئاماژە بەجۆر و شێوەی پەیوەندیی نێوان " ئاستەکانی دارِشتن و نواندن " دەدات ))[1] ، ئەم تیۆرییە هەوڵدەدات لەڕێگەی دارِشتنی سینتاکسییەوە ، واتا هەڵبگوازێت و لێکبداتەوە ، واتە سینتاکس دەبێتە بنەما (( لە standard theory ی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا " دەرکردەی دروستە سینتاکسییەکان " لەو ڕێیەوە لێکدەدرێنەوە، کە یاساکانی سیمانتیك دارِشتەی سیمانتیکی و یاساکانی فۆنۆلۆژی دارِشتەی فۆنەتیکییان بۆ دادەنێت و لەمانیشەوە واتاو دەربرِین هەڵدەگوازرێن ))[2] .

لە fodor \ katz ( 1963 ؛ 213 )[3] دەبینرێت، کە دارِشتنی سیمانتیکی << سیمانتیکی لێکدەرەوەیی << لەسەر سێ گریمانەی کار وەستاوە :

أ. دەتوانرێت هەموو واتای دەربرِاوە زمانییەکان لەڕێگەی نیشانە واتاییەکانەوە پەسەند بکرێت .

ب. دروستە قووڵە سینتاکسییەکە، هەموو ئەو زانیارییە سیمانتیکییە – سینتاکسییانە دەدات، کە بۆ لێکدانەوە واتایەکە پێویستن .

ت. گواستنەوەکانی نێوان دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەش کاریگەرییان لەسەر واتا نییە .

تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی لە دوو پێکهاتە پێکهاتووە کە ئەوانیش >> فەرهەنگ << و >> یاساکانی پرۆژەسازدان << ن ، فەرهەنگیش زانیاری سینتاکسی و سیمانتیکی دەدات و ئەم تۆمارکردنە فەرهەنگییانەش دەهێنرێتە ناو دروستەی قووڵی سینتاکسەوە، بۆ نموونە ئەگەر لێکسیمێکی فرەواتامان هەبوو ، ئەوا بەگوێرەی ئەوە ڕستەکە چەند خوێندنەوەیەکی واتایی جۆراوجۆری دەبێت، ئەو خوێندنەوە واتاییانەی کە ئەگەری بوونیان هەیە لەڕێگەی >> یاساکانی پرۆژەسازدانەوە << ڕەنگرِێژییان بۆ دەکرێت[4] .

---

(1) محەمەدی مەحویی ( 2006 ؛ 3 ) .

(2) سەرچاوەی پێشوو .

(3) سەرچاوەی پێشوو لا 4

(4) سەرچاوەی پێشوو ، لا 4 – 5 .

ئەم تیۆرییە، کە لەساڵی ( 1965 ) لە چوارچێوەی ( standard theory )چۆمسکییەوە هێنراوەتە ئاراوە ، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە (( پێکهاتەی سیمانتیك تەنها خەسڵەت و ئاکاری لێکدەرەوەیی هەیە، کە دروستەی قووڵ تەنها تێکردەیەکە بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕێزمان ))[1] .

سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ( 2009 : 205 ) دەنووسن "ئەم تیۆرییە لەسەر بنەمای پەیوەندی و دەرفەتی سیمانتیکی لە وشە دەدوێت" تویژینەوەش لە وشە لەسێ تەوەرەوە دەبێت[2] :

1. لێکدانەوەی وشەکانی ناو کێڵگە واتاییەکان .
2. شرۆڤەکردنی وشەکانی نێو پەیوەندییە واتاییەکان .
3. شیکردنەوەی واتای وشەیەك لەسەر بنەمای پێکهێنەرەکانی وشە یان ڕەگەزەکانی وشە، لەسەر سێ بنەماش شیکردنەوەی واتایی دەکەین :

أ. پێکهێنەری ڕستەسازی ( بکەر ، بەرکار ، .... ).
ب. پێکهێنەری واتاسازی semantic companent .
ت. جیاکەرەوە یان ڕوونکردنەوەی واتایی .

ئەو ڕەخنەیەی لە سیمانتیکی لێکدەرەوەیی دەگیرێت ئەوەیە، کە نەیتوانیوە زانیاری تەواومان پێبدات لەسەر یاسا و بنەماکانی ( پرنسیپەکانی ) شیکردنەوە سیمانتیکییەکان [3] .

### 4/5/1 ) سیمانتیکی بەرهەمهێنەریی:

بەپێی ئەم تیۆرییە سیمانتیك دەبێتە بناغە بۆ دروستەی سینتاکسی ، پێکهاتەی سیمانتیکی ڕێزمانێکە، کە وەك بناغەی بەرهەمهێنان ، دەتوانرێت لێیەوە دروستەی سینتاکسی هەڵبگوازرێت ، بیری ئەم قوتابخانەیە << قوتابخانەی سیمانتیکی بەرهەمهێنان<< لەناو >> تیۆری زانستی زمانی بەرهەمهێنان << لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا زمانەوانە ئەمریکییەکان بوون .... [4].

---

(1) محەمەدیی مەحویی ( 2006 : 5 ) .

(2) سەلام ناوخۆش نەریمان خۆشناو ( 2009 : 205 ) و سەرچاوەکانیان .

(3) Julia . S. Falk , ( 1384 : 269 )

(4) محەمەدیی مەحویی ( 2006 : 6 ) .

بەپێی ئەم تیۆرییە (( لە شیکردنەوەدا، لە " داڕشتەی سیمانتیکی ڕستەیەك "ەوە دەستپێدەکرێت و ئەم ئاستە گشت ئەوەیە ، کە بۆ دیاریکردنی ئەو مەرجانە پێویستە، کە دروستەی ڕووکەشی فۆڕمدروست بەرهەمدەهێنێت ، یاسا سینتاکسییەکانی دوای ئەم بەتەنها لێکدەرەوەن و ئاستێك نییە لەنێوانیاندا ))[1] .

بەم پێیەش ئەم کارکردنەی تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێنەری (( بەپێچەوانەی داواکارییەکەی چۆمسکییەوە ، کە ( standard theory ) دا دەڵێت : پێویستە ئاستێکی قووڵی دروستەی سینتاکسی و ئاستێکی شیکردنەوەی سیمانتیکیش هەبێت ))[2] .

سیمانتیکی بەرهەمهێنەری ، کە لەدوای سیمانتیکی شیکەرەوەیی و لە چوارچێوەی تیۆرەکەی چۆمسکییەوە هاتەکایەوە ، هەندێك زمانەوان بە جێگرەوەی سیمانتیکی شیکەرەوەیی دەزانن (( سیمانتیکی بەرهەمهێنەریی جێگرەوەی سیمانتیکی شیکەرەوەییە ))[3] .

سیمانتیکی بەرهەمهێنەری ڕاستەوخۆ هەوڵدەدات بۆ واتا نەك لە ڕێگەی سینتاکسەوە ، هەروەها لە سیمانتیکی بەرهەمهێنەرییدا ، ڕێزمانی شیکەرەوەیی ( وەسفی ) لە دروستەی قووڵەوە ، کە پێکدێت لە پێکەوە گرێدانی سیما واتاییەکان و پەیوەندییە واتاییەکان و بەکارهێنانەکان و گریمانەکان ، دەستپێدەکات ، کەبابەتن بۆ زیادکراوە فەرهەنگییەکان و گواستنەوە ، بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی ڕووکەش، کە دواتر یاسا فۆنۆلۆژییەکانی بەسەردا جێبەجێ دەبێت [4]. بەپێی ئەم تیۆرییە لە سیمانتیکی بەرهەمهێنەری زمانێکدا هەموو واتاکان لە دروستەی قووڵدا هەن، ـ کە هەندێکجار پێی دەگوترێت دروستەی لۆژیکی بۆ جیاکردنەوەی لە دروستەی قووڵی سینتاکسی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی ـ[5] .

بۆ جیاکردنەوەی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی و سیمانتیکی بەرهەمهێنەریی ئەم دوو ڕستەیە دەهێنینەوە :

( 7 ) أ ـ نەوزاد ئازادی کوشت .

ب ـ نەوزاد بووە هۆی مردنی ئازاد .

ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی فۆڕم و دروستەوە جیاوازن ، لەڕووی کەرەستەوە ، لە ڕستەی ( 7 ـ أ )دا تەنها وشەی ( کوشت ) و لە ڕستەی ( 7 ـ ب )دا گرێی ( بووە هۆی مردنی ) تیادا بەکار هاتووە ، ئەمە جگە لەوەی ڕیزبوونەکەشیان جیاوازە ، بەڵام لەڕووی واتاوە دەکرێت بڵێین تاڕادەیەك وەکیەکن ، لە سیمانتیکی لێکدەرەوەییدا ، یاساکانی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی

---

[1](1) محەمەدیی مەحویی ( 2006 : 6 )

[2] سەرچاوەی پێشوو .

[3] Julia S. Falk ( 1384 : 269 )

[4] سەرچاوەی پێشوو .

[5] سەرچاوەی پێشوو .

دەتوانرێت بە شێوەیەك دابڕێژرێن ، کە هەمان لێکدانەوەمان پێبدات بۆ ( کوشت ، بووە هۆی مردنی ) ، بەڵام لە سیمانتیکی بەرهەمهێنەرییدا بەو شێوەیە لێکدەدرێتەوە ، کە ئەم دوو ڕستەیە یەك دروستەی قووڵی سیمانتیکییان هەیە ، چونکە لە ئاستی قووڵی سیمانتیکی بەرهەمهێنەرییدا هیچ زانیارییەکی سینتاکسی نییە [1] .

بێگومان ئەم تیۆرییەش بێ کەلێن نییە ژولیا دەنووسێت : (( یەکێك لەلایەنە قورسەکانی تیۆری بەرهەمهێنان سەرنەکەوتنییەتی لەوەدا ، کە نەیتوانیووە زانیارییەکی تەواومان پێبدات ، کە چۆن دروستەی قووڵی سیمانتیکی دەگۆڕێت بۆ دروستەی سینتاکسی )) [2] .

## 1/ 6 ) کێڵگەی واتایی semantic filds :

### 1/6/1 ) کێڵگەی واتایی :

کێڵگەی واتایی لە ڕۆنانکارەکانەوە سەریهەڵدا ، بەمەبەستی پۆلێنکردنی وشەکان و ڕوونکردنەووەی واتای وشەکان، بەپێی ئەو شوێنەی لەناو کێڵگەیەکدا دەیگرن بەبەراورد لەگەڵ وشەکانی هاوڕێیدا ، بەم شێوەیە پێناسە کراوە (( کێڵگەی واتایی یاخود کێڵگەی فەرهەنگی بریتییە لە کۆمەڵێك وشە / دەربڕاو کە لەواتایەکی گشتیدا هاوبەشن و لەژێر وشەیەکدا دابەشدەبن ، کە ئەو واتا گشتییە دەنوێنێت )) [3] ، یاخود (( بـــواری واتـــایـــی ﴿ مەبەستی کێڵگەی واتاییە ﴾ ئەو کۆمەڵە وشەیە دەگرێتەوە، کە بەهەموویان بوارێکی بیریی دەگرنەوە وپەیوەندییەکی واتایی ئاشکرا لە نێوانیاندا هەیە ))[4] .

هەندێك زمانەوان لە بواری بەراوردیشدا کێڵگەی واتایی بەکاردەهێنن، کە بریتییە لە وشە هاوبەشەکانی نێوان زمانەکان و دۆزینەوەی وشە بنەڕەتییەکانی ناو خێزانە زمانییەکان [5].

### 2/6/1 ) بنەماو تایبەتمەندییەکانی کێڵگەی واتایی

ئێمە لە تیۆری کێڵگە واتاییەکاندا ئاماژەمان بە بنەماکانی ئەو تیۆرییە دا ( بڕوانە 2/6/1 ) هۆگر مەحموود فەرەج، شەش بنەماوتایبەتی کێڵگەی واتایی ( کە زاراوەی >> بواری واتایی<< بۆ بەکاردەهێنێت ) دیاریکردووە ، بەم شێوەیە [1] :

---

[1] Julia S. Falk ,(1384:368-369)

[2] سەرچاوەی پێشوو . لا 269 .

[3] حازم علی کمالدین ( 2007 : 70 ) .

[4] هۆگر مەحموود فەرەج ( 19 : 5 ) .

[5] حازم علی کمالدین ( 2007 : 70 ) .

1. وشەکانی زمان وەکو ئاستەکانی تری زمان خاوەنی بونیاد / ڕۆنانێکی ڕێکو پێکی خۆیانن .
2. واتاو بەهای وشەکان لەو پەیوەندییەوە دێت، کە وشەکانی ناو کێڵگەیەك پەیدایدەکەن .
3. دوو جۆر وشە لە زماندا جیادەکرێتەوە ، ئەو وشانەی واتا هەڵدەگرن ، وەك ( پیاو ، دار ، سارد ، .... ) ، ئەو وشانەی پەیوەندیی ڕێزمانی پیشاندەدەن ، وەك ( بەڵام ، تەنانەت ، لە ، بە ، .... ) .
4. کێڵگە واتاییەکان جگە لەوەی بەهۆی وشەی هاوبەشەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە ، هەندێك کێڵگە هەڵکەوتنی واتاییش بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە ، بۆ نموونە کێڵگەی پیشە ( مامۆستا ، فەرمانبەر ، پزیشك ، ڕەزەوان ، ... ) ، کێڵگەی فێرکردن (فێرکردن ، ڕاهێنان ، .. ) ، کێڵگەی ڕابواردن ( یاریکردن ، ڕاکردن ، ..) هەموویان دەتوانن بەیەکەوە کێڵگەی واتایی " چالاکی " پێکبهێنن .
5. هەتا کێڵگەی واتایی تەسکتر بێت ، واتە وشەکانی ناو کێڵگەکە یاخود بوارێك لە ژمارەدا کەمتربن ، ئاخێوەرانی زمانەکە زیاتر لەسەر سنووری واتایی وشەکان و کێڵگەکە ڕێکدەکەون و سنووری واتای دانەکانی کێڵگەکە فراوانتر دەبێت ، ڕێککەوتن لەسەر ڕەنگەکانی (سپی ، ڕەش ، سوور ،.. ) زیاترو ئاسانترە لەچاو ڕەنگەکانی ( شەکەری ، پیازی ، شیری ، هەناری ، جەرگی ، ترشاتی ، مارۆنی ،..) ، ئەو زمانەی ڕەنگەکانی بە ژمارەیەك وشەی کەم بگەیەنێت ، سنووری واتای هەر وشەیەك زیاتر دەبێت لەچاو ئەو زمانانەی، کە بەژمارەیەك وشەی زۆر گەیاندوویەتی .
6. کێڵگە واتاییەکان پەیوەندی تەواو ئاشکراو سنووردارخراو ، بەڕادەی دیاردە ڕێزمانی و فۆنۆلۆژییەکان نادەن بەدەستەوە .

بەڵام د. نادیە بەپێی بۆچوونی خۆی و زمانەوانەکان دە بنەمای بۆ ئەم تیۆرییە دەستنیشانکردووە:[2]

1. دەتوانرێت وشەکانی هەر زمانێك دابەشبکرێت بەسەر چەند کێڵگەیەکی واتاییدا ، هەر کێڵگەیەك بوارێکی واتایی یاخود بوارێکی ژیان دەنوێنێت .
2. وشەکان لەناو کێڵگەی واتاییدا بڵاونین ، بەڵکو لەڕێگەی پەیوەندییە ئاسۆیی و ستوونییەکانەوە پەیوەستن بەیەکەوە .

---

(1) هۆگر مەحموود فەرەج ( 1993 : 11 – 14 ) .

(2) د. نادية رمضان النجار ( 2006 : 135 – 137 ) .

3. بەهای واتای وشەیەك لە ڕێگای لێكۆڵینەوەی لەناو كۆمەڵە وشەیەك و پەیوەندییە سیمانتیكییەكانەوە ، دیاریدەكرێت .
4. هیچ وشەیەك نییە نەچێتە ناو كێڵگەیەكی دیاریكراوەوە و هیچ وشەیەكیش نییە لە چەند كێڵگەیەكدا ببێتە ئەندام ( لە 2/6/1 )دا ئاماژەمان بەوەدا، كەئەمە یەكێكە لە كەلێنەكانی ئەم تیۆرییە ) .
5. نابێت ئەو بارەی كە وشەكەی تیایە فەرامۆشبكرێت .
6. ئەستەمە لێكۆڵینەوە لە وشەكانی زمانێك بكەین دوور لە دروستەی سینتاكسی .
7. یەكەی واتایی لەناو كێڵگەی واتاییدا وشەیە .
8. دەتوانین لە ڕێگەی شیكردنەوەی واتاییەوە ، دەستنیشانی ئەو كێڵگەیە بكەین كە وشەیەكی تیایە ، لەگەڵ ڕوونكردنەوەی پەیوەندییە واتاییەكانی نێوان وشەكانی كێڵگەكە .
9. شیكردنەوەی واتایی نێوان وشەكانی كێڵگەیەك گرنگی دەدات ( تركیز ) بە واتای بنەڕەتی وشەكان .
10. ئەو وشانەی كەزیاد لە واتایەكیان هەیە ( هاوبێژەكان ) وەكو وشەیەكی سەربەخۆ مامەڵە دەكەن .

### 2/6/1) جۆرەكانی كێڵگەی واتایی:

گەلێك دابەشكردنی جیاجیا بۆ كێڵگە واتاییەكان كراوە ، بەشێوەیەكی گشتی لەم پۆلێنەدا كۆدەبنەوە :

**یەكەم / كێڵگە واتاییەكان لەسەر بنەمای واتا :**

لەسەر بنەمای واتا ئەم چەشنە كێڵگە واتاییانەمان هەیە :

1. كێڵگەی وشە هاوواتا و دژواتاكان [1].
2. كێڵگەی هاوڕێیەتی : ئەو وشانەی لە بەكارهێناندا بەیەكەوە دێن [2] .
3. كێڵگەی ڕیزبەندی :
   أ. پلەداری : وەكو كێڵگەی ( پلەكانی سەربازی ، تەمەنی مرۆڤ ،.... )[3] .
   ب. ڕیزبەندی بێ پلە : وەكو كێڵگەی ( وەرزەكان و ڕۆژەكانی هەفتە ، ...) .

---

(1) بڕوانە : 1. احمد مختار عمر( 1982 : 80 ) ، 2. احمد عزوز ( 2002 : 16 ) .

(2) بڕوانە هەردوو سەرچاوەی پێشوو .

(3) بڕوانە : 1. هۆگر مەحموود فەرەج ( 1993 : 5 - 6 ) ، 2. احمد عزوز ( 2002 : 18 ) .

4. بەشەکانی ئاخاوتن و پۆلێنکردنە سیمانتیکییەکان [1] .

ئەحمەد موختار ( 107 : 1982 ) دا دەڵێت : ئۆڵمان کێڵگەی بەسەر سێ جۆردا دابەشکردووە (هەرسێ جۆرەکە دەچنە جۆری یەکهەمی پۆلێنەکەی ئێمەوە) :

1. ئەو کێڵگانەی کە پەیوەندیی هەستپێکراو لە نێوانیاندا هەیە وەکو ڕەنگەکان .
2. ئەو کێڵگانەی کە هەستپێکراون ، بەڵام دانەکانیان جیاوازن ، وەکو ئەندامەکانی خێزان .
3. ئەو کێڵگانەی ئەبستراکتین .

**دووهەم / کێڵگە واتاییەکان لەسەر بنەمای فۆڕم:**

هەموو ئەو کێڵگانە دەگرێتەوە، کە لەسەر بنەمای ( فۆنێمەکان، مۆڕفێمەکان، دروستە) دانەکانی کۆکراوەتەوە، جا مۆڕفۆلۆژی بن یاخود شکاندنەوەی کێشەکان ( وەزنەکان )[2] ، بۆ نموونە ، لە زمانی کوردیدا ئەو وشانەی مۆڕفێمی ( گا / گە ) دەچێتە سەریان ، یاخود ئەو ناوانەی بە ( ان ) کۆدەکرێنەوە یان ئەوانەی بە ( گەل / دەستە ) کۆدەکرێنەوە ، ......

**کێڵگە واتاییەکان لەسەر بنەمای دەنگ و سترێس:**

بریتین لەو کێڵگانەی، کە لەسەر بنەمای دەنگ و سترێسی وشەو بڕگەکان دانەکانی کۆکراوەتەوە ، بۆ نموونە ، لە زمانی ئینگلیزیدا وشەکانی ( high , sky ,... ) لەسەر بنەمای خوێندنەوەی دوا دەنگ دەچنە ناو یەك کێڵگەوە [3]، یاخود لە زمانی کوردیدا دەتوانین کێڵگەیەك دروستبکەین بۆ ئەو وشانەی کراوەن و بە بزوێنی درێژ کۆتاییان هاتووە ، وەك (**با** ، **شا** ، **کا** ، **گا** ، **چیا** ، **خوا** ، **سوپا** ، ....) .

## 7/1) پەیوەندییە واتاییەکان Semantic Relations :

### 1/7/1 ) چەمکی پەیوەندیی واتایی :

مەبەست لە پەیوەندیی واتایی بریتییە لەو پەیوەندییەی لە نێوان دانە زمانییەکاندا هەیە لەئاستی ستوونی ( پارادیگماتیك ) و لە ئاستی ئاسۆیی ( سینتاگماتیك ) ، کەلەسەر بنەمای واتاکانیان پەیدادەبێت ، ئەمیش پەیوەستە بەدنیای ڕاستی و ڕاستەقینەی دەرەوەی زمان ، یاخود بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی ، چونکە ئاشکرایە، کە چەمکی پەیوەندیی واتایی

---

[1] بڕوانە : 1. احمد مختار عمر ( 1982: 80 ) ، 2. احمد عزوز ( 2002 : 18 ) .
[2] احمد مختار عمر ( 1982 : 80 ).
[3] M. Lynne Murphy ( 2003 : 8 ).

ئالۆزە (( وەك هەر دیاردەیەکی تر لە جیهاندا ، بوونی پەیوەندی واتایی لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت ، ئایا مەبەستمان لە پەیوەندی نێوان هێما زمانییەکانە ؟ یاخود پەیوەندی نێوان واتای هێماکانە ؟ یاخود لە نێوان ئەو شتانەی کە هێماکان دەیان نوێنن ؟ ))[1] .

ئێمە لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد، کە پەیوەندییەکە لە نێوان هێما زمانییەکان لەسەر بنەمای واتا و چەمکەکانیان، کە ئەویش پەیوەستە بەشتێك لەدەرەوەی زمان کە هێما زمانییەکان دەینوێنن ، یاخود پەیوەستە بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییەوە ، بۆ نموونە کاتێك باس لە پەیوەندیی نێوان وشەکانی ( سارد ، گەرم ) یاخود ( باش ، خراپ ) دەکەین ، باسی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو هێما زمانییە دەکەین لەسەر بنەمای ئەو واتایانەی کە دەیگەیەنن ، دژواتای یەکترن ، ئەم واتایەش پەیوەستە بە دنیای دەرەوەی زمان ، چونکە ساردی و گەرمی یاخود باشی و خراپی لە دنیای دەرەوەدا دژی یەکترن ، بەهەمان شێوەش کاتێك باس لەپەیوەندیی نێوان هاوواتاکان دەکەین، کە دوو هێما لە فۆڕمدا جیاوازن ، بەڵام واتایان یەکە یاخود لەیەکەوە نزیکن ، چونکە ئەو شتەی لە دنیای دەرەوەدا دەیگەیەنن یەك شتە یاخود لەیەکەوە نزیکن ، وەك ( پاك ، خاوێن ) ، هەروەها کاتێك دوو هێما یان زیاتر بەهۆی گۆڕانی فۆڕمەوە بێت یان فراوانبوونی واتاییەوە یان هەر هۆیەکی ترەوە ، بوون بەیەك فۆڕم ، واتە هێمایەك دوو واتا یان زیاتر بگەیەنێت ، لەسەر بنەمای ئەو واتایانەی دەیگەیەنێت دەڵێین هاوبێژە یان فرەواتایە، لە هەمانکاتدا چەند شتێکی جیاوازیش لە دنیای دەرەوەدا دەگەیەنێت ، بەڵام هەندێك پەیوەندیی هاوڕێیەتی و واتای هەندێك هێمای زمانی ( وەك دێو ، شەیتان ، هێزی خێر ، خواوەندەکان ، ..) پەیوەست نین بەدنیای دەرەوە ، بەڵکو پەیوەستن بە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە بەهەمان شێوە تایبەتبوون و بەبەربوونی (بۆ وشە هاوڕێکان) ئەو وشانەی هەمیشە یا زۆرجار بەیەکەوە دێن ، بەهۆی بەکارهێنانەوە . بۆ نموونە ( مردن ) هەر مردنە بەواتا نەمانی گیان لەجەستەداو لەدەستدانی ژیان ، کەچی لەزمانی کوردیدا بۆ مرۆڤ ( مردن ) و بۆ ئاژەڵێك گۆشتی بخورێت ( مرداربوونەوە ) و بۆ ئاژەڵێك گۆشتی نەخورێت ( تۆپین ) و بۆ ڕووەك ( وشکبوون) بە کاردێت ، ئەمەش پەیوەستە بەرێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە . کەواتە دەتوانین پەوەندی واتایی بەم شێوەیە پێناسە بکەین :

پەیوەندیی نێوان هێما زمانییەکانە ، لەسەر بنەمای واتاکانیان ، پەیوەستە بەو شتەی لەدەرەوەی زمان دەیگەیەنن یاخود بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییەوە .

یاخود (( بریتییە لەو پەیوەندییە واتاییانەی لە نێوان وشەکاندا دەبینرێت لە دروستەی ژمارەیەکی (( بێکۆتا لەڕستەی واتادارادا )) [2] ، یاخود (( پەیوەندییە واتاییەکان بریتین لە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل 3

پەیوەندی و پێکەوەهاتنی کەرەستەکانی زمان بەشێوەیەکی ئاسایی یان بەناچاری ، بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی واتای وشەو بەلوتکە گەیاندنی ( کردەقسەییەکان ) و ئەنجامدانی تەواوی ( کردەی گەیاندن ) ))[1] ،

پەیوەندییە واتاییەکان بەشێکی گرنگی واتاسازییەو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دیاریکردنی واتادا (( پەیوەندییە واتاییەکان گرنگترین بەشی واتاسازییە )) [2]. هەروەها (( پەیوەندییە واتاییەکان و دیاردەکانی پەیوەندییە واتاییەکان ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینن لە ئاسانکردنی لێکدانەوەو دەستنیشانکردنی واتای وشە ))[3] ، هەر دەربارەی گرنگی پەیوەندییە واتاییەکان محەمەدی مەحویی دەڵێت: (( پەیوەست بە ئۆپەراسیۆنە لۆژیکییەکان logical operation و پەیوەندی سیمانتیکی هەر دەربڕینێك بە دەربڕینەکانی ترەوە ، دەتوانرێت دروستەی سیمانتیکی semantic strcture و گەنجی وشەی زمانێك پەسەنبکرێت ))[4].

## 2/7/1 ) جۆرەکان پەیوەندیی واتایی :

بەشێوەیەکی گشتی و هەر لەسەردەمی سۆسێرەوە دوو جۆر پەیوەندیی واتایی لەنێوان یەکەکانی زماندا دیاریکراوە ، کە ( پەیوەندیی ئاسۆیی syntagmatic و پەیوەندیی ستوونی paradigmatic ) ن ، ئەمانەش یەکێکبوون لە دوانەکانی سۆسێر [5] ، لەزمانی کوردیدا گەلێك زاراوە بەرامبەر ئەم دوو پەیوەندییە دانراوە، هەندێك لە زمانەوانەکان زاراوە ئینگلیزییەکە بەکاردەهێنن ( پارادیگماتیك ، سینتاگماتیك ) ، هەیانە زاراوەی >> جێنشینی و تەکنشینی - هاونشینی << بەلام ئێمە یا زارەوە ئینگلیزییەکان یاخود زاراوەی >> ستوونی و ئاسۆیی << بەکاردەهێنین ، چونکە لە زمانی کوردیدا ( تەك ، هاو ) بەواتا تەنیشت، کە ڕاستەوخۆ لە پاڵیدا بێت ، بەلام لە پەیوەندیی ئاسۆیدا مەرج نییە ئەو دوو وشەیەی، کە پەیوەندییەکەیان لە نێواندا هەیە ، یەکسەر ڕاستەوخۆ لەتەنیشت یەکەوە بن ، هەر بۆیە ئێمە زاراوەی >> ئاسۆیی << مان هەڵبژارد . بۆ پەیوەندیە ستوونییەکەش ئەو دانە زمانییانەی، کە لە پەیوەندییەکی ستوونیدان ، مەرج

---

[1] حازم علی کمال الدین ( 2007 : 154 ) .

[2] دارا حەمید محەمەد ( 2006 : 6 ) .

[3] Loner – Sebstian ( 2002 : 85 ).

[4] دارا حەمید ( 2006 : 7 ) ، وەرگیرتووە لە { وریای عمر ئەمین ، دێساوسۆر .. دامەزرێنەری زانستی زمانی تازە ، ڕۆژنامەی ئاسۆ ، ژمارە ( 1 ) ، 1989/7/29 ، لا 9 } .

[5] محەمەدی مەحویی ـ زانستی هێما ، .... ـ ( 2009 : 36 ) بەرگی دووهەم .

[6] سەلام ناوخۆش ( 2005 : 31 ) .

نییە هەمیشە جێگەی یەکتر بگرنەوە ، تەنانەت هاوبێژەکان جێگەی یەکتر هەر ناگرنەوە ، بۆیە زاراوەی >> ستوونی << مان هەڵبژاردووە.

### 1/2/7/1 ) پەیوەندیی ئاسۆیی:

بریتییە لەو پەیوەندییانەی کە لەسەر ئاستێکی ئاسۆیی لە نێوان دانەکانی زماندا هەن . سەلام ناوخۆش ( 2005 : 33 ) لەسەر پەیوەندیی ئاسۆیی ئاماژە بەڕای کریستاڵ و تراسك دەکات و دەڵێت: کریستاڵ ( 1991 : 341 ) دەنووسێ: ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان بەشەکانی پێکهاتەیەك ( یاخود گرێیەك )دا هەن، بریتین لە پەیوەندیی سینتاگماتیکی ، چونکە ئەو جۆرە پەیوەندییە ڕەهەندی ئاسۆیی زمان لە فۆنێمێك یاخود وشەیەك لەگەڵ وشەیەکی تر لە ڕستەدا دەردەخات . تراسك لەسەر ئاستی ڕستەسازیی پەیوەندیی سنتاگماتیکی لە نێوان (بکەر و کردار)دا دەبینێت، بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك (ئاسۆ ماسییەکی گرت و برژاندی و خواردی) دا ، کەرەستەکان لە پەیوەندییەکی لۆژیکی و ڕێزمانیدان و بە تێکدانی ڕیزبەندییەکە پەیوەندییەکان تێکدەچێت .

(( پەیوەندییە واتاییەکان لەسەر ئاستی سینتاگمای واتاکانی کەرەستەکانی ڕستە پەیوەندییە سیمانتیکییەکانیانن لەناو گشت ڕستەکەدا )) [1] .

**دووجۆر پەیوەندی ئاسۆیمان هەیە :**

**یەکەم / هاوڕێیەتی** : بریتییە لە هاتنی یەکە لێکسیکییەکان بەیەکەوە [2] ، ئەمیش دوو چەشنی هەیە :

أ. ئاسایی : بریتییە لەو پەیوەندییە ئاسۆییانەی لە نێوان پێکهاتە و فرێزەکانی ڕستەیەکدا هەیە (( پەیوەندی سینتاکسی ئاسایی نێوان وشەکانی ڕستەیە لەسەر بنەمای ڕێککەوتن و یەکدی تەواوکردن دامەزراوە "))[3] .

ب. هاوڕێیەتی بەبەردبوو / چەسپیو : ئەو پەیوەندییە ئاسۆییانەن، کە بەزۆری لە نێوان دوو فرێز یاخود دوو وشەدا هەن، ئەمەش لەئەنجامی زۆر بەکارهێنان و زۆربەیەکەوە هاتنی ئەو دووانەو ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەر نیشانە واتاییەکانیان ، وەك :

( 8 ) سەگ ــــــ وەڕین + دەنگ
+ سەگ

---

(1) محەمەدیی مەحویی ـ زانستی هێما ، .. ـ( 2009 : 34 ) بەرگی دووهەم .

(2) Palmar . Semantic ( 1981 : 75 )

(3) دارا حەمید ( 2006 : 10 ) .

( 9 ) گورگ ـــــــ لوراندن    + دەنگ
+ گورگ

( 10 )  کەو/ کەلەشێر ـــــــ خوێندن  + دەنگ ، + مرۆڤ بۆ قورئان  خوێندن ، + کەو ،
+ کەلەشێر

( 11 )  کور ــــ قۆز      + جوانی
+ نێر

( 12 )  کچ ــــ جوان     + جوانی
+ مێ

**دووهەم / هەمبەری :**

بریتییە لە بەیەکەوە نەهاتن و نەگونجانی دوو وشە لە فرێزێکدا یاخود دوو فرێز لە ڕستەیەکدا، ئەمیش دوو چەشنی هەیە :

1. هەمبەری سینتاکسی : (( هەڵنەکردنی سینتاکسی           – سیمانتیکی بەستنەوەی لێکسیمەکانی ناو ڕستەیە لەگەڵ یەکتردا ))[1] ، وەك (٭ ئازاد بەرد دەخوات .) .
2. هەمبەری فرێزی : ئەمیش لەسەر دوو بنەمایە :

أ. بنەما دنیای ڕاستەقینەی دەرەوەی زمان ، بۆ نموونە لەبەر ئەوەی ئێمە لە دنیای دەرەوەدا مانگای سەوزمان نییە ، بۆیە سەوز و مانگا بەیەکەوە نایەن [2] ، یاخود لەبەرئەوەی لە دنیادا ماست و شیر تەنها سپی هەیە، ناڵێین شیری سپی، یان ماستی سپی .

ب. لەسەر بنەمای ڕێککەوتن کۆمەڵایەتی ، لە بەرئەوەی بە گوێرەی کۆمەڵەکان ڕێککەوتنی جیاجیا هەیە لەسەر هەندێك نیشانەی واتایی کەرەستە و وشەکان ، بۆیە ناتوانین هەندێك وشە هەن بەیەکەوە کۆیان بکەبنەوە ، ئەگەر کۆشمان کردنەوە ئاخێوەرانی زمانەکە هەستدەکەن تێکەڵییەکمان کردووە ، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ڕێککەوتن هەیە لەسەر ئەوەی ئاوەڵناوی ( قۆز ) بەرامبەر بە ( کوڕ ) و ئاوەڵناوی ( جوان ) بەرامبەر بە ( کچ )  بەکار بهێنرێت ، هەر بۆیە (٭ کوڕی جوان ) و  ( کچی قۆز ) بەیەکەوە نایەن .

---

(1) محەمەدی مەحویی ـ زانستی هێما ، ... ـ ( 2009 : 36 ) بەرگی دووهەم .
(2) پڕوانە ( 77 – 75 Palmar )

### 2/2/7/1 ) پەیوەندیی ستوونی :

ئەو پەیوەندییانەن لەسەر ئاستی ستوونی لە نێوان دانە زمانییەکاندا، لە ئاستی فۆنێم و مۆرفێم و وشەو فرێزدا لە هەمان ژینگەدا، هەن (( ڕەهەندی ستوونی زمان لە بونیادگەری سۆسێردا ئەو پەیوەندییە لەجیاتیەیە کە یەکەیەکی زمانەوانی لەگەڵ یەکەیەکی دی زمانەوانی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا هەیەتی ))[1] .

ئەم پەیوەندییانەش لەسەر ئاستی فۆنێم ، وەك ( ساڵ ، داڵ ، زاڵ ، کاڵ ، خاڵ ،... ) ، لەسەر ئاستی بەشەکانی ئاخاوتن ، وەك ( ناوەکان ، ئاوەڵناوەکان ، جێناوەکان ، ... ) ، و لەسەر ئاستی ئەرك و فرێزەکانی ڕستە ، وەك ( بکەرەکان ، بەرکارەکان ، کردارەکان ،..) ، لەسەر ئاستی واتاش ( هاوواتا ، دژواتا ، گرتنەوە ،.. ) [2].

### 3/2/7/1 ) پەیوەندیی کێڵگە واتاییەکان:

جگە لەو دوو جۆرە پەیوەندییەی کە باسمانکرد، جۆرێکی تری پەیوەندیمان هەیە ، ئەویش پەیوەندیی نێوان کێڵگە واتاییەکان خۆیانە ، چونکە کێڵگە واتاییەکان جگەلەوەی پەیوەندی لەنێوان دانەکانیاندا هەیە، گەلێك جۆر پەیوەندیشیان لە نێوان خۆیاندا هەیە ، ئەم پەیوەندییانەش لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر دەگۆڕێت ، هەندێکجار پەیوەندییەکان چڕو بە هێزن لە نێوان دوو کێڵگەدا و هەندێکجاریش زۆر کەم یاخود هەر نابێت .

لە نێوان کێڵگە واتاییەکانیشدا دوو جۆر پەیوەندی هەیە :

**یەکەم / پەیوەندیی ستوونی** : ئەو پەیوەندییە ستوونییەی لە نێوان کێڵگەکاندا هەیە ، لە دوو چەشندا خۆی دە بینێتەوە :

أ. گرتنەوە : لە ( 7/1 ) دا باسی جۆرەکانی کێڵگە واتاییەکانمان کرد ، کێڵگەکان لەسەر بنەمای واتا لە ڕووی فراوانی و بچووکییەوە جیاوازن ، هەربۆیە هەندێك کێڵگە دەچنە ناو کێڵگەی لە خۆیان گەورەترەوە ، بۆ نموونە ، ئەگەر

---

[1] سەلام ناوخۆش ( 2005 : 31 ) .

[2] سەرچاوەی پێشوو .

کێڵگەیەك دروست بکەین بەناوی کێڵگەی وشە سەر بەخۆکانی زمانی کوردی ، ئەوا هەموو کێڵگەی وشەکانی تر دەچنە ناو ئەو کێڵگەیەوەو هەموویان دەگرێتەوە ، یاخود کێڵگەی ئامێرە مۆزیکییەکان ، کێڵگەی ئامێرە موزیکیە ڕۆژهەڵاتییەکان یاخود کوردییەکان ، ..... دەگرێتەوە .

ب. بەشو گشت : کاتێك ئەندامەکانی یاخود دانەکانی کێڵگەیەکی بوارێکی دیاریکراو لەگەڵ کێڵگەی بوارەکانی تردا ، بەیەکەوە شتێك یاخود بەشێکی گەورەتر لە خۆیان پێکدەهێنن ، لەنێوان کێڵگەکاندا پەیوەندی بەشوگشت دروستدەبێت ، بۆ نموونە هەریەکە لە کێڵگەکانی ئەندامەکانی هەرس / دەمارە ڕاگەیاندن / گواستنەوە / هەناسەدان ... دەبنە بەشێك لە کێڵگەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ ، یاخود کێڵگەی خێزان بەشێکە لە کێڵگەی بنچ و ڕەچەڵەك.

**دووهەم / پەیوەندیی ئاسۆیی :**

ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە، کە کێڵگە واتاییەکان لە ئاستی ئاسۆیدا هەیانەو دەیانبەستێتەوە بەیەکەوە ، ئەمیش سێ جۆری هەیە :

أ. **پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ** : بریتییە لەو پەیوەندییەی لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕ / گواستنەوەی وشەیەك لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر لە ئەنجامی فراوانبوون و تەسکبوونەوەی واتایی و گۆڕانی واتایەوە دروستدەبێت، وەك : ( سەر ) لە ئەندامێکی لەشەوە بۆ ( 100 سەر مەڕ ، سەری دارەکە ، سەری بورجەکە ، سەری کەپرەکەی قامیشە ، سەری ڕێزمانی، سەری واتایی )

ب. **بەستنەوە** : بەستنەوەی کێڵگە واتاییەکانە بەیەکەوە لە ڕێگەی هاوڕێیەتی نێوان یەکەکانیان ، یاخود دروستبوونی وشەی نوێ، کە ڕەگەکە و وشە نوێکە هەریەکەیان لە کێڵگەیەکدا بن ، بۆ نموونە کێڵگەی دەنگە سروشتییەکان ( قیژە ، هاوار ، نەڕاندن ، وەڕین ، لوراندن ، ... ) لەگەڵ کێڵگەی گیاندارانداا بە پەیوەندییەکی بەهێز بەیەکەوە بەستراونەوە لەڕێگەی هاوڕێیەتی نێوان وشەکانەوە ( مرۆڤ – قیژاندن ، هاوار ، شێر – نەڕاندن ، ... )، کێڵگەی ئامێرەکانی بینین لەگەڵ کێڵگەی ئەندامەکانی لەش بە هۆی (چاو – چاویلکە).

ت. **فۆڕمی** : پەیوەست بە جۆرەکانی کێڵگەی واتایی ( 7/1 ) کاتێك کێڵگەیەك لەسەر بنەمای فۆڕم ( مۆڕفێمی کۆکردنەوە ، خوێندنەوەی دوادەنگ ، .. )

جیادەکەینەوە ، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم کێلگەیە کۆمەڵێك کێلگەی تر ، کە لەسەر بنەمای واتایی دانراوە ، بەیەکەوە گرێدەدات ، بۆ نموونە مۆرفیمی /-یلکە/ کێلگەی ئامێرەکانی بینین و نووسر او دەبەستێتەوە بەیەکەوە (چاویلکە ، نامیلکە ، ..) ، یاخود مۆرفێمی ( گا /گە ) کێلگەکانی شوێنی بەخێوکردن ،شوێنی کار ، شوێنی ڕابواردن ، ...... ) بەیەکەوە دەبەستێتەوە (لەوەڕگا ، نووسینگە ، سەیرانگا ، ئارامگا ، ...)، بەهەمان شێوە /- چی/ وەك لە ( فاڵچی ، قۆڵچی ، خومچی ، چایچی ، ساختەچی ، کلاوچی ، فیعلچی ، پینەچی ، گۆڵچی ،.... ) .

## 8/1 ) دیاردەی واتایی :

دیاردەی واتایی ئەو دیاردانەن ، کەلەناو پەیوەندییە ستوونی و ئاسۆییەکاندا سەر هەڵدەدەن و هەڵدەتۆقن، دیاردەواتاییەکان یەکێکە لەو دیاردانەی هەر لەکۆنەوە لەلایەن زمانەوانەکانەوە گرنگی پێدراوە، چ لەلای ئەوروپییەکان بێت یان لای عەرەبەکان ، لەناو زمانەوانە کوردەکانیشدا گرنگی پێدراوە [1] ، زمانەوانەکان زاراوەی جیایان بۆ داناوە ، هەندێکیان بە >> کێشەی واتایی << [2] ناوی دەبەن و هەندێکی تر بە >> پەیوەندی واتایی << و هەندێکیشیان بە >> دیاردەی واتایی << ئێمەش زاراوەی >> دیاردەی واتایی<< بەکاردەهێنین .

دیاردەی واتایی لەسەر ئاستی هەرسێ پەیوەندییەکە ( بڕوانە : پەیوەندییەواتاییەکان (8/1

سەرهەڵدەدەن لەسەر ئاستی پەیوەندیی ستوونی زمانەوانەکان ئەم دیاردانەیان باسکردووە :

**یەکەم / هاوواتا** : بریتییە لەوەی، کە دوو وشە / دوو یەکەی زمانی لە هەموو ژینگەیەك ، یاخود لە ژینگەیەکی دیاریکراودا ، بەیەك واتا بێت . سازان ڕەزا پێنج وەچە جۆری هاوواتای دیاریکردووە کە ئەمانەن [3] :

1. هاوواتای تەواو : ( کە لەزماندا نییە یاخود زۆر دەگمەنە ) .
2. هاوواتای ناتەواو : خۆی پیشاندا ، خۆی دەرخست .
3. نزیکی واتایی : لۆقە ... ڕۆیشتنی ولاغ بە هەڵبەزینەوە .

---

(1) بڕوانە : دارا حەمید ( 2006 : 25 – 29 ) .

(2) حازم علی کمال الدین ( 2007 : 156 ) .

(3) سازان ڕەزا ( 2005 ، 16 – 21 ) .

4. پێویستی : شیلان ئەمڕۆ گەیشتە سلێمانی .
شیلان دوێنێ لە سلێمانی نەبوو .

5. دەربڕینی وەکویەك یاخود ڕستەی هاوواتا :
بەهەزار حاڵ کەمانەکەم لێسەند .
کەمانەکەم بە هەزار حاڵ لێسەند .

**دووهەم / دژواتا** antonymy:

بریتییە لەوەی، کە دوو وشە / یەکەی زمانی لە نیشانەیەکی واتاییدا پێچەوانەی یەکتربن. زمانەوانەکان چەند جۆرێك دژواتایان دیاریکردووە ، بەڵام ئێمە ئاماژە بەدابەشکردنێکی (سازان ڕەزا) دەدەین ، کە پێنج جۆر دژواتای دیاریکردووە [1] :

1. بەرامبەری : ( ژن ، مێرد ، .... ) .
2. دژواتای پلەدار : ( ئازا ، ئازاتر ، زیرەك ، زیرەکتر ، .... ) .
3. دژواتای پێچەوانە : ( کڕین ، فرۆشتن / چوون ، هاتن ) .
4. دژواتای ئاراستەدار : ئارام برازای کاروانە ، کاروان مامی ئازادە ).
5. جیاوازی : ( برا ، باوك ، خوشك ، برا ، ... ) .

**سێهەم / گرتنەوە** : وشەیەك دەبێتە شازاراوەو ژمارەیەك دانەی خوار خۆی دەگرێتەوە، بڕوانە(3/2/3).

**چوارەم / بەشوگشت** : هەندێك وشە ئاماژە بەهەموو بەشەکانی کەرەستەیەك یاخود دیاردەیەك دەکەن و هەندێکی تر هەن تەنیا ئاماژە بەشێکی ئەو شتە یان دیاردەیە دەکەن و بەمەش پەیوەندی بەشوگشت لە نێوانیاندا دروست دەبێت ( دەست ، مەچەك – پەنجە – لەپی دەست .... ) .

**پێنجەم / لێڵی واتایی** [2] : گرانی تێگەیشتنی واتای دانەیەکی زمانییە، وەك وشە هاوبێژەکان یان هەر وشەیەك کە بەتەنیا بێت (خاڵ ، دان ، دار ، .....)

زمانەوانەکان بەزۆری باسیان لەم پێنج دیاردەیە کردووە ، بەڵام جگە لەو دیاردانە ئەم دیاردانەی تریش دەخەینەڕوو :

---

(1) سازان ڕەزا ( 2005 : 23 ـ 25 )

(2) بۆ زانیاری لەسەر لێڵی بڕوانە : 1. دارا حەمید ( 2006 : 80 – 90 ) ، 2. محمد محمد یونس ( 2007 ) .

**شەشەم / گۆڕینی واتای وشە :** بریتییە لە (( بەستنەوەی بیر بە فۆڕمێکی نوێوە، یاخود بەستنەوەی فۆڕم بە بیرێکی نوێوە ))[1] ، ئەم دیاردەیەش بە دوو شێوە دەردەکەوێت :

ا . **گۆڕانی بنەڕەتی :** بریتییە لەوەی وشەیەك واتای بنەڕەتی خۆی ونبکات و واتایەکی نوێ وەربگرێت، (ئەمەش بنەمایەکە بۆ دیاردەی کێڵگەگۆڕین ) ، بۆ نموونە وشەی ( ئاهەنگ ) لە کۆندا بەواتای ڕێککەوتن هاتووە ( چەند بەئاهەنگ چەند سیحراوی )، بەڵام ئێستا بەواتای (حەفلە ) دێت .

ب. **نیمچە گۆڕان** : ئەمیش لەڕێگای تەسکبوونەوەو فراوانبوونی واتاییەوە[2] پەیدا دەبێت، بڕوانە (6/2/3).

**حەوتەم / کێڵگە گۆڕین** : لە ئەنجامی تەسکبوونەوەو فراوانبوونی واتای یاخود وەرگرتنی واتای دووهەم و بوونە ئیدیەمی وشەیەك کێڵگەکەی خۆی دەبڕێت و دەچێتە ناو کێڵگەیەکی ترەوە، بڕوانە (7/2/3).

**هەشتەم / مردن :**

وشە وەك چۆن بەردەوام لە دروستبووندایە ، ئاواش هەندێکجار دەمرن ، ئەویش بەکزبوونی ئەو بوارەی کاری تێدا دەکات ، یاخود نەمانی ئەو کەرەستەیەی ئاماژەی پێدەکات ، لە زمانی کوردیدا گەلێك وشەمان هەیە ئێستا بەکار نایەن و مردوون یاخود بەرەو نەمان دەچن ، وەك ( جەنجەڕ ، ئاهورامزدا ، ئاتەش ، ئاتەشگا ، ... ) .

نۆیەم / جێگرتنەوە : لە ئەنجامی ململانێی نێوان وشە هاوواتاکان ، هەندێکجار وشەیەك لە وشە هاوواتاکان جێگەی ئەویتر دەگرێتەوە[3]، بڕوانە (8/2/3) .

لەسەر ئاستی ئاسۆیش ئەم دیاردانەمان هەیە :

1. هاوڕێیەتی : ا. ئاسایی، بڕوانە(6/2) . ب. بەئیدیەمبوو ، بڕوانە(6/2).
2. هەمبەری / نەگونجان : ا. سینتاکسی ، ب. فرێزی ، پ. وشەیی ( حازرو بزر ، منالۆ مەزن ،.... ) ، بڕوانە(6/2).

---

(1) حازم علی کمال الدین ( 2007 : 223 ) .

(2) بڕوانە : فەتاح مامە ( 2007 ) .

(3) فارووق عومەر سدیق ، چاوپێکەوتن (2009/2/4).

## 1/2 ) ماركەلێدان و نیشانەی واتایی :

### 1/1/2 ) ماركەلێدان ( marking ) :

نیشانەكردنی وشەكان یەكێكە لەو بابەتە گرنگانەی، كە لەچوارچێوەی دروستەكارییدا خراوەتە ڕوو و (( بۆ یەكهەمجار لەلایەن قوتابخانەی زمانەوانی پراگەوە باسی لێوەكراوە))[1] .

پاڵمەر لەبارەی نیشانەكردنەوە دەڵێت : " ئەگەر دوو وشەی بەرامبەر بەیەك ، تەنها یەكێكیان بۆ پرسیارو قسەكردن بەرامبەر بە هەردووكیان بەكاربهێنرێت و هەموو واتاكە بگەیەنێت، ئەوا بەو وشەیە دەگوترێت << ماركە لێنەدراو unmarked << و بەوی تریان دەگوترێت << ماركەلێدراو<< marked "[2].

كەواتە << ماركەلێدان << بریتییە لە هەڵبژاردن و دەستنیشانكردنی یەكێك لە دوو وشەی بەرامبەر بەیەك و كردنی بە هایپۆنیمی هەردوو وشەكە ، یاخود بەكارهێنانی بەواتای هەردوو وشەكەوە .

لەبارەی جۆرەكانی ماركەلێدانەوە، لاینز پێی وایە، كە لەفەرهەنگی زماندا سێ جۆر ماركەلێدان لێكجیاكراونەتەوە :[3]

1. **ماركەلێدانی فۆڕمی** " marking formal ": ئەو جۆرە ماركەلێدانەیە كەبەهۆی فۆڕمێكەوە یەكێك لە دوو وشەی بەرامبەر بەیەك نیشانە بكەین، بۆ نموونە لەزمانی كوردیدا / ئێستر /مان هەیە ، كە بۆ هەردوو ڕەگەزی ( نێر و مێ ) بەكار دەهێنرێت و نیشانەنەكراوە ، لەبەرامبەریشدا /ماچە/مان هەیە نیشانەكراوە و تەنیا بۆ مێیەی ئێستر بەكاردێت ، كەواتە وشەكان لەڕێگەی فۆڕمێكی جیاوازەوە نیشانە دەكرێن .
2. **ماركەلێدانی دابەشبوون** "marking distribution": ئەم جۆرەیان بەپێی دابەشبوون و سنووری نێوان وشەكان یاخود بەشكردنی ڕووبەری شتەكان ، وشەكان ماركەدەكرێن ، وەك /پانی – باریكی/ ، / بەرزی – نزمی / ، بۆ هەریەكێك لەم دوانە ڕوبەرە زۆرەكە یاخود بەرزییە گەورەكەیان هەڵبژێردراوە و بووە بە ماركەلێنەدراو ، واتە / پانی / كە ڕووبەرەكەی فراوانترە لە / باریك / ، ماركەلێنەدراوەو لەبری

---

[1] كۆرش سەفەوی ( 2006 : 26 ) وەریگرتووە لە ( no.wr. The Linguistic scool of Prague , 1966 ,11

[2] palmer (1976 ,80)

[3] كۆرش سەفەوی ( 2006 : 27 ) وەریگرتووە لە ( Lyons , j. semantic , 1977 , 305 )

هەردووكیان بەكاردێت ، وەك > پانی یاریگاكە چەندە ؟ < یاخود دەڵێین هێڵەكانی پانی زەوی، لەهەمان كاتیشدا دەڵێین > پانی تەختە تولەكە ( كە باریكە ) چەندە؟<، واتە پانی بۆ پێوانەی یاخود پرسیاركردن لە هەموو ڕووبەرە پان و باریكەكان بەكاردەهێنرێت ، هەروەها بەرزیش لەبەرامبەر نزمی دا ماركەلێنەدراوە ، بۆ نموونە دەڵێین > بەرزی تاوەرەكە < یان > بەرزی شاخەكە < > بەرزی لوتكەی هەلگورد < ، > كەبەرزاییەكی زۆرە < ، لەهەمانكاتیشدا دەڵێین > بەرزی ژوورەكە < یا > بەرزی ژێرزەمینەكە < ، > بەرزی مێزەكە < ، كە لەچاو بەرزاییەكانی تردا نزمن .

3. **ماركەلێدانی واتایی** " semantic marking" : ئەم جۆرە ماركەلێدانە لەئەنجامی فراوانبوونی واتایی یەكێك لەدوو وشە بەرامبەرەكەوە دەبێت، كە لەبری هەردووكیان بەكاردەهێنرێت و هەردووكیان دەگرێتەوە ، بۆ نموونە لەزمانی كوردیدا / بەران /مان هەیە بۆ ئاژەڵی مەڕی نێر ، لەبەرامبەریشدا بۆ مێینەی ئەو ئاژەڵە وشەی / مەڕ /مان هەیە ، بەڵام بەهۆی فراوانبوونی واتای / مەڕ /ەوە ، ئێستا وشەی ( مەڕ ) هەردووكیان دەگرێتەوە ، وەك : قەسابێك دەڵێت > ئەمڕۆ شەش سەر مەڕم سەربڕیووە < دەشێت هەردوو ڕەگەزەكەی تێدابێت ، یاخود شوانێك دەڵێت >100 سەر مەڕم هەیە < دیارە كە نێرو مێشی گرتۆتەوە ، یا دەگوترێت " شوانەمەڕ، مەڕداریی ، .... " ، بەهەمان شێوەش بۆ ( كەلە شێر و مریشك ) ، مریشك نیشانەنەكراوەو هەردووكیان دەگرێتەوە ، كاتێك دەڵێین > دەواجنی مریشك <، مریشكی برژاو ، > برۆ دوو كیلۆ مریشك بێنە < ، ....

هۆكاری باسكردنی ماركەلێدانیش لە توێژینەوەكەماندا ، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ، كەدیاردەی ماركەلێدان بە واتاو فراوانبوونی واتایی و پەیوەندییەواتاییەكان و كێڵگە واتاییەكانەوە ( چونكە دوو وشەی بەرامبەرمان هەیە لە پۆلێنێكی دوانیدا ، بەڵام یەكیان لەبری هەردووكیان بەكاردەهێنرێت ) پەیوەستە، ماركەلێدان تەنیا لەواتادا نییە ، محەمەدی مەحویی لەئاستی دەنگسازییدا باس لە ماركەلێدان دەكات و ئەو سیماجیاكەرەوانەی، كە تایبەتن بەزمانێكی دیاریكراو لەجیاكردنەوەی فۆنێمەكاندا ، ئەوە ماركەلێدراون و ئەوانەشی ، كە لەهەموو زمانەكاندا هاوبەشن ، ئەوانە ماركەلێنەدراون[1] .

## 2/1/2 ) **نیشانەی واتایی** " semantic feature " :

---

[1] د. محەمەدی مەحویی ( 2008 : 34 ـ 36 ) ، بەرگی یەكەم .

>> نیشانەی واتایی << ئەو سیمێم و نیشانانەن ، کە واتای دەربڕاوە زمانییەکانیان پێ شیدەکرێتەوە ؛ یاخود ئەو بنەمایانەن، کە وشەو لێکسیمەکانیان پێ پۆلێندەکرێت . زاناکانیش بەڕێگایەکی شیکردنەوەی واتای وشەیان داناوە ، کە گیروگرفتی کەمە و تووشی تەمومژی واتاییمان ناکات (( بۆ شیکردنەوەی واتای وشە سێ ڕێگە دەستنیشانکراوە ، زانایان ڕایان لەسەر دوو ڕێگە کۆکە ، کە گیروگرفتی کەمەو توشی تەمومژی واتایی یان ناکات ئەویش ڕێگەی بواری واتایی و ، شیکردنەوەی وشەیە بۆ سیماجیاکەرەوەکان ))[1] .

### 1/2/1/2 ) نیشانە واتاییە جیهانییەکان

دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك نیشانەی واتایی، کەبڵێین ئەمانە لەهەموو زمانەکانی جیهاندا هەن کارێکی دژوارو گرانە و پێویستی بە توێژینەوەی ئەکادیمی فراوان هەیە ، بەڵام ئێمە لێرەدا سەرتوێیەکی باسەکە دەخەینەڕوو ، هەرچەندە مەجید ماشتە دەڵێت: (( ناتوانین لیستێك یاخود ژمارەیەك نیشانەی واتایی جیابکەینەوە و بڵێین ئەمانە لەهەموو زمانەکانی دنیادا هەن))[2] ، بەڵام دەتوانین چەند بنەمایەك دابنێین ، یاخود بەچەند پێوەرێك هەندێك نیشانەی جیهانی دەستنیشانبکەین :

1. **دابەشکردنە سەرەتاییەکان / گشتییەکان** : مەبەست لەو نیشانانەیە، کەدابەشکردنە یەکهەمەکانیان لە نێوان دوو وشە یاخود دوو کەرەستەی بەرامبەردا پێدەکرێت ، بۆ نموونە ئەگەر کەرەستەکانی سروشت دابەشبکەین، ئەوا لەدابەشکردنی یەکهەمدا بەسەر { + گیاندار }و { - گیاندار } دا ، دابەشیان دەکەین ، لەدابەشکردنی دووهەمدا بەسەر { + مرۆڤ } و { - مرۆڤ }دا دابەشیاندەکەین ، ئەمەش لەزۆربەی زمانەکانی دنیادا وایە ، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم نیشانە واتاییانە جیهانین .

2. **چەمکی گشتی / بنەڕەتی** : مەبەست لەچەمکی گشتی، ئەو نیشانە واتاییانەن، کە چەمکێکی گشتی یاخود چەمکی بنەڕەتیی وشەکانن ، لەدیاریکردنی واتاکاندا، کە زۆرجار واتای هۆشەکی پێکدەهێن و دەتوانین وەکو نیشانەی واتایی جیهانی دایان بنێین ، بۆنموونە بۆ جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی ئەو وشانەی بۆ چەشن و جۆری مرۆڤەکان دەستنیشاندەکرێن ، هەندێکیان گشتین و لەزۆربەی یان هەموو زمانەکاندا

---

(1) سازان ڕەزا ( 2005 : 25 ) .

(2) مجید ماشطة ( 2009 : 98 ).

هەمان نیشانەی واتایین ، کە بریتین لە { + / - نێر )و ، ( + / - هەراش) ، واتە بۆ جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی وشەکانی ( پیاو ، ژن ، کوڕ ، کچ ، منالّ ،لاو ، مێرد منالّ ، کامڵ ،.. )، ئەو نیشانانە لەگەڵ چەند نیشانەیەکی تری تایبەت بەزمانە جیاوازەکان دەبنە پێوەر .

## 2/2/1/2 ) نیشانە واتاییە تایبەتییەکان:

مەبەست لەو نیشانە واتاییانەیە، کە لەزمانێکی دیاریکراودا بۆ هەندێك وشە دادەنرێن و مەرج نییە لەزمانێکی تردا هەبن، بەڵکو بەهۆی کاریگەریی دابونەریت و کلتوری ئاخێوەرانی و بەپێی ئەو واتا بابەتی و لاوەکییانەی، کە وشە و کەرەستەکان، دەیگەیەنن، بەرامبەر بەو وشە و کەرەستانە دادەنرێت. ئەمەش لەئەنجامی ئەم دوو هۆکارەوە هەڵدەبژێردرێن و دەستنیشان دەکرێن :

1. هۆکاری کەلتووری و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان: بۆ نموونە ئەگەر لە زمانی کوردیدا بەرامبەر بە پیاو [ + هێز ، - منالّبەخێوکردن ] ، بەرامبەر بەژن [ - هێز + منالّبەخێوکردن ] بەکاربهێنین ، دەبینین نیشانە واتاییەکانی [± هێز ] و [± منالّبەخێوکردن] ، بەهۆی کلتورو دابونەریتە کوردییەکانەوەیەو مەرج نییە هەمان دابەشکردن هەبێت ، ئەمەش بەگوێرەی سەردەم و شوێن دەگۆڕێت ، چونکە ئەگەر لەسەردەمێکدا ئافرەتی کورد نەچووبێتە بەر خوێندن و خوێندەوارییان نەبووبێت یا بەدەگمەن ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسابێت ، یاخود لە هێزو لەشکرەکاندا بەشدارییان نەکردبێت ، ئەوا لەئەمڕۆدا ئافرەتی کورد لە هەموو پلەو ئاستەکانی خوێندن و ئیدارە دان و لەهێزی سەربازیشدا بەشدارن ، ئەمە جگە لەوەی لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری کوردستان ئەم نیشانە واتاییانەی ، کەدەربڕی واتای بابەتی و لاوەکین ، جیاوازن (بڕوانە نموونەکانی بەشی سێهەم).
2. پۆلێنکردنی کەرەستەکان و دیاریکردنی سنووری واتاییان:

هەر زمانەو بەگوێرەی بیرکردنەوەی ئاخێوەرانی ، کەرەستەکانی دەوروبەری پۆلێندەکات، ئەمەش وادەکات زۆرجار سنووری واتایی کەرەستەکان جیاوازییان هەبێت [1] ، بۆ نموونە لە ئەسکیمۆ چەندین وشە بەرامبەر بە بەفرو جۆرەکانی بەفر دانراوە، کە لەزمانی فەرەنسیدا وانییە [2] ، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە ، کەسنووری واتایی وشەی ( بەفر ) لەزمانی فەڕنسیدا فراوانترە ، لە سنووری واتایی هەریەکە لەو وشانەی ، کەبەرامبەر بەچەشن و جۆرەکانی بەفری دانراون لە ئەسکیمۆ . یاخود لە زمانی ( بۆنی)

---

(1) جۆن لاینز ، واتاسازی ، وەرگێڕانی مەجید ماشتە ( 1980 ، 54 ) .

(2) کلۆدرجیرمان و ریمۆلاند ( 2006 : 23 ) ،

دا ئەو وشەیەی، کە وەردەگێڕدرێت بۆ ( مام ) ، هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەباوکەوە خزمن ، لەبەرامبەریشدا ئەو وشەیەی، کە وەردەگێڕێت بەرامبەر بە ( خاڵ ) هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە دایکەوە خزمن [1] ، کەواتە لە زمانی ( بۆنی ) دا سنووری واتایی وشەکانی ( مام ، خاڵ ) زۆر فراوانترن لە سنووری واتایی وشەکانی (مام) و ( خاڵ ) لەزمانی کوردیدا .

## 2/ 2 ) سێ کێڵگەی واتایی:

ئێمە بۆ پراکتیکی لێکۆڵینەوەکەمان لەناو کێڵگە واتاییەکانی زمانی کوردیدا سێ کێڵگەی واتاییمان هەڵبژاردووە، کە ئەوانیش بریتین لە :

1. **کێڵگەی واتایی ئەندامەکانی لەش**[2] ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە یەك )
2. **کێڵگەی واتایی خێزان** ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە دوو )
3. **کێڵگەی واتایی میوە** ( بڕوانە هێڵکاری ژمارە سێ )

ئەم هێڵکاریانەشمان لەسەر بنەمای ئەو کەرەسە یاخود ئەو شتەی لە سروشتدا دەیگەیەنن لەگەڵ بەکارهێنانیان لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا ، ڕێکخستووە . ( بڕوانە 2/3 ، 2/4 ، بەشی سێهەم ) .

---

[1] مجید ماشطة ، (2009 . 98 ) .

[2] نەسرین فەخری لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارەکانی ( 101 – 103 – 104 – 105 – 107 ) ی ساڵانی 1984 – 1975 زنجیرەیەك وتاری لەسەر هەندێك وشەو پەرەسەندنی واتایی بلاَوکردۆتەوە و زۆربەی وشەکان ئەندامەکانی لەشن وەك ( دەست ، دەم ،دڵ ) .

## 3/2) ڕێککەوتنی ڕێزمانی وشەکان:

### 1/3/2) جۆرەکانی وشە :

زمانەوانەکان لەجۆرو چەشنی وشەکان لەڕووی ڕۆنان و واتاوە دواون و چەندین چەشن و جۆریان لێ جیاکردوونەتەوە [1]. ئێمە نامانەوێت بەسەر ئەو چەشن و جۆرانەدا بچینەوە ، بەڵکو ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم پارەدا لێی بدوێین ، ڕێککەوتنی پێکهاتەی ئەو وشانەیە ، کە بە (وشەی لێکدراو) یاخود هەندێکیان بە جووتە وشە ناسراون یاخود وشەی ئیدیەمین [2] و لەڕووی ڕێزمانییەوە چۆنییەتی تەرزی ڕێککەوتنی ڕێزمانیی و واتاییان دەخەینەڕوو.

### 2/3/2) ڕێککەوتنی ڕێزمانیی وشەی لێکدراو :

بەپێی زۆرێك لە تیۆرە جیاوازەکان لەڕێککەوتن و بەیەکەوە هاتنی وشەکاندا، هەردوو بنەمای ڕێزمانیی و واتایی ڕۆڵدەبینن و گرنگییان هەیە [3] ، ڕێککەوتنی ڕێزمانیی و تەرزەکانی وشەی لێکدراو لەزمانی کوردیدا و لە سێ کێڵگەیەدا لەسەر ئەم بنەمایانەن:

#### 1/2/3/2) مۆرفۆلۆژی :

ڕێککەوتن و بەیەکەوە هاتنی پێکهاتەکانی وشەی لێکدراو، بەشێکی لەسەر بنەمای مۆرفۆلۆژییەو بەپێی تیۆری دەسەڵاتداری (Government and Binding theory) کەرەسەی بەدەسەڵات کەرەسەیەکی تر حکومدەکات و دەیبەستێتەوە بەخۆیەوە، بەم پێیەش ڕیزبوون و ڕێککەوتنی وشە لێکدراوەکان بەسەر دوو بەشدا پۆلێن دەبن.

---

(1) بڕوانە ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف ـ ڕێزمانی کوردی ـ بەرگی یەکەم: 2001)، شێرکۆ بابان ( 2008 : 23 – 20 ) ، محمد معروف فتاح ( 1990: 186- 193 )، سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ( 2008: 36- 42 ).

(2) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر وشەی لێکدراوی ئیدیۆمی و پێکهاتەو پەیوەندی نێوان واتاو فۆڕمی ئیدیۆمی بڕوانە (شیلان عومەر حسەین ـ 2009 : 50 – 114 ).

(3) بڕوانە: ڤیان سلێمان حاجی ( 2001 : 15 – 86 )، هەروەها هیدایەت عەبدوللا ( 2002 : 156 ).

1/1/2/3/2) ئەو وشانەی بەپێی حكومكردن و بەستنەوە ڕیزبوون .

2/1/2/3/2) ئەو وشانەی لەڕووی حكومكردن و بەستنەوە بێلایەنن.

1/1/2/3/2) ئەو وشانەی بەپێی حكومكردن و بەستنەوە ڕیزدەن :

ئەمیش چەند تەرزێکی جیاوازیان هەیە، کە بریتین لە ئەمانە:

أ/ لێکدان بێ مۆرفیمی ناوگر:

1/ ناو + ئاوەڵناو = ناوێکی ئاوەڵناوی

واتە تێکردەکە ناوێك و بەدوایدا ئاوەڵناوێك دەبێت بەبێ هیچ مۆڕفیمێکی ناوگر، ئاوەڵناوەکە ڕاستەوخۆ لەچەپەوە بۆ ڕاست حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکات و دەرکردەکەش ناوێکی ئاوەڵناویی دەبێت.

1) چاو + شین = چاوشین
2) دەست + کورت = دەستکورت
3) بالاً + بەرز = بالآبەرز
4) لوت + بەرز = لوتبەرز
5) قسە + خۆش = قسەخۆش
6) ڕوو + ڕەش = ڕووڕەش
7) ڕوو + زەرد = ڕووزەرد
8) ڕوو + سپی = ڕووسپی
9) ڕوو + سوور = ڕووسوور

10) پیاو + مەعقول = پیاوماقووڵ
11) برا + گەورە = براگەورە
12) برا + بچووك = برابچووك
13) بابە + گەورە = بابەگەورە
14) دایە + گەورە = دایەگەورە
15) باب + پیر = باپیر (باپیرە)
16) دایك + پیر = داپیر (داپیرە)
17) سەر + گەورە = سەرگەورە
18) دەست + کورت = دەستکورت

19) دەست + سووك = دەستسووك

20) دەست + قوورس = دەستقوورس

21) دەست + پاك = دەستپاك

22) دەست + بڵاو = دەستبڵاو

23) دەست + كراوە = دەستكراوە

24) دەست + ڕاست = دەستڕاست

25) سەر + پان = سەرپان

26) سەر + زل = سەرزل

27) زمان + لووس = زمانلووس

28) زمان + درێژ = زماندرێژ

29) دەم + شڕ = دەمشڕ

30) دەم + پیس = دەمپیس

31) دەم + هار = دەمهار

32) چاو + پیس = چاوپیس

33) چاو + بز = چاوبز

34) چاو + گەورە = چاوگەورە

35) چاو + تیژ = چاوتیژ

36) چاو + جوان = چاوجوان

37) چاو + ڕەش = چاوڕەش

38) چاو + كاڵ = چاوكاڵ

39) چاو + حیز = چاوحیز

40) چاو + باز = چاوباز

41) چاو + مەست = چاومەست

42) سنگ + بەرز = سنگبەرز

43) پشت + كۆم = پشتكۆم

44) دڵ + تەنگ = دڵتەنگ

**2 / ناو + ئاوەڵناوێكی لێكدراو + ە = ناو**

**تێكردەی ئەم جۆرە وشەیە ناوێك لەگەڵ ئاوەڵناوێكی لێكدراو دەبێت و دەركردەكەش ناوێكی ئاوەڵناویی دەبێت:**

45) هەرمێ + لاسوور + ە = هەرمێ لاسوورە

46) هەرمێ + چاوقووڵ + ە = هەرمێ چاوقووڵە

47) سێو + ە + لاسوور + ە = سێوەلاسوورە

3/ ناوی ئاوەڵکرداری + ئاوەڵناو

48) پشتەمل + پان = پشتەملپان

49) ناوچەوان + قۆقز = ناوچەوان قۆقز

50) لاچاو + جوان = لاچاوجوان

4/ أ) ناو + ئاوەڵناو = ئاوەڵناو (حاڵەت)

52) دەست + ڕۆشتوو = دەستڕۆشتوو

53) دەست + بڕاو = دەستبڕاو

54) سەر + لێشێواو = سەرلێشێواو

55) دەم + مردوو = دەممردوو

ب) ئاوەڵناو + ئاوەڵناو = حاڵەت

56) زەرد + هەڵگەڕاو = زەردهەڵگەڕاو

57) سوور + هەڵگەڕاو = سوورهەڵگەڕاو

5/ ناو + ڕەگی کردار = ئاوەڵناو[1]

لەم چەشنەیاندا تێکردەکە ناوێك و ڕەگی کردارێك دەبێت و ڕاستەوخۆ ڕەگی کردارەکە حوکمی ناوەکە دەکات و دەیبەستێتەوە بەخۆیەوە.

58) قۆڵ + بڕ = قۆڵبڕ

59) دەست + بڕ = دەستبڕ

60) دەست + شۆر = دەستشۆر

61) دەست + ڕێژ = دەستڕێژ

62) دەست + گر = دەستگر = دەسگر

---

(1) بەشێکی زۆری ئەو وشانەی لەڕێگەی ئەم تەرزەوە پێکدێن، مۆرفێمی (ی)یان ئەچێتەسەرو ناوێکی ئەبستراکت دروست دەکەن وەك (دەستبڕی، پیاوکوژی، خۆخۆری، بالاپۆشی، سەرتاشی، خۆکوژی) جگە لەمە دەکرێت ئەم وشانە بەشێوەی داڕێژراویش سەیر بکرێن.

63) پیاو + کوژ = پیاوکوژ

64) خۆ + خۆر = خۆخۆر

65) خۆ + کوژ = خۆکوژ [1]

66) پیاو + خۆر = پیاوخۆر

67) میوە + فرۆش = میوەفرۆش (بەقاڵ)

68) میوە + خۆر = میوەخۆر

69) کاڵەك + خۆر = کاڵەکخۆر

................

70) ژن + هێن = ژنهێن (ژنهێن نییە).

71) سەر + تاش = سەرتاش

72) بالاَ + پۆش = بالاَپۆش

73) سەر + پۆش = سەرپۆش

6/ **ناو + قەدی کردار = ئاوەڵناو**

**قەدی کردارەکە حوکمی ناو دەکات و دەیبەستێتەوە بەخۆیەوە.**

74) مێرد + پەرست = مێردپەرست

75) دەست + کرد = دەستکرد

76) دەست + کەوت = دەستکەوت

77) دەست + بلاَو = دەستبلاَو

7 / **ناو + چاوگ = چاوگ**

**چاوگەکە کەرەسەی بەدەسەلاَتەو حوکمی ناوەکە دەکات و ناوێکی کرداری بەرهەمدێت :**

78) دەست + خستن = دەستخستن

79) دەست + هەلگرتن = دەستهەلگرتن (دەست لێهەلگرتن)

80) دەست + بەردان = دەست بەردان (دەست لێبەردان)

81) دەست + شتن = دەست شتن

82) دەست + بڕین = دەستبڕین

83) دەست + گرتن = دەستگرتن

84) دەست + هەڵهێنان = دەستهەڵهێنان

---

[1] زیاتر بەشێوەی (خۆکوژی) بەکاردێت.

85) دەست + گرتنەوە = دەستگرتنەوە

86) دەست + پێوەگرتن = دەستپێوەگرتن

87) دەست + شکاندنەوە = دەستشکاندنەوە

88) دەست + تێکەڵکردن = دەستتێکەڵکردن

89) دەست + لێشۆردن = دەست لێشۆردن

90) دەست + وەشاندن = دەستوەشاندن

91) دەست + کێشانەوە = دەستکێشانەوە (دەست لێکێشانەوە)

92) دەست + پانکردنەوە = دەستپانکردنەوە

93) دەست + گەرمکردنەوە = دەستگەرمکردنەوە

94) دەست + نیشانکردن = دەستنیشانکردن

95) سەر + شۆڕکردن = سەر شۆڕکردن

96) سەر + هەڵبڕین = سەر هەڵبڕین

97) سەر + دانەواندن = سەر دانەواندن

98) سەر + لەقوڕنان = سەر لەقوڕنان

99) سەر + چاککردن = سەر چاککردن

100) سەر + هەڵگرتن = سەر هەڵگرتن

101) سەر + خوران = سەر خوران

102) سەر + شۆردن = سەرشۆردن

103) سەر + گرتن = سەرگرتن

104) سەر + خوران = سەرخوران

105) دان + پێدانان = دانپێدانان

106) دەم + کردنەوە = دەمکردنەوە

107) دەم + داپچڕین = دەمداپچڕین

108) دان + دەرهێنان = داندەرهێنان

109) دان + کێشان = دانکێشان

110) دان + پڕکردنەوە = دانپڕکردنەوە

111) دان + شۆردن = دانشۆردن

112) زمان + بڕین = زمانبڕین

113) لوت + بڕین = لوتبڕین

114) برۆ + هەڵتەکاندن = برۆهەڵتەکاندن

115) چاو + داگرتن = چاوداگرتن

116) زمان + پژان = زمانپژان

117) زمان + گیران = زمانگیران

118) زمان + گرتن = زمانگرتن

119) لوت + گیران = لوتگیران

120) قژ = بڕین = قژبڕین

121) قژ + ڕواندنەوە = قژڕواندنەوە

122) موو + هەڵگرتن = مووهەڵگرتن

123) مۆڕە + کردن = مۆڕەکردن

124) تووڕە + بوون = تووڕەبوون

**8 / حاڵەت + چاوگ = حاڵەت**

122) مۆڕە + کردن = مۆڕەکردن

123) تووڕە + بوون = تووڕەبوون

## ب / لێکدان بەیارمەتی کۆنجێکشن[1]

**تەرزی ئەم جۆرە وشانەش بریتییە لە:**

**1/ ناو + – ە – + ئاوەڵناو + ە = ناو**

124) هەنجیر + ە + زەرد + ە = هەنجیرەزەردە

125) هەنجیر + ە + شین + ە = هەنجیرەشینە

**2/ ناو + ە + ڕەنگ + ە = ئاوەڵناو**

126) سەر + ە + خۆر + ە = سەرەخۆرە

**3/ ناو + ە + زا = ناو**

127) کچ + ە + زا = کچەزا

---

[1] نموونەی ئەم جۆرە وشانە لەم سێ کێڵگەیەدا کەمە بەڵام لەشوێنی تردا هەمانەو ئێمە وای بۆئەچین کە تەرزی ئەم جۆرە وشانە ڕیزبوونێکی تایبەتیان هەیەو ئەگەر لەڕووی مێژووییەوە لێیان بدوێین، دەبینین سازبوونی وشەکان لەسەرەتادا فرێز بوون و گۆڕانی فۆڕمیان بەسەردا هاتووە تاوەکو ببنە دانەیەکی فەرهەنگی(هەنجیری زەرد ، قژی سەر، کەللەی سەر)

128) خوشك + ه + زا = خوشکەزا

129) کوڕ + ه + زا = کوڕەزا

4/ ناو + ه + ناو = ناو[1]

130) قژ + ه + سەر = قژە سەر

131) کەلە + ه + سەر = کەلە سەر

132) تەپڵ + ه + سەر = تەپڵە سەر

### 2/1/2/3/2) ئەو وشانەی لەڕووی حکومکردن و بەستنەوەوە بێلایەنن:

بەشێکی وشەکان ڕیزبوونیان بەپێی یاساکانی حکومکردن و بەستنەوە ڕیزنەبوون، بەڵکو بێلایەنن لەحکومکردن و تەنانەت ئەگەر یەکێك لە پێکهاتەکانیش کەرەسەی بەدەسەڵات بێت و حکومکەر بێت، ئەوا لەو ڕیزبوونەدا ئەو دەسەڵاتەی لەدەستداوە[2] و تەرزەکانی ئەم ڕیزبوونەش بەم شێوەیەیە:

1/أ/ ناو + ناو = ناو

133) ژن + برا = ژنبرا

134) برا + ژن = براژن

135) قۆخ + هەنجیر = قۆخ هەنجیر[3]

ب/ ناو + و + ناو = ناو

136) دایك + و + باوك = دایکوباوك

137) ژن + و + مێرد = ژنومێرد

138) خوشك + و + برا = خوشکوبرا

139) دەم + و + چاو = دەموچاو

---

[1] ئەم جۆرە تەرزە لەسەرەتادا داڕشتنێکی فرێزییان هەیەو دوای چەسپینیان و گۆڕانی فۆنۆلۆژی /ی/ بۆ /ە/ چەسپیوون و بوونە دانەیەکی فەرهەنگی بەم شێوەیە:

قژی سەر قژە سەر

کەللەی سەر کەللە سەر

تەپڵی سەر تەپڵە سەر

[2] لەم چەشنە وشانەدا سەری واتایی ڕۆڵ دەبینێت و لەزمانی کوردیشدا سەرکۆتاییە، بۆیە ئەبینین سەری واتاییەکە لەکۆتایدایە.

[3] لەم نموونەیەدا سەری واتایی فرەسەرە نەك یەکیان ( بڕوانە 4/2 ).

140) شان + و + مل = شانومل

2/أ/ ئاوەڵناو + ناو = ئاوەڵناو

141) بەد + ڕەوشت = بەدڕەوشت

142) بەد + خوو = بەدخوو

ب/ ناوی ئاوەڵناو ئاسا + ناو = ئاوەڵناو

143) کەر + پیاو = کەرپیاو

پ/ ئاوەڵناو + ە + ناو = ناوی ئاوەڵناوی

144) ڕەش + ە + هەرمێ = ڕەشەهەرمێ

145) پیر + ە + مێرد = پیرەمێرد

146) شۆخ + ە + ژن = شۆخەژن

147) گرد[1] + ە + پیاو = گردەپیاو

## 2/2/3/2) ڕێککەوتنی دەنگی:

ژمارەیەك وشە بەهۆی ڕێککەوتنی دەنگی و لەسەر بنەمای پەیوەندیی دەنگی بەیەکەوە پێکهاتەیەك دروست دەکەن ، ئەم پێکهاتانەش چەند تەرزێکی جیاوازیان هەیە[2]:

### یەکەم / دووبارەبوونەوە :

---

[1] گرد ناوێکی ئاوەڵناوییەو هەڵگری سیمای ئاوەڵناوییە لەپێکهاتەدا.

[2] ئاشکرایە کە لەم ێکهاتانەشدا واتا دەوری خۆی ئەبینێت، بەلاّم ئێمە لەم پارەدا تەنیا باس لەفۆڕم دەکەین و بۆ زانیاری دەربارەی لایەنی واتایی بڕوانە پاری چوارەمی ئەم بەشە.

هەندێك وشە بەبێ یارمەتی مورفیمی بەند پێکهاتەی فرێزێکی ئاوەڵکرداری دروست دەکەن بەم شێوەیە:

N +N = ئاوەڵکردار ئاسا

قۆخ + قۆخ = قۆخ قۆخ (قۆخ قۆخ جیایان بکەرەوە)

سێو + سێو = سێو سێو (سێو سێو هەموویانی خوارد)

دەم + دەم = دەمدەم

سەر + سەر = سەر سەر سەر سەر بیانژمێرە

مناڵ + مناڵ = مناڵ مناڵ مناڵ مناڵ هاتن

ژن + ژن = ژن ژن

1/ **دووبارەبوونەوەی وشەکە بەیارمەتی مورفیمی بەند**

**ئەم تەرزە جیاوازانەی هەیە:**

**أ / ناو + ە + ناو = ئاوەڵکردار ئاسا**

148) چاو + ە + چاو = چاوەچاو

149) دەم + ە + دەم = دەمەدەم

**ب/ ناو + ناو + ێن = ئاوەڵکردار ئاسا**

150) چاو + چاو + ێن = چاوچاوێن

**پ/ ناو + بە + ناو = ئاوەڵکردار ئاسا (چۆنییەتی گەیاندن)**

151) ژن + بە + ژن = ژنبەژن

152) سەر + بە + سەر = سەر بە سەر

153) دەم + بە + دەم = دەمبەدەم

154) پێ + بە + پێ = پێ بە پێ

155) دەست + بە + دەست = دەستبەدەست

**ت / ناو + او/ ان + ناو = ئاوەڵکردار ئاسا**

156) دەست + او + دەست = دەستاودەست

157) دەم + او + دەم = دەماودەم

158) پشت + او + پشت = پشتاوپشت

159) قاچ + او + قاچ = قاچاوقاچ (قاچەوقاچ)

160) شان + او + شان = شاناوشان (شانەوشان)

161) سەر + ان + سەر = سەرانسەر

2 / **دووبارەبوونەوەی پێکهاتەی یەکەم بەیارمەتی ناوگر /و/ و هەروەها گۆڕینی دەنگی یەکەمی پێکهاتەکە بۆ /م/، بەمەبەستی فراوانبوونی واتایی:**

A +.... /و/ M + .......= ناوێکی فراوانکراو

162) چاو + /و/ + ماو = چاووماو

163) دەست + /و/ + مەست = دەستومەست

164) ئەژنۆ + /و/ + مەژنۆ = ئەژنۆومەژنۆ

165) پشت + /و/+ مشت = پشتومشت

166) سەر + /و/+ مەر = سەر ومەر

167) ژن + /و/ + من = ژنومن

168) کوڕ + /و/ + موڕ = کوڕوموڕ

169) کچ + /و/ + مچ = کچومچ

170) قۆخ + /و/+ مۆخ = قۆخومۆخ

171) سێو + /و/ + مێو = سێوومێو

...............

3/ دووبارەبوونەوەی دەنگەکان :

ئەم وشانە لەدوو پێکهاتە پێکهاتوون و بەشێوەیەك، کە دەنگێك یاخود چەند دەنگێکیان دووبارە بوونەتەوە لەسەر بنەمای فۆنۆلۆژی و پێکهاتەکەش بەیارمەتی کۆنجێکشنی /و/ سازبوون، چەند تەرزێکی جیاوازیشیان هەیە کە بریتین لە:

1 - دووبارەبوونەوەی دەنگی یەکهەم ؛ بەم شێوەیە :

ناو = ( ...... A)+ /و/ + ( ..... A )

182) گڕ + /و/ + گاڵ = گڕوگاڵ

183) خڕ + / و/ + خۆڵ = خڕوخۆڵ

184) شڕ + /و/ + شاڵ = شڕوشاڵ

185) شڕ + /و/ + شیتاڵ = شڕوشیتاڵ

186) خڕ + /و/+ خاڵ = خڕوخاڵ

187) ترێ + /و/ + تول = ترێ وتول

188) مناڵ + /و/ + مەزن = مناڵ ومەزن

189) کوڕ + /و/ + کاڵ = کوڕوکاڵ

190) سەر + /و/ + پۆتەڵاك = سەروپۆتەڵاك

2 دووبارەبوونەوەی دەنگی کۆتایی لەهەردوو پێکهاتەکەدا:

ناو = ( ....... A ) + /و/ + ( ...... A )

182) شل + /و/ + مل = شلومل

183) لووت + /و/ + پووت = لووتوپووت

3 دووبارەبوونەوەی هەردوو دەنگی سەرەتاو کۆتایی[1]

( B........ A ) + / و / + ( B ...... A )

182) ناز + /و/+ نووز = نازونووز

183) ماچ + /و/ + مووچ = ماچوموچ

184) قاچ + /و/ + قۆچ = قاچوقۆچ

**دووهەم/ ژمارەی بڕگە:**

لەم جۆرە وشانەدا زیاتر سەری واتایی ڕۆڵدەبینێت و پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکات، بەڵام لەڕیزبوون و بەدوایەکداهاتنی پێکهاتەکان و ژمارەی بڕگەکان ڕۆڵدەبینن و ئەو پێکهاتەیەی ژمارەی بڕگەکەی کەمتر بێت پێش ئەو پێکهاتەیە دەکەوێت، کە ژمارەی بڕگەکەی زیاترە.

185) یەکبڕگەیی + /و/ + فرەبڕگەیی

186) سەر + /و/ + گوێلاك = سەرو گوێلاك

187) دەم + /و/ + قەپۆز= دەمو قەپۆز

188) دەم + /و/ + فلَق = دەموفلَق

189) سەر + /و/ + فەسالْ = سەروفەسالْ

190) شان + /و/ + شەوکەت = شانوشەوکەت

[1] دەکرێ تەرزێکی ئەم وشانە بەجۆرێکی تریش دیاری بکەین ئەویش دووبارەبوونەوەی پێکهاتەی یەکهەم، بەڵام بەگۆڕینی ڤاوڵی ناوەڕاست لە /ا/ بۆ /و/ یان /ۆ/.

## 4/2) ڕێککەوتنی واتایی وشەکان:

### 1/4/2) ڕیزبوونی پێکهاتەکان و پڕکردنەوەی جێکەوتەکان:

لە( 3/2 ) دا گفتوگۆمان لەڕیزبوونی وشەکان کرد بەپێی یاساو ڕیزبوونە ڕێزمانییەکان، بەلاّم بەشێکی ڕیزبوونەکان، بەتایبەتی ئەو ڕیزبوونانەی، کە بێلایەنن لە حکومکردندا >>واتا << ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پڕکردنەوەی جێکەوتەکاندا ، هەموو ئەو وشانەی کە یەك سەری واتاییان هەیە (بۆ جۆرە جیاوازەکانی سەری واتایی، بڕوانە 2/4/2 ی ئەم بەشە)، جێکەوتەی دووهەم دەبێتە سەری واتایی و کەرەسەی سەرەکی.

واتە کە دەڵێین (ڕەشە هەرمێ) مەبەستمان لەجۆرێکی هەرمێیە ، یاخود، کە دەوترێت (ژنبرا) قسەکردنە لەسەر ( برا ) نەك ژن، بە پێچەوانەشەوە کاتێك دەڵێین ( براژن )باسی (ژن) دەکەین نەك ( برا ).

ئەو پێکهاتانەش، کە زیاتر لەسەرێکی واتاییان هەیە و بەپێی یاساکانی حکومکردن و بەستنەوە ڕیزنەبوون، ئەوا یان بەپێی ڕێککەوتنی دەنگی جێکەوتەکان پڕدەکەنەوە (2/2/3/2) یاخود بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەلاّیەتی و دابونەریتی کۆمەڵ و هەندێك جۆریشیان بەپێی لۆژیك بۆ نموونە : وشەکانی (ژنومێرد، خوشکوبرا، دایکوباوك) ئەو وشانەی کە (+مێ)ن‌و لەناو خێزانەکەدان، جێکەوتەی یەکهەم پڕدەکەنەوە، بەلاّم بۆ ئەو وشانەی کە لەدەرەوەی خێزانەکەن (+ نێر) پێش دەکەوێت بۆ نموونە:

191 ) کوڕو کچ، پیاوژن، مام و ئامۆژن، خاڵوخاڵۆژن، براوبراژن،...

بەلاّم لەم پێکهاتانەدا زیاتر لۆژیك ڕۆڵدەبینێت لەپڕکردنەوەی جێکەوتەکان:

192) سەروملى (سەر گرنگترە لەمل لەبەرئەوەی سه رهەڵگری مێشکە)

193) دەستوپێ (دەست گرنگترە لە پێ)

194) چاووبرۆ (چاو گرنگترە لە برۆ)

### 2/4/2) سەری واتایی:

مەبەست لەسەری واتایی دیاریکردنی کەرەسەی سەرەکییە لەناو پێکهاتەی وشەیەکی دیاریکراو بەپێی واتاکەی، بەواتایەکی تر واتای دەرکردەی پێکهاتەکە، قسەکردنە لەسەر ئەو

پێکهاتەیەی، کە جێکەوتەی دووهەم پڕدەکاتەوە یان ئەوەیان کە جێکەوتەی دووهەم پڕدەکاتەوە، بەم پێیەش ئەم جۆرە جیاوازییانەی سەری واتاییان هەیە[1] :

### 1/2/4/2) یەک سەری واتایی:

هەندێك لەوشەکان تەنیا یەك سەری واتاییان هەیە، واتە واتای پێکهاتەی وشەکە قسەکردنە لەسەر یەکێك لەو پێکهاتانەی کە پێکهاتە نوێکەیان دروستکردووە، ئەمیش دەکرێت بە دوو بەشەوە:

**أ –ئەو وشانەی سەری واتاییان دەکەوێتە پێشەوە**

بەشێکی زۆری ئەو پێکهاتانەی، کە بەپێی ڕێسای حکومکردن و بەستنەوەوە ڕیزبوون سەری واتاییان لەسەرەتادا یاخود جێکەوتەی یەکهەم دەبێت بۆ نموونە:

195) براگەورە (قسەکردنە لەسەر برا)

196) برا بچووك (قسەکردنە لەسەر برا)

197) باپیرە (قسەکردنە لەسەر باوك)

198) داپیرە (قسەکردنە لەسەر دایك)

199) پشتکۆم (قسەکردنە لەسەر پشت)

200) هەرمێ لاسوورە (قسەکردنە لەسەر هەرمێ)

201) لووتفش (قسەکردنە لەسەر لووت)

202) هەنجیرە زەرد (قسەکردنە لەسەر هەنجیر)

203) قژەسەر (قسەکردنە لەسەر قژ)

**ب – ئەو وشانەی سەری واتاییان جێکەوتەی دووهەمە و لەکۆتاییدایە:**

ئەمیش هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بەپێی یاساکانی حکومکردن ڕیزنەبوون و یەك سەری واتایشیان هەیە.

204) ژنبرا (قسەکردنە لەسەر برا)

205) برا ژن (قسەکردنە لەسەر ژن)

206) بەدڕەوشت (قسەکردنە لەسەر ڕەوشت)

207) بەد خوو (قسەکردنە لەسەر خوو)

208) کەر پیاو (قسەکردنە لەسەر پیاو)

---

[1] بڕوانە ( Plag ( 2003 : 137 ، Spencer ( 2001 : 66 )

209) گردە پیاو     (قسەکردنە لەسەر پیاو)

## 2/2/4/2) ئەو وشانەی زیاتر لەسەرێکی واتاییان هەیە:

هەندێکجار پێکهاتە نوێکە تەنیا بۆ واتای وشەیەکیان ناگەڕێتەوە، بەڵکو یان بۆ واتای هەردوو جێکەوتەکە دەگەڕێتەوە یاخود بۆ زیاتر لە واتای دوو جێکەوتەکە .

1 / ئەوانەی هەڵگری واتای هەردوو جێکەوتەکەن و واتای هەردووکیان دەگەیەنن، وەك:

210) ژنومێرد

211) دایکوباوك

212) قۆخهەنجیر     (میوەیەکە لەهەردوو میوەکە دروستبووەو نە قۆخ و نەهەنجیرە و لەهەمانکاتدا هەردووکیشیانە)

213) خوشکوبرا

2/ سەری واتایی لە هەندێك وشەدا زیاتر لە واتای پێکهاتەی هەردوو جێکەوتەکەیە، بۆ نموونە واتای ئەم وشانەی خوارەوە لە واتای هەردوو پێکهاتەکەیان زیاترە.

214) دەموچاو     ( دەم + لوت + ڕوو + چاو + برۆ + چەناگە )

215) سەرو گوێلاك

216) سەرو فەساڵ

217) دەم و قەپۆز

## 3/2/4/2) سەری واتایی دەرەوەی پێکهاتە:

واتای پێکهاتە نوێیەکە جیاوازە لە واتای فەرهەنگی ئەو پێکهاتانەی، کە جێکەوتەکانی وشە لێکدراوەکەیان پێکهێناوە، بەشێکی زۆری ئەم وشانەش واتای ئیدیۆمیان هەیەو هەندێکیشیان واتایەکی نائیدیۆمی دەگەیەنن، بەڵام لە دەرەوەی واتای پێکهاتەکانی وشەکە، بۆ نموونە :

أ/ 218 ) چاو شین     ( واتایەکی نا ئیدیۆمی لە دەرەوەی واتای چاوشین دەگەیەنێت و مەبەست کەسێکەو جیاوازە لە "چاوی شین" )

219) سەرگەورە     ( سەرکردە )

220) سەرپۆش     ( ئامێر )

221) سەرتاش     ( کەس )

222) بالاَبەرز ( کەس )

ب /

223) زمانلووس ( لە خشتەبەر ، بەتوانا لە باوەر پێهێناندا ) واتای ئیدیۆمی

224) دەمپیس ( جنێوفرۆش و بێ فلتەر لە قسەکردندا )

225) دەستبڕ ( فێڵباز و گرانجان )

## 3/4/2 ) ڕێککەوتنی پێکهاتەکان بە پێی نیشانە واتاییەکان:

### 1/3/4/2 ) ئەو پێکهاتانەی یەک سەری واتاییان هەیە:

ڕێککەوتن لەناو ئەم پێکهاتانە بە دوو چەشنی جیاوازە :

#### 1/1/3/4/2 ) ئەو پێکهاتانەی سەرەوڕیزبوونیان بەپێی ڕێسای حکومکردن و بەستنەوەیە

نیشانەی واتایی دەرکردەکە بەم شێوەیەیە:

ئەو وشانەی، کە / ئاوەڵناو / تیایدا حوکمدەکات و جێکەوتەکانی( ناو + ئاوەڵناو )ە، نیشانەی واتایی دەرکردەکان نیشانەکانی جێکەوتەی یەکهەم دەبن ، لەگەڵ بەشێك لە نیشانەکانی جێکەوتەی دووهەم، واتە دەرکردەکە قسەکردنە لەسەر پێکهاتەی جێکەوتەی یەکهەم ( ناوەکە ) و هەندێك لە واتاکانی پێکهاتەی دووهەم ( ئاوەڵناوەکە )ی پێدەدرێت.

224 ) / برا / + / گەورە / = / برا گەورە /

| / برا / | / گەورە / | / برا گەورە / |
|---|---|---|
| + مرۆڤ | + قەبارە | +مرۆڤ |
| + نێر | + تەمەن | +نێر |
| ± هەراش | + دەسەلاَت | +هەراش/تەمەن |
| | | +دەسەلاَت |

تێبینی/ هەندێکجار / براگەورە / نیشانەکانی { + نێر } و { + هەراش/تەمەن } لە دەستدەدات، بە تایبەتی لە هەندێك باری کۆمەلاَیەتیدا یاخود کاتی نەرمی نواندنی برا گەورەدا ، ئەویش لە کاتی هەڵبژاردنی شتێك یاخود بەشێك...هتد ڕوودەکرێتە برای بچووك یان / براژن / ( ئەگەر مێردی مردبێت ) یاخود خوشك دەوترێت >خۆت برای گەورەبە< لێرەدا دەبێتە { ± نێر ، ± تەمەن } .

225 ) / بابە / + / گەورە / = / بابە گەورە /

| | | |
|---|---|---|
| + مرۆڤ | + قەبارە | + مرۆڤ |
| + نێر | + هەراش | + نێر |
| + هەراش | + دەسەڵات | + هەراش |
| + ڕێز | + ڕێز | + دەسەڵات |
| | | + ڕێز |

تێبینی : لە هەندێك بارو دۆخی كۆمەڵایەتی تایبەتدا / بابەگەورە / نیشانەی {+ دەسەڵات} لە دەستدەدات ، لەكاتی نەبوونی مامەڵەیەكی باشی كوڕو كوڕەزاكانی لە گەڵیدا ، بەڵام ئەمە ڕێژەیەكی كەمە ، بۆیە ئێمە كار لەسەر گشتی دەكەین .

226 ) / پشت / + / كۆم / = / پشتكۆم /

| / پشت / | / كۆم / | / پشتكۆم / |
|---|---|---|
| + ئەندمی لەش | - ڕێك | + ئەندامی لەش |
| + گرنگ | - هێز | - گرنگ |
| + پەیكەر | - جوان | - جوان |
| + هێز | | - هێز |
| + ڕێك | | - ڕێك |
| ± جوان | | ± پەیكەر |

227 ) چاو + جوان = چاوجوان

| چاو | جوان | چاوجوان |
|---|---|---|
| + ئەندمی لەش | + جوان | + ئەندمی لەش |
| + بینین | + باشە | + بینین |
| ± جوان | + گرنگ | + جوان |
| + باشە | | + باشە |
| + گرنگ | | + گرنگ |

تێبینی :

یەكهەم : ئەگەر لەو نموونانە وردبینەوە دەبینین، كە ئەگەر ناوەكە ـ ئەو تێكردەیەی جێكەوتەی یەكهەم پڕدەكاتەوە ـ لە یەكێك لە نیشانەكاندا لەگەڵ جێكەوتەی دووهەم هاوبەشبوو ، ئەوا لە دەركردەكەدا گرنگی بەو نیشانەیە دراوە و تیایدا زەقكراوەتەوە . كەواتە ئەگەر نیشانەكە بە كەمی یاخود بە ئەلفا لە > ناو < ی تێكردەكەدا هەبێت، ئەوا لە دەركردەكەدا بە { + } و بەڕوونی دەبینرێت ، بۆ نموونە { ± تەمەن } لە / برا /دا بووە

به { + تەمەن } لە / برا گەورە /دا ، یاخود { ± جوان } لە / چاو / دا بووە بە {+ جوان} لە / چاوجوان / دا یاخود { +ڕێز } لە / بابە گەورە /دا زۆرترە لە چاو / بابە / دا.

دووهەم/ ئەگەر نیشانەیەك لە > ناو < ی تێكردەكەدا هەبوو ، بەلاّم لە ئاوەڵناوەكەدا نەبوو یاخود پێچەوانەكەی هەبوو ، ئەوا لە تێكردەكەدا ئەو نیشانەیە لە ناوەكە دەركراوەو نەماوە ، بۆ نموونە { +ڕێك ، + هێز } لە / پشت / دا هەیە ، بەلاّم لە / پشتكۆم / دا بووە بە { - ڕێك ، - هێز }.

228 ) / هەرمێ / + / لاسوورە / = / هەرمێ لاسوورە /

| / هەرمێ / | / لاسوورە / | / هەرمێ لاسوورە / |
|---|---|---|
| + میوە | + بەشێك | + میوە |
| ± ڕەنگ دیاریكراو | + ڕەنگ | + بەشێك دیاریكراو |
| | | + ڕەنگ دیاریكراو |

## 2/1/3/4/2 ) ئەو پێكهاتانەی كە بێلایەنن لە ڕووی حكومكردن و بەستنەوەوە:

ئەم تەرزە جیاوازانەیان هەیە :

### أ ) ئەوانەی تێكردەكانیان ( ناو + ناو )ە :

واتای دەركردەكە بریتی دەبێت لە واتای ئەو ناوەی، كە جێكەوتەی دووهەم پڕدەكاتەوەو ناوی جێكەوتەی یەكهەم وەكو دەرخەرێك ، ناوی دووهەم ڕووندەكاتەوە ؛ بۆ نموونە :

229 ) / برا / + / ژن / = / براژن /[1]

| / برا / | / ژن / | / براژن / |
|---|---|---|
| + مرۆ | + مرۆڤ | + مرۆڤ |
| + نێر | - نێر | - نێر |
| ± هەراش | + هەراش | + هەراش |

[1] ئەو نموونانەی لەم شێوەیەن و نیشانەی نزیكی و خزمایەتی دەنوێنن ، سەری واتاییان لە كۆتایدایەو جێكەوتەی یەكهەم دەرخەری پەیوەندی نێوان قسەكەرو جێكەوتەی دووەمە،واتە جێكەوتەی یەكهەم ڕوونكەرەوەی یاخود پێچەوانەكەرەوەی نیشانەیەكی واتایی جێكەوتەی دووەم نیە،بەڵكو دەرخەری پەیوەندی سەری واتاییە بە قسەكەرەوە ،ئەوەشمان بیر نەچێت كە ( ژن ، برا ، خوشك ، ... ) وەكو جێناوەكان وان و بە پێی كەسەكان ئاماژەبۆكراوەكانیان دەگۆڕێت .

+ نزیکی لە قسەکەر - نزیکی لە قسەکەر + نزیکی لە قسەکەر

ب ) ئەو وشانەی کە تەرزەکانیان ( ئاوەڵناو/ئاوەڵناوئاسا + /ە/ + ناو )ە :

لەم جۆرە وشانەدا سەری واتایی جێکەوتەی دووهەمە و جێکەوتەی یەکەم ڕۆڵی دەرخەرێك بۆ جێکەوتەی دووهەم دەبینێت و نیشانەی ئاوەڵناوەکە لە تێکردەکەدا دەمێنێتەوەو دەچێتە سەر واتای جێکەوتەی دووهەم یاخود جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئەگەر واتاکە لە واتای پێکهاتەی جێکەوتەی دووهەمدا هەبێت وەك:

230 )/ بەد / + / ڕەوشت / = / بەدڕەوشت /
{ + خراپ } { ± خراپ } { + خراپ }

231 ) / کەر / + / پیاو / = / کەرپیاو /
{ + خراپ } { ± خراپ } { + خراپ }

232 )/ ڕەش / + / هەرمێ / = / ڕەشەهەرمێ /
{+ ڕەنگ } {- ڕەنگی دیاریکراو } {+ ڕەنگی دیاریکراو }

233 ) / شۆخ / + / ە / + / ژن / = / شۆخەژن /
{ + جوان } { ± جوان } { + جوان }

2/3/4/2 ) ڕێککەوتنی ئەو پێکهاتانەی زیاتر لەسەرێکی واتاییان هەیە:

1/2/3/4/2 ) تەرزی واتایی دوو جێکەوتەیی :

ئەو وشانە واتاکانیان بریتی دەبێت لە واتای جێکەوتەی یەکەم و جێکەوتەی دووهەم ، واتە دوو سەری واتاییان هەیە ، بۆ نموونە :

234) / ژن / + / و / + /مێرد/ = / ژن ومێرد/ ( مەبەست ژنەکەش و پیاوەکەشە ).

235) /خوشك/ + / و / + / برا / = /خوشکوبرا/ ( خوشکیش و براش دەگرێتەوە ).

236) / شان / + / و / + / مل / = / شانومل/ ( شان و ملیش دەگرێتەوە ).

237) / ناز / + / و / + / نووز / = / نازونووز / ( جوڵەو شێوازی قسەکردن
"نووزە نووز" دەگرێتەوە ).
238) / ماچ / + / و/ +/مووچ/ = / ماچومووچ / ( ماچ و مڵچەکەشی دەگرێتەوە ).

2/2/3/4/2 ) ئەو وشانەی، کە سەری واتاکانیان زیاترە لە واتای هەردوو جێکەوتەکەو چەند شتێك دەگرێتەوە ، ئەمانیش دوو چەشنیان هەیە :

أ)ئەو وشانەی تەرزەکانیان بە پێی ڕێککەوتنی دەنگی ڕیزنەبوون ؛ وەك :

239) / دەم / + / و / + / چاو / = / دەموچاو / ( دەم + چاو + ڕوو + برۆ + لوت و... ) دەگرێتەوە.

ب ) ئەو وشانەی بە پێی ڕێککەوتنی دەنگی ڕیزبوون، لەم پێکهاتانەدا وشەی سەرەکی دەکەوێتە پێشەوەو جێکەوتەی یەکهەم دەگرێت و وشە دووبارەبووەکە یاخود پێکهاتەی جێکەوتەی دووهەم ڕێککەوتنی دەنگی دەبێت لەگەڵ پێکهاتەی جێکەوتەی یەکهەم زۆربەی جار پێکهاتەی دووهەم بۆ ئەمڕۆ واتایەکی ڕوونی نییە، بەڵام واتای پێکهاتەی یەکهەم فراوان دەکات و وای لێدەکات چەند شتێکی جیاواز بگرێتەوە و زیاتر بێت لە واتای خۆی.

240) / چاو / + / و / + / ماو / = / چاووماو /
241) چاووماوی شین بۆتەوە . ( چاو هەموو بەشەکانی تری دەموچاو بگرێتەوە
یاخود چواردەوری چاو ).
242) / دەست / + / و / + / مەست / = / دەستومەست /
دەستومەستی هەمووی شکابوو . ( دەست + پەنجە + مەچەك + قۆڵ ،...).

243) / سەر / + / و / + / گوێلاك / = / سەروگوێلاك / (هەموو ئەندامەکانی سەر).
244) / دەم / + / و / + / قەپۆز / = / دەموقەپۆز / (هەموو ئەندامەکانی سەر).

**3/3/4/2 ) ئەو وشانەی سەری واتاییان لە دەرەوەی واتای پێکهاتەکانی جێکەوتەی یەکهەم و دووهەمە** ؛ ئەمانیش دوو جۆرن :

أ)ئەو وشانەی، کە ئیدیۆمی نین‌و واتای کردەوەیەك یاخود ئاڵوگۆڕێك دەگەیەنن ، یاخود واتایەك دەگەیەنن، کە هەڵگری سیمای پێکهاتەکە بێت.

245)/ ژن /+/بە/+/ژن/ = /ژنبەژن/ ( واتای کردەوەیەکی ئاڵوگۆڕە نەك ژن بە تەنیا ).
246)سەر + بە + سەر = سەربەسەر ( واتای کردەوەیەکی ئاڵوگۆڕە نەك سەر بە تەنیا ).
247)چاو + شین = چاوشین ( کەس )
248)بالاّ + بەرز = بالاّبەرز ( کەس )
249)دەم + بە + دەم = دەمبەدەم ( کردەیەکی گواستنەوە )
250)دەست + او + دەست = دەستاودەست ( کردەی گەیاندنە )
251)پشت + او + پشت = پشتاوپشت ( کردەی گەیاندنە )

ب)ئەو وشانەی، کە ئیدیۆمین و واتای پێکهاتەکە لە واتای دانە پێکهێنەرەکانی یاخود لە واتای پێکهێنەری جێکەوتەی یەکهەم و دووهەمەوە نەهاتووە ، بەڵکو واتایەك لە دەرەوەی پێکهاتەکانی دەگەیەنێت، بەشێکی زۆری ئەو پێکهاتانەی، کە لە ناو کردار ( چاوگ ، ڕەگ، قەد)پێکهاتوون واتاکانیان ئیدیۆمین؛ وەکو :

252) دەست + بڕ = دەستبڕ ( فێڵباز )
253) خۆ + خۆر = خۆخۆر ( دژی خۆیەتی )
254) مێرد + پەرست = مێردپەرست ( مێردەکەی خۆشدەوێت )
255) دەست + گرتن = دەستگرتن ( یارمەتیدان )
256) دەست + لێبەردان = دەستلێبەردان ( وازلێهێنان )
257) سك + پڕبوون = سکپڕبوون ( سکی پڕە لە قسە )
258) دەست + تێکەڵکردن = دەستێکەڵکردن ( ڕێککەوتن ، خیانەت )
259) پێ + داگرتن = پێداگرتن ( سووربوون لەسەر )
260) دەست + پانکردنەوە = دەستپانکردنەوە ( سواڵکردن )

261) چاو + ە + چاو = چاوەچاو ( چاودێریکردن )

262) دەم + ە + دەم = دەمەدەم ( وەڵامدانەوە و ڕووبەڕوو بوونەوە)

### 4/4/2) هۆکارەکانی ڕێککەوتن:

1- ئەو واتایانەی وشەکان دەیگەیەنن:

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە ناو هەموو ئەو تەرزانەی باسمانکردن هەندێك لە وشەکان لە ناو پێکهاتەکاندا لەگەڵ هەندێك وشەدا ڕێککدەکەون و لەگەڵ هەندێك وشەی تردا ڕێکناکەون، ئەمەش پەیوەستە بە نیشانەواتاییەکانی ئەو وشانەی کە جێکەوتەکان پڕدەکەنەوە ، چونکە ئەو توێکڵە واتاییانەی کە ئەو وشانە لە ناو کۆمەڵدا وەریدەگرن، وا دەکات کە ئەو وشەیە ببێتە خاوەنی چەند نیشانەیەکی واتایی تایبەت و ئەم نیشانانەش وای لێدەکات لەگەڵ هەندێك وشەدا ڕێك بکەوێت ، بۆ نموونە :

وشەی / ڕەش / ڕەنگێکی سەرەکییە لە ناو ڕەنگەکاندا، بەڵام لە کۆمەڵی کوردیدا چەند نیشانەیەکی واتایی وەرگرتووە ، وەکو {+ بەدبەختی ، + شومی ، + تەعزیەباری ، + خراپەو سەرلێشێوان } بۆیە دەبینین ڕێککەوتنی هەیە لەگەڵ / ڕوو / لە /ڕووڕەش/دا یان / بەختڕەش /دا ، بەڵام لەبەرئەوەی ڕەنگی / پرتەقاڵی / ئەم نیشانە واتاییانەی وەرنەگرتووە ناتوانێت ڕێککەوتن بکات لەگەڵ ئەو وشانەدا.

2- دنیای ڕاستەقینەی دەرەوە[1]:

وشەکان بەگوێرەی ئەو شتەی لە دنیای ڕاستەقینەی دەرەوەی زماندا دەیگەیەنن، ڕێککەوتن لەگەڵ وشەکانی تردا دەکەن، هەربۆیە هەندێك وشە ناتوانن ڕێککەوتن لەگەڵ

---

(1) Palmer ( 1978 : 65 )

هەندێك وشەی تردا بکەن ، چونکە لە سروشتدا ئەو دوو شتەی ئەو وشانە دەیگەیەنن بەیەکەوە نایەن بۆ نموونە :

لە سروشتدا چاوی سەوزو شین و ڕەش‌و هەنگوینی‌و قاوەییمان هەیە، بۆیە چاو لەگەڵ ڕەنگەکانی (سەوزو شین‌و ڕەش‌و هەنگوینی‌و قاوەیی) ڕێککەوتنی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لەسروشتدا چاوی مارۆنی یاخود هەرمێی پرتەقاڵیمان نییە ، بۆیە ( مارۆنی ) لەگەڵ (چاو) و (پرتەقاڵی) لەگەڵ (هەرمێ)دا ڕێکناکەون.

3- هۆکاری کۆمەڵایەتی:

لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی کۆمەڵ دەبینین هەندێك وشە لەگەڵ یەکدا ڕێککدەون و بەیەکەوە دێن ، بەڵام هەندێکی تر بەیەکەوە نایەن ؛ بۆ نموونە لە دەرکردنی دەنگەکاندا لە زمانی کوردیدا زۆربەی گیاندارەکان وشەیەکی جیاواز بۆدەنگەکانیان دانراوە ، یاخود لە ڕێککەوتن لەگەڵ وشە تابووەکاندا.

263) مرۆڤ = قسەکردن ، بۆڵەبۆڵ ، نووزەنووز ، قیڕەقیڕ ،...

264) شێر = نەڕاندن.

یاخود بۆ مناڵی ( مام ، خاڵ ، پوور ، برا ، خوشك ، برازا ، خوشکەزا ، ... ) ڕێککەوتن هەیە، کە بەمۆرفیمی ( زا ) ناو لە هەموویان بنرێت، واتە ( زا ) ڕێککەوتنی دەبێت لەگەڵ هەموو ئەو وشانە، وەك ( مامۆزا/ئامۆزا، خاڵۆزا، پوورزا، برازازا، خوشکەزازا ، ..)، بەڵام ڕێککەوتنی نییە لەگەڵ ( باوك ، دایك ) و ناوترێت ( باوکزا ، دایکزا )، چونکە لە کۆمەڵی کوردیدا وشەی جیاواز بەرامبەر بەوە دانراوە کە ( خوشك ، برا ) یە .

4 - هۆکاری دەروونی :

بێگومان لایەنی دەروونی قسەکەر ڕۆڵ دەبینێت لە هەڵبژاردنی وشەکان وریزکردنیان، بەتایبەت پەیوەست بە ڕێزگرتن وتووڕە بوون و هەڵچوونەوە، بۆ نموونە کاتێك کەسێك یەکێکی خۆشبوێت وشەی ( ناشیرین ) لەگەڵ ئەندامەکانی لەشی ئەودا بەکار نایەنێت ، ئەگەر ناشیرینیش بێت، یاخود کەسێکی شەرمن بەڕەگەزی بەرامبەر ناڵێت ( چاوجوان ، باڵابەرز ، کورتەباڵا ، ... ) .

## 2/ 5 ) ڕێککەوتن لە فرێزو رستەدا[1]:

[1] بۆ زانیاری لەسەر دروستەی فرێز بڕوانە ، عبدولجەبار مستەفا ( 2005 )

پێکهاتەکانو وشەکانی ناو ئەم سێ کێڵگەیە ئاسایی لەگەڵ وشەو پۆلەکانی تری ئاخاوتنی کوردی چەندین جۆر ڕێککەوتنی ڕێزمانیو واتاییان دەبێت، بۆ نموونە دەتوانن ببنە سەرو لە ڕێگەی وشەی ترەوە دەربخرێنو واتاکانیان زیاتر دیاریبکرێت.

265) دەستی من

266) هەرمێی تۆ

267) باوکی نەتەوەیی

268) کوڕی خۆم

269) خەیاری گوڵبەدەم

یاخود دەتوانن ببنە دەرخەرو واتای کەرەسەی تر دیاری بکەن ، وەك:

270)ئازاری دان/ سەر/ گورچیلە/ .....تاد

271)ئەڵقەی پەنجە

272)بۆیاخی سەر

273)بۆیەی نینۆك

274)داری هەرمێ

275)مرەبای هەنجیر

276)هاوڕێی باوکم

دەتوانن بە فۆرمی جیاوازو بە یارمەتی مۆرفیمە بەندە جیاوازەکان، ڕێکەوتن لەگەڵ مۆرفێمەکان بکەنو دروستە فرێزییەکان پێکبهێنن ، وەك :

بە یارمەتی مۆرفیمی /و/ :

277)کوڕو کچی مامم هاتن.

278)هەنارو هەرمێم کڕی.

279)سەرو سمێڵی بۆیاخە.

بە یارمەتی مۆرفیمی /ی/:

280)پیاوی باش

281)کوڕی قۆز

282)کچی جوان

283)هەناری شارەبان

284)پێی پان

بە یارمەتی مۆرفیمی / بە /:

285)بە دەست

286)به پێ

287)ئەم کارە بە کوڕ دەکرێت.

288)شوتی بە شوتی شەرت کرد، هەموویان سوورو جوان بوون.

بە یارمەتی مۆرفیمی / بۆ/:

289)بۆ باوکم نارد

290)بۆ کوڕ باشە

291)بۆ هەنجیرێك خۆی خستە خوارەوە.

292)عەینەکێکم بۆ چاوم کڕی.

بە یارمەتی مۆرفیمی /لە/:

293)لەدەستکردن

294)لە کوڕەکەی سەند.

295)لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە.

296)لە هەنجیردا ماددەی سوودبەخش زۆرە.

ئەم فرێزانە - هەندێك لەو فرێزانە لە رستەدا خراونەتەڕوو — جێکەوتە جیاوازەکانی رستە پڕدەکەنەوە، واتە رۆڵی هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینن لە رستەداو بە گوێرەی گونجان‌و ڕێککەوتنی لۆجیکی لەگەڵ وشەکانی تردا فرێز پێکدەهێنن‌و جێکەوتەکانی ڕستە پردەکەنەوە. هەروەها بەپێی لۆجیك‌و بنەماکانی ڕێککەوتن‌و گونجانی واتایی، ڕێککەوتنیان لەگەڵ کردارەکان دەبێت، لە کاتی پڕکردنەوەی جێکەوتەکاندا، بۆ نموونە:

792)گوێ ـــــ بیستن

892)چاو ـــــ بینین

992)دەم ـــــ خواردن/ قسەکردن

003)قاچ / دەست ـــــ شکان/ لەجێچوون

103)سەر ـــــ شکان / بڕین

203)هەموو میوەکان ـــــ خواردن

303)ئەندامەکانی خێزان ـــــ مردن

بۆیە دەڵێین بەپێی لۆجیك‌و بنەماکانی ڕێککەوتن، چونکە بەپێی ئەو بنەمایانە وشەکان لەگەڵ هەندێ کرداردا رێکدەکەون و لەگەل هەندێکی تردا ڕێکناکەون بۆ نموونە:

403)چاو ـــــ داگرتن (لەبەرئەوەی کردەکە تەنها هێنانە خوارەوەی مەبەستە.)

503)برۆ ـــــ هەڵتەکاندن (لەبەرئەوەی کردەکە چوونەسەرەوەو هاتنە خوارەوەیە)

603)دەست ـــــ شکاندن (ئێسکی تێدایەو ئێسکیش رەقەو دەشکێت.)

703)قژ ـــــــ بڕین (قژ نەرمەو ناشکێت)

| | |
|---|---|
| 308)هەموو ئەندامەکانی خێزان / مرۆڤ ـــــــ مردن | ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی |
| 309)میوە / درەخت ـــــــ وشکبوون | |
| 310)ترێ ـــــــ کردن | |
| 311)گوێز ـــــــ کوتان | |
| 312)بێستان ـــــــ رنین | |

بێگومان ئەم ڕێککەوتنو بە یەکەوە هاتنەبەپێی نیشانە واتاییەکان دەبێت؛ نیشانە بنەڕەتییەکان و ئەو نیشانە جیاوازانەی کە توێکڵە واتاکانی وشەکان دەگەیەنن ( بڕوانە 3/2)

## 6/2 ) ئەو دیاردانەی لە پەیوەندیی ئاسۆییدا سەرهەڵدەدەن:

لەناو ئەو پەیوەندییە ئاسۆییانەی پێشتر باسمانکردن، ئەم دیاردە واتاییانە سەرهەڵدەدەن:

1/ هاوڕێیەتی: ڕێککەوتنو پێکەوەهاتنی پێکهاتەو وشەکانە لەناو وشەی لێکدراوو فرێزو ڕستەکاندا، (بڕوانە نموونەکانی پێشتر)، ئەمیش دوو چەشنی هەیە:

أ- هاوڕێیەتی ئاسایی / ڕێککەوتنو پێکەوەهاتنی وشەکانە لە پێکهاتەیەکدا، وەك لە هەموو ئەو رستەو دەربڕاوانەی ڕۆژانە بەکاریان دەهێنین دەیبینین،

| | | |
|---|---|---|
| 313 ) ئازاد | سێو | دەخوات |
| {+ توانای خواردن} | {+ خوراو} | {+ بکەری کارا} |

ب - هاوڕێیەتی بەئیدیۆمبوو : ئەو ڕێککەوتنانە دەگرێتەوە، کە تەنیا لەگەڵ وشەیەك یان چەند وشەیەکی دیاریکراو ڕێککەوتن دەکەن ، وەك :

214)جگەرەکێشان

215)دەستبڕین

216)ڕووزەرد

2/ نەگونجان : مەبەست لەنەگونجان ئەوەیە، کە بەپێی نیشانە واتاییە بنەڕەتییەکان دوو وشە یان دوو فرێز بەیەکەوە ناگونجێن، بەڵام لەهەندێك دەربڕاودا بەیەکەوەدێن، ئەوکات یەکێك لەپێکهاتەکان ئەو نیشانەواتاییەی کە نەگونجانەکە دەگەیەنێت وندەکات و ڕێککەوتنێکی ئیدیۆمی دروستدەبێت ، بەم شێوەیە * :

* ئەو وشەو فرێز و ڕستانەی کە واتای ئیدیۆمییان هەیە ، ئەم دیاردەیەیان تێدایە

أ ـ لەسەرئاستی وشە :

217)مناڵومەزن ( منال { - هەراش } و مەزن { + هەراش }ە ، بەڵام ( مەزن ) نیشانەی{ + هەراش }ی ونکردووە .

218)دەستبڕ ( بڕین { + جیاکردنەوەو پارچەپارچەکردن }ە ، بەڵام ئەو نیشانەیەی ونکردووە).

ب ـ لەسەر ئاستی فرێز :

219 ) چاوی پیس ( پیس { + چڵکن }ە ، بەڵام لە ( چاوپیس ) دا ئەو نیشانەیەی ونکردووە و بەواتای بەغیل و حەسود و ئیرەییبەر دێت )

پ ـ لەسەر ئاستی ڕستە :

220 ) کابرا دەستی دەڕوات . / ڕۆشتن / { + گۆڕینی شوێنێك بۆ شوێنێکی تر}، بەڵام لێرەدا بەواتای تواناو هێز و دەسەڵات دێت .

## 1/3 ) پەیوەندیی کێڵگە واتاییەکان:

### 1/1/3 ) پەیوەندیی ئاسۆیی نێوان کێڵگەکان:

1. ئاڵوگۆڕ :

بەهۆی فراوانبوونی واتاییەوە، وشەیەك سنووری کێڵگەکەی خۆی دەبەزێنێت و دەچێتە ناو کێڵگەیەك یان چەند کێڵگەیەکی ترەوە ؛ واتە بەهۆی فراوانبوونی واتایی وشەکانەوە ، کێڵگەکان ئاڵوگۆڕ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن (بڕوانە 3/2/7/1) ؛ بۆ نموونە :

(1) چاو ـــ چاوی غاز ، چاوی عەلادین ، چاوی سیدی ،.. ( کێڵگەی ئامێرەکانی ناوماڵ )

چاومار ، چاوی قرژاڵ ، ... ( کێڵگەی گیانداران )

چاوی مایکرۆسکۆب ، چاوی دووربین ( ئامێرو ئامێری پزیشکی )

( 2 ) سەر ـــ سەرقاپ ، سەری مەنجەڵ ، .......... ( کێڵگەی ئامێر )

سەرگەورە ، سەرتیپ ، سەرلەشکر ، سەرۆك ،.... ( کێڵگەی پلەوپایە )

سەرلێشێواو ، سەرلێتێکچوو ، قوربەسەر ،سەربەرز ، .... ( کێڵگەی حاڵەت )

( 3 ) زمان ـــ زمانەی کێلۆن ، ( ئامێر)

زمانی کوردی ، زمانی فارسی ، .... ، زمانی گیانداران ( ئامێری پەیوەندی )

زمانی ئاخاوتن ، زمانی نووسین ، زمانی هەرەشە ، زمانی گفتوگۆ ،

زمانی لەیەکگەیشتن ، زمانی قەڵەم ، .... (کێڵگەی شێوازی پەیوەندی )

زماندرێژ ، زمانلووس ، بەستەزمان ( کێڵگەی هێز و توانا )

( 4 ) دەست ـــ دەسکی دەرگا / پەنجەرە / ماتۆڕ ،... ( کێڵگەی ئامێر )

دەستەوەستان ، دەستڕۆیشتوو ، ... ( کێڵگەی توانا )

دەستبەکار ( کێڵگەی دەستپێکردن )

دەستبەسەراگرتن ، دەسبەردار ، ( خاوەنداری )

دەستگرتن ، ( کێڵگەی هاوکاری )

( 5 ) پێ / قاچ ـــ قاچی مێز / قەنەفە/ کورسی ........ ( کێڵگەی ئامێر )

پێداگرتن ، ( کێڵگەی جەختکردنەوەو سووربوون )

پێهەڵگرتن ، پێپێوەنان ( کێڵگەی خێرایی )

( 6 ) خێزان ـــ خێزانی زمانە ئێرانییەکان ( کێڵکەی زمانەکان )

خێزاندار - ژمارەی خێزانەکەیان زۆرە - ( کێڵگەی چەندێتی )

- ژنی هەیە - ( کێڵگەی حاڵەت )

( 7 ) سێو ـــ سێوی ئادەم ( کێڵگەی ئەندامەکانی لەش )

2. **بەستنەوە:**

کێڵگە واتاییەکان بەهۆی پەیوەندیی هاوڕێیەتی و بەیەکەوە هاتنی وشەکانیان لە ناو وشەی لێکدراو فرێزو ڕستەکاندا یاخود بەشداریکردن لەوشەی نوێدا، بەیەکترییەوە بەستراونەتەوە ؛ بۆ نموونە :

ئەو دەنگانەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ دەریاندەکات، کێڵگەکەیان دەبەستێتەوە بە کێڵگەی دەنگەسروشتییەکانەوە .

( 8 )( چاویلکە، داردەست ) کێڵگەی ئەندامەکانی لەشیان بە کێڵگەی ئامێرەکانەوە بەستۆتەوە .

( 9 ) ( قسەخۆش ، ڕووخۆش ) کێڵگەی ئەندامەکانی لەش و تامکردن و ئاوەڵناوەکانیان بەیەکەوە بەستۆتەوە .

( 10 ) ( هەڵووژەڕەشە ، سێوی سوور ، ڕەشەهەرمێ ، ..) کێڵگەی میوەو ڕەنگەکانیان بەیەکەوە بەستۆتەوە .

(11 ) ( مزرەسێو ، هەڵووژەترشە ، سێوەترشە ، .... ) کێڵگەی میوەیان بە کێڵگەی تامەوە بەستۆتەوە .

3. **فۆڕمی:**

کاتێك لەسەر بنەمای فۆڕمیی ( بڕوانە 1/6 ـ 2 ) کێڵگەیەك دروستدەکەین ، دەبینین وشەگەلێکی زۆر لە ناو کێڵگەی جیاوازەوە دێنە ناو ئەم کێڵگەیە و بەمەیش پەیوەندییەکی ئاسۆیی لەنێوان کێڵگەکاندا دروست دەبێت ، بۆ نموونە ئەگەر کێڵگەی ئەو وشانە

جیابکەینەوە کە دروستەکەیان بریتییە لە ( CVC ) ، دەبینین ژمارەیەکی زۆر کێڵگەی واتایی بەیەکەوە دەبەستێتەوە :

( 12 ) کوڕ ، کچ ، ژن ( کێڵگە خێزان )

( 13 ) چاو ، سەر ، قاچ ، لوت ، ...... ( کێڵگەی ئەندامەکانی لەش )

( 14 ) سێو ، قۆخ ، . ( کێڵگەی میوە )

جگە لەم سێ کێڵگەیە بەیوەندیی لەنێوان چەندین کێڵگەی تر پێکدێنێت ، هەروەها دەتوانین لەسەر بنەمای (خوێندنەوەی دوادەنگی وشەکان ، ئەو لاگرانەی دەچنە سەر وشەکان ، .. تاد) کێڵگەی تر پێکبهێنین، کە هەریەکەیان ئاسۆییانە پەیوەندیی لەنێوان چەندین کێڵگەی تردا پێکدەهێنن .

## 1/3 / 1 ) پەیوەندیی ستوونی نێوان کێڵگەکان:

### 1. گرتنەوە :

کێڵەواتاییەکانیش وەکو وشەکانی زمان لەیەکتری دابڕاونین، جگە لەو پەیوەندییە ئاسۆییانەی باسمانکرد ، پەیوەندیی ستوونیشیان لە نێواندا هەیە. هەندێك لەکێڵگەکان دەبنە کێڵگەی سەرەکی بۆ کێڵگەی تر ، واتا کێڵگە گەورەکان کێڵگەی بچوکتر لەخۆدەگرن، بۆنموونە،

( 15 ) کێڵگەی خواردن دەبێتە کێڵگەی سەرەکی و کێڵگەی میوەش دەگرێتەوە ، وەك لە کێڵگەی ( 4 ) دا دیارە :

کێڵگەی (4 )



غازی ئاو ترخێنە ، دۆینە ،...

خوادەمەنی میوە

برنـج ، کێڵگەی میوە

گۆشت

( 16 ) کێڵگەی بنەچەو ڕەچەڵەك، دەبێتە کێڵگەی سەرەکی و کێڵگەی خێزانەکان لەخۆدەگرێت ، وەك لەکێڵگەی ڕەچەڵەك دادیارە ( بڕوانە هێڵکاری کێڵگەی ژمارە پێنـج )

## 2. بەشوگشت:

ئەگەرچی لێکچوونێك لەنێوان پەیوەندیی گرتنەوە و بەشوگشتدا لەناو پەیوەندیی ستوونی نێوان کێڵگەواتاییەکان هەیە، بەڵام دەتوانین جیایان بکەینەوە . پەیوەندیی گرتنەوە لەنێوان کێڵگە گەورەکاندا هەیە یاخود ئەو کێڵگانەی کە زۆربەمان بەجیا وەکو کێڵگەیەکی سەربەخۆ لێیان دەڕوانین ، بەڵام بەشوگشت لەنێوان دوو کێڵگەدایە، کە یەکیان هێشتا وەکو کێڵگەی سەربەخۆ لێیناڕوانرێت و وەك بەشێك لە کێڵگە گەورەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بۆنموونە :

ئەگەر کێڵگەکانی ( کۆئەندامی هەرس، کۆئەندامی زاوزێ، کۆئەندامی هەناسە ...... ) جیابکەینەوە، ئەوا پەیوەندیی بەشوگشت لەنێوان کێڵگەی ئەندامەکانی لەش و ئەو کێڵگانەدا هەیە ، واتە کێڵگەی ئەندامەکانی لەش دەبێتە گشت و ئەو کێڵگانەش دەبنە بەشێك لەئەو .

هەروەها ئەگەر کێڵگەکانی ( مزرەمەنی ، بێستان ، باخ ، ڕەز ) جیابکەینەوە ، ئەوا پەیوەندیی بەشوگشت لەنێوان کێڵگەی میوە و ئەو کێڵگانەدا هەیە، واتە کێڵگەی میوە دەبێتە گشت و ئەو کێڵگانەش دەبنە بەشێك لەئەو .

## 3/ 2 ) پەیوەندیی ستوونی وشەکان و دیاردەواتاییەکان :

ئێمە لەم پارەدا باس لە پەیوەندیی ستوونی و هەندێك دیاردەی واتایی دەکەین، کەلە نێوان دانە زمانییەکانی ئەو سێ کێڵگەیەدا دەردەکەون :

### 1/2/3 ) هاوواتا:

**یەکەم / چاو : دیدە**

ئەم دوو وشەیە لە زۆر جێگەدا لەشوێنی یەکتر بەکاردێن و هەردووکیشیان بەفۆڕمی ( چاوان ، دیە ) بوون بەناوی کچ، بەڵام لەبەرئەوەی هاوواتای تەواو نییە ، لەهەموو شوێنێکدا لەجێگای یەکتر بەکارنایەن ، بۆنموونە :

( 17 ) ا ـ چاوەکەم         چۆنیت چاوەکەم .

ب ـ دیدەکەم         چۆنیت دیدەکەم.

( 18 ) ا ـ  بۆ دەرمانی چاو         بۆ دەرمانی چاو لەبازاڕدا دەستناکەوێت .

ب ـ ★ بۆ دەرمانی دیدە         ★ بۆ دەرمانی دیدە لەبازاڕدا دەستناکەوێت .

( 19 ) ا ـ چاو لەڕوو         ئافرەتێکی زۆر چاو لەڕووە .

ب ـ ★ دیدە لەڕوو         ★ ئافرەتێکی زۆر دیدە لەڕووە .

( 20 ) ا ـ چاوکراوە         منالێکی چاوکراوەیە .

ب ـ ★ دیەکراوە         ★ منالێکی دیدەکراوەیە .

( 21 ) ا ـ چاوچنۆك         کابرایەکی چاوچنۆکە .

ب ـ ★ دیدەچنۆك         ★ کابرایەکی دیدەچنۆکە .

بەپێی ئەم نموونانە / چاو ، دیدە / هەردووکیان {+ ئەندامی لەشن ، + بینین ، ± جوانی}ن، بەڵام چاو {± خۆشەویستی و ڕێز }ە ، بەڵام دیدە { + خۆشەویستی و ڕێزە }، یان لەبەکارهێنانە مۆڕفۆلۆژیدا جیادەبنەوە ، وەك > چاویلکە < ، > ★ دیدیلکە < ، >چاوباز< ، > ★ دیدەباز < .

**دووهەم / چاوباز : چاوباشقاڵ : چاونەرم : چاوحیز**

ئەم چوار وشەلێکدراوەش هاوواتای یەکترن و لەهەندێك شوێندا لەجێگەی یەکتر بەکاردێن و لە هەندێك شوێنی تردا جێگەی یەکتر ناگرنەوە ، بەم شێوەیە :

( 22 ) ا ـ کەسێکی چاوبازە .

ب ـ کەسێکی چاوباشقاڵە .

پ ـ کەسێکی چاونەرمە .

ت ـ کەسێکی چاوحیزە .

( 23 ) ا ـ کچێکی باشە بەس چاوبازە .

ب ـ کچێکی باشە بەس چاوباشقاڵە .

پ ـ کچێکی باشە بەس چاونەرمە .

ت ـ ٭ کچێکی باشە بەس چاوحیزە .

( 24 ) ا ـ کوڕێکی چاوبازە .

ب ـ کوڕێکی چاوباشقاڵە .

پ ـ ٭ کوڕێکی چاونەرمە .

ت ـ کوڕێکی چاوحیزە .

(25 ) ا ـ ٭ چاوبازی . ٭ هەرخەریکی چاوبازییە .

ب ـ چاوباشقاڵی هەر خەریکی چاوباشقاڵییە .

پ ـ ٭ چاونەرمی ٭ هەر خەریکی چاونەرمییە .

ت ـ ٭ چاوحیزی ٭ هەر خەریکی چاوحیزییە .

( 26 ) ا ـ چاوبازی خراپە .

ب ـ چاوباشقاڵی خراپە .

پ ـ چاونەرمی خراپە .

ت ـ چاوحیزی خراپە.

( 27 ) ا ـ چاوبازیکردن ئەوەنە چاوبازیکردن خراپە .

ب ـ چاوباشقاڵیکردن ئەوەنە چاوباشقاڵیکردن خراپە .

پ ـ ٭ چاونەرمیکردن ٭ ئەوەنە چاونەرمیکردن خراپە .

ت ـ چاوحیزیکردن ٭ ئەوەنە چاوحیزیکردن باش نییە .

( 28 ) ا ـ ٭ چاوبازکردن

ب ـ ٭ چاوبتشقاڵکردن

پ ـ ٭ چاونەرمکردن

ت ـ چاوحیزکردن چاوی حیزکرد و ڕۆیشت . ( سەرشۆڕکردن )

( 29 ) ا ـ چاوبازە ناگیرێت

ب ـ * چاوباشقاڵە ناگیرێت .

پ ـ * چاونەرمە ناگیرێت .

ت ـ * چاوحیزە ناگیرێت

( 30 ) ا ـ * لاچۆ جاوباز ( وەك جوێنپێدان )[*]

ب ـ * لاچۆ چاوباشقاڵ ( وەك جوێنپێدان )

پ ـ * لاچۆ چاونەرم ( وەك جوێنپێدان )

ت ـ لاچۆ چاوحیز . ( وەك جوێنپێدان )

بەپێی ئەم نموونانە بۆمان دەردەکەوێت کە هەرچوار وشەکە { + سەیرکردن، + ڕووبەڕوو، +ڕەگەزی بەرامبەر ( جگەلە "چاوحیز" کە ± ڕەگەزی بەرامبەرە ) ، +ڕەزامەندی }، بەڵام ئەوەی جیایان دەکاتەوە ئەم نیشانانەن ، چاونەرم { + مێ } ، چاوحیز { + جوێن }، چاوباشقاڵ {+خۆویست / دەسەڵاتشکانەوەبەسەریدا } ، چاوباز {- خۆویست / دەسەڵات شکانەوە بەسەریدا } .

**سێهەم / چاوبەدەرەوە : سەربەدەرەوە**

| چاوبەدەرەوە | سەربەدەرەوە |
| --- | --- |
| + زۆر چوونەدەر | + زۆر چوونەدەر |
| + سەیرکردن | - سەیرکردن |
| - شەرمکردن | - شەرمکردن |
| + مێ | ± مێ |

( 31 ) ا ـ کچێکی چاوبەدەرەوەیە .

ب ـ کچێکی سەربەدەرەوەیە .

(32 ) ا ـ * کوڕێکی چاوبەدەرەوەیە .

ب ـ کوڕێکی سەربەدەروەیە .

(★) نموونەکانی ( 30 ـ ا ، ب ، پ ) وەکو جوێن نیمانە ، بەڵام وەکو نیمچە پیاهەڵدان و داشۆرین هەمانە ، بۆنموونە :

لاچۆ چاوباز ، من وەك تۆم پێناکرێت . من ناتوانم ئاوا سەیری خەلك بكەم و ڕازییان بکەم .

لاچۆ چاوباشقاڵ من وەك تۆم پێناکرێت .

لاچۆ چاونەرم ، وابرِوا ڕازیمان دەکەیت .

یاخود ئەوترێت :

بەخوا تۆش چاوبازیت .

بەخوا تۆش چاوباشقاڵیت .

بەخوا تۆش چاونەرمیت .

( 33 ) ا ـ نە زۆر شەرمن بە نە ئەوەنەش چاوبەدەرەوەبە .

ب ـ نەزۆر شەرمن بە نەئەوەنەش سەربەدەرەوە بە .

چوارەم / نووری چاو : بینایی چاو : ڕۆشنایی چاو

| نووری چاو | بینایی چاو | ڕۆشنایی چاو |
|---|---|---|
| + خۆشەویستی | + خۆشەویستی | + خۆشەویستی |
| + هۆی بینین | + توانای بینین | + هۆی بینین |
| + توورەبوون | - توورەبوون | - توورەبوون |

( 34 ) ا ـ بینایی چاوەکانی لەدەستداوە . ( کوێر بووە )

ب ـ ڕۆشنایی چاوەکانی لەدەستداوە .

پ ـ ★ نووری چاوانی لەدەستداوە .

( 35 ) ا ـ یاخوا بەخێر بێیت بینایی چاوەکانم .

ب ـ یاخوا بەخێر بێیت ڕۆشنایی چاوەکانم .

پ ـ یاخوا بەخێر بێیت نووری چاوانم .

( 36 ) ا ـ ★ خۆ بینایی نووری چاوم نەهاتووە . یان زۆر کەم بەکاردێت

ب ـ خۆ نووری چاوم نەهاتووە .

پ ـ ★ خۆ ڕۆشنایی چاوم نەهاتووە . یان زۆر کەم بەکاردێت

( 37 ) ا ـ ★ بینایی چاویشم بێت عاجزی دەکەم . یان زۆر کەم بەکاردێت

ب ـ نووری چاویشم بێت عاجزی دەکەم .

پ ـ ★ ڕۆشنایی چاویشم بێت عاجزی دەکەم . یان زۆر کەم بەکاردێت

پێنجەم / سەر : کەلە

| سەر | کەلە |
| --- | --- |
| + ئەندامی لەش | + ئەندامی لەش |
| + ئیدیۆم | - ئیدیۆم |
| ± قەبارە | + قەبارە |

( 38 ) ا ـ سەرزل

ب ـ کەلە زل

( 39 ) ا ـ سەروپێ

ب ـ کەلەوپا

( 40 ) ا ـ سەری زل دەوڵەتە .

ب ـ کەلەی زل دەوڵەتە .

( 41 ) ا ـ ئەو منالە سەری گەورەترە لەسەری ئاسایی .

ب ـ ئەو منالە کەلەی گەورەترە لە کەلەی منالی ئاسایی .

( 42 ) ا ـ سەروگوێلاک .

ب ـ ★ کەلەوگوێلاک .

( 43 ) ا ـ سەروفەساڵ

ب ـ ★ کەلەوفەساڵ

( 44 ) ا ـ سەرخۆش

ب ـ ★ کەلەخۆش

( 45 ) ا ـ سەرت بەتاشین چێت .

ب ـ ⋆ کەلەت بەتاشین چێت .

( 46 ) ا ـ ⋆ سەرپووت

ب ـ کەلەپووت        لێرەدا هاوواتایە لەگەڵ ( مێشك پووت )

( 47 ) ا ـ ⋆ سەرت دەتەقێنم .

ب ـ کەلەت دەتەقێنم .

**شەشەم /**

| سەرۆک : | سەرکردە : | سەرگەورە : | سەرلەشکر : | سەردار |
|---|---|---|---|---|
| + دەسەڵات | + دەسەڵات | + دەسەڵات | + دەسەڵات | + ڕێز |
| + ڕێز | + ڕێز | + ڕێز | + ڕێز | + پیرۆزی |
| ± سیستەمی فەرمانڕەوایی | ± سەربازی | - سیستەمی فەرمانڕەوایی | + سەربازی | ± سەربازی |

( 48 ) ا ـ سەرۆك خێڵ / هۆز

ب ـ سەرکردەی خێڵ / هۆز

پ ـ سەرگەورەی خێڵ

ت ـ ⋆ سەرلەشکری خێڵ

ج ـ سەرداری خێڵ

( 49 ) ا ـ سەرۆکی سوپا

ب ـ سەرکردەی سوپا

پ ـ ⋆ سەرگەورەی سوپا

ت ـ ⋆ سەرلەشکری سوپا

سەرلەشکر خۆی بەواتای "سەرکردەی سوپا" دێت ، بۆ نموونە :

سەرکردەی سوپاکەم ( هێزەکەم ) بینی .

سەرلەشکرەکەم بینی .

ج ـ ٭ سەرداری سوپا ( یان زۆر کەم بەکاردێت )

( 50 ) ا ـ سەرۆك کۆمار

ب ـ ٭ سەرکردەی کۆمار

پ ـ ٭ سەرگەورەی کۆمار

ت ـ ٭ سەرلەشکری کۆمار

ج ـ ٭ سەرداری کۆمار

( 51 ) ا ـ سەرۆکی حکومەت

ب ـ ٭ سەرکردەی جکومەت

پ ـ ٭ سەرگەورەی حکومەت

ت ـ ٭ سەرلەشکری حکومەت

( ئەگەر بوترێت بەواتای سەرکردەی سوپای حکومەت دێت )

ج ـ ٭ سەرداری حکومەت

( 52 ) ا ـ ٭ پێغەمبەر سەرۆکی هەموومانە . ( بە واتای پیرۆزی )

ب ـ ٭ پێغەمبەر سەرکردەی هەموومانە .

پ ـ ٭ پێغەمبەر سەرگەورەی هەموومانە .

ت ـ ٭ پێغەمبەر سەرلەشکری هەموومانە .

ج ـ پێغەمبەر سەرداری هەموومانە .

( 53 ) ا ـ سەرۆکایەتی سەرۆکایەتی حکومەت { ± سەربازی }

ب ـ سەرکردایەتی سەرکردایەتی حزب { ± سەربازی }

کاك ڕزگار ئەندامی سەرکردایەتییە{ - سەربازی }

پ ـ ٭ سەرگەورایەتی

ت ـ ٭ سەرلەشکرێتی تەنها بۆ سەربازییە و بەوتای "سەرۆکایەتی" نایەت

ج ـ ٭ سەردارێتی دەوترێت ( سەردارێتی بە هەموو کەس ناکرێت )

بەس بەو واتایە نایەت .

حەوتەم /

| موو | تووک | قژ | زوڵف | پەرچەم |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| + موو | + موو | + موو | + موو | + موو |
| ± درێژ | ± درێژ | ± درێژ | + درێژ | ± درێژ |
| + هەموو ئەندامی لەش | + نێر | ± نێر | - نێر | ± نێر |
| + ئیدیۆمی | + ئەندامەکانی خوار مل | + سەر | + سەر | + پێشە سەر |
| | - ئیدیۆمی | | | |

( 54 ) ا ـ مووی سەر

ب ـ تووکی سەر (توکی سەری بابردی)

پ ـ قژەسەر

ت ـ ★ زوڵفی سەر لەبەر ئەوەی درێژ دەبێتەوە بۆ سەر شان و مل .

ج ـ ★ پەرچەمی سەر لەبەر ئەوەی خۆی تەنیا بۆ سەر بەکاردێت .

( 55 ) ا ـ مووی ڕیش

ب ـ ★ تووکی ڕیش

پ ـ ★ قژی ڕیش

ت ـ ★ زوڵفی ڕیش

ج ـ ★ پەرچەمی ڕیش

( 56 ) ا ـ مووی سمێڵ

ب ـ ★ تووکی سمێڵ

پ ـ ★ قژی سمێڵ

ت ـ ★ زوڵفی سمێڵ

ج ـ ★ پەرچەمی سمێڵ

( 57 ) ا ـ مووی دەموچاو

ب ـ ★ تووکی دەموچاو

پ ـ ⋆ قژی دەموچاو

ت ـ ⋆ زوڵفی دەوچاو

ج ـ ⋆ پەرچەمی دەموچاو

( 58 ) ا ـ مووی سەرسنگ

ب ـ تووکی سەرسەنگ

پ ـ ⋆ قژی سەرسنگ

ت ـ ⋆ زوڵفی سەرسنگ

ج ـ ⋆ پەرچەمی سەرسنگ

( 59 ) ا ـ مووی دەست

ب ـ تووکی دەست

پ ـ ⋆ قژی دەست

ت ـ ⋆ زوڵفی دەست

ج ـ ⋆ پەرچەمی دەست

( 60 ) ا ـ مووی قاچ

ب ـ تووکی قاچ

پ ـ ⋆ قژی قاچ

ت ـ ⋆ زوڵفی قاچ

ج ـ ⋆ پەرچەمی قاچ

( 61 ) ا ـ مووی لووت

ب ـ ⋆ تووکی لووت

پ ـ ⋆ قژی لووت

ت ـ ⋆ زوڵفی لووت

ج ـ ⋆ پەرچەمی لووت

( 62 ) ا ـ مووی زبرە ( پیاوێکی ڕەقە )

ب ـ ⋆ تووکی زبرە

پ ـ ٭ قژی زبره

ت ـ ٭ زوڵفی زبره

ج ـ ٭ پەرچەمی زبره

( 63 ) ا ـ مووی نەرمه ( پیاویکی ترسنۆك یان لەژنەکەی بترسێت )

ب ـ ٭ تووکی نەرمه

پ ـ ٭ قژی نەرمه ( بەواتای " قژی خاوه" هەیه ، نەك بەو واتایه )

ت ـ ٭ زوڵفی نەرمه

ج ـ ٭ پەرچەمی نەرمه

( 64 ) ا ـ ٭ مووبژ

ب ـ ٭ تووکبژ

پ ـ قژبژ ( قژێکی زبرو لوول )

ت ـ ٭ زوڵفبژ

ج ـ ٭ پەرچەمبژ

( 65 ) ا ـ ٭ موولوول

ب ـ ٭ تووك لوول

پ ـ قژ لوول

ت ـ زوڵف لوول

ج ـ پەرچەم لوول

( 66 ) ا ـ ٭ مووخاو

ب ـ ٭ تووکخاو

پ ـ قژخاو

ت ـ زوڵفخاو

ج ـ پەرچەم خاو

( 67 ) ا ـ ٭ مووی بەر / مووەبەر

ب ـ تووکه بەر

پ ـ ٭ قژەبەر

ت ـ ٭ زولفەبەر

ج ـ ٭ پەرچەمە بەر

پەپێی ئەم نموونانە ( موو ) لەگەڵ هەموو ئەنداماکانی لەش بەکاردێت، تەنیا لە نموونەی (67) دا نەبێت ، کە ( تووک ) بەکار هاتووە و ( موو ) لەجێگای بەکار نایەت .

**هەشتەم / مل : ئەستۆ[1] : گەردن**

| مل | ئەستۆ | گەردن |
|---|---|---|
| + ئەندامی لەش | + ئەندامی لەش | + ئەندامی لەش |
| + واتای ئیدیۆمی | - واتای ئیدیۆمی | ± واتای ئیدیۆمی |
| + چالاك | - چالاك | - چالاك |
| - ئەدەبی | - ئەدەبی | + ئەدەبی |
| ± دوعالێکردن | + دوعالێکردن | - دوعالێکردن |

( 68 ) ا ـ ٭ مل بەرز

ب ـ ٭ ئەستۆ بەرز

پ ـ گەردن بەرز

( 69 ) ا ـ ٭ مل بلووری

ب ـ ٭ ئەستۆ بلووری

پ ـ گەردن بلووری

( 70 ) ا ـ ئۆباڵی بەملم .

ب ـ ئۆباڵی بەئەستۆم .

پ ـ ئۆباڵی بەگەردنم .

---

[1] فاروق عومەر سدیق ، چاوپێکەوتن 2008/2/4 .

( 71 ) ا ـ ملکەچ

ب ـ ⋆ ئەستۆ کەچ

پ ـ گەردنکەچ

( 72 ) ا ـ شانومل

ب ـ ⋆ شانوئەستۆ

پ ـ ⋆ شانوگەردن

( 73 ) ا ـ ملوانکە

ب ـ ⋆ ئەستۆوانکە

پ ـ ⋆ گەردنوانکە

( 74 ) ا ـ ملت بشکێت / ملت وردبێت .

ب ـ ئەستۆت بشکێت / ئەستۆت وردبێت .

پ ـ گەردنت بشکێت / گەردنت وردبێت .

( 75 ) ا ـ بەملی منەوەیە .  تا دێتەوە سەلامەتی لەملی من .

ب ـ بەئەستۆی منەوەیە .  تا دێتەوە سەلامەتی لە ئەستۆی منە .

ج ـ ⋆ بەگەردنی منەوەیە .  ⋆ تا دێتەوە سەلامەتی بە گەردنی منەوەیە .

**نۆهەم** / **پشت** : **کۆڵ** [1]

| پشت | کۆڵ |
|---|---|
| + ئەندامی لەش | + ئەندامی لەش |
| + هۆکار / وەسیلە | - هۆکار |
| ± هەڵواسین | + هەڵواسین |
| + ئاراستە | - ئاراستە |
| - بار | + بار |

( 76 ) ا ـ پشتاوپشت  پشتاوپشت ( پاشەوپاش ) گەڕایە دواوە . ( ئاراستە )

ب ـ ⋆ کۆڵاوکۆڵ  ⋆ کۆڵاوکۆڵ گەڕایە دواوە.

---

(1) فاروق عومەر سدیق ، چاوپێکەوتن 2008/2/4 .

( 77 ) ا ـ پشتاوپشت      پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە .     ( هۆکار )

ب ـ ⋆ کۆڵاوکۆڵ     ⋆ کۆڵاوکۆڵ بۆمان ماوەتەوە .

( 78 ) ا ـ ⋆ ئەو پشتە قورسە لەکۆڵ / لەپشت خۆت بکەرەوە .     ( بار )

ب ـ ئەو کۆڵە قورسە لەکۆڵ / لەپشت خۆت بکەرەوە .

( 79 ) ا ـ فەردەکەی خستەسەر پشتی .     { - ئاراستە }

ب ـ ⋆ فەردەکەی سەرکۆڵی .

( 80 ) ا ـ فەردەکەی دا بەپشتیدا .     { + ئاراستە }

ب ـ فەردەکەی دا بەکۆڵیدا .     { + ئاراستە }

( 81 ) ا ـ ⋆ خەمی دنیای لەپشتی خۆی ناوە .     { ئیدیۆمی }

ب ـ خەمی دنیای لەکۆڵی خۆی ناوە .

( 82 ) ا ـ ⋆ منداڵەکەی لە پشتکرد .

ب ـ منداڵەکەی لەکۆڵکرد .

( 83 ) ا ـ ⋆ لەپشتنان     ⋆ منداڵەکەی لەپشتنا .

ب ـ لەکۆڵنان .     منداڵەکەی لەکۆڵنا .

( 84 ) ا ـ لەپشت بەستن     شتەگرنگەکانی لەپشت بەستبوو .

هەمووکەس نانی خۆشدەوێت ، بەس شوان لەپشتی دەبەستێت.

ب ـ ⋆ لەکۆڵ بەستن     شتە گرنگەکانی لەکۆڵ بەستبوو .

"لەکۆڵنان بوو " هەیە چونکە بەستوونی هەڵواسینە .

( 85 ) ا ـ منداڵەکەی لەسەر پشتی دانابوو لەسەر چۆك دەڕۆشت .     ( ئاسۆی داینراوە )

منداڵەکەی لەکۆڵکرد / لەکۆڵنا و ڕۆشت .     ( ستوونی بەخۆیەوە هەڵواسیوە )

( 86 ) ا ـ كۆڵەكەی دا بەكۆڵیدا و كەوتە ڕێ .   ( بەدەست یان بەپەت بە پشتیدا هەڵواسیوە )

ب ـ كوڕێكیش لەسەر پشتی بوو شناوی دەكرد .  ( ئاسۆیی و بێ هۆكاری هەڵواسین )

**دەیەم / سنگ : سینە**

| سنگ | سینە |
|---|---|
| + ئەندامی لەش | + ئەندامی لەش |
| ± مرۆڤ | + مرۆڤ |
| ± ئیدیۆمی | + ئیدیۆمی |
| - ئەدەبی | + ئەدەبی |

( 87 ) ا ـ ٭ سنگ ساف   ٭ كەسێكی سینگ سافە .{- ئیدیۆمی }

ب ـ سینەسافە   كەسێكی سینەسافە .  {+ ئیدیۆمی }

( 88 ) ا ـ سنگی مریشك ، سنگی قەل . سنگ دەخۆم . برژاوێكی سنگم بۆ بێنە .

ب ـ ٭ سینەی مریشك، ٭ سینەی قەل ، ٭ سینە دەخۆم، ٭ برژاوێكی سینەم بۆبێنە .

( 89 ) ا ـ سنگت فراوان بێت .   {+ ئیدیۆمی }

ب ـ سینەت فراوان بێت .   { + ئیدیۆمی }

( 90 ) ا ـ سنگم دێشێت .

ب ـ ٭ سینەم دێشێت .

( 91 ) ا ـ قەفەسەی سنگ

ب ـ ٭ قەفەسەی سینە

( 92 ) ا ـ سەرسنگ   ئەم سەرسنگەم ئازاری هەیە .

ب ـ سەرسینە   ئەم سەرسینەیەم دێشێت .

**یازدەهەم / باوەش : ئامێز**

| | |
|---|---|
| + گرتن | + گرتن |
| ± خۆشەویستی | + خۆشەویستی |
| + هێز | - هێز |

( 93 ) ا ـ کە لەباوەشم گرت ئارامم گرت .   { + خۆشەویستی ، گرتن }

ب ـ کە لەئامێزم گرت ئارامم گرت .   { + خۆشەویستی ، گرتن }

( 94 ) ا ـ باوەشی پیاکرد و دای بەئەرزا .   {- خۆشەویستی ، + هێز ، گرتن }

ب ـ ★ ئامێزی پیاکرد و دای بەئەرزا .

( 95 ) ا ـ باوەشم پێداکرد و توند گرتم .   { + هێز }

ب ـ ★ ئامێزم پێداکرد و توند گرتم .

( 96 ) ا ـ ئەوەنە بەهێز باوەشی پێداکرد پەراسوویەکی شکاند .   { - خۆشەویستی }

ب ـ ★ ئەوەنە بەهێز لەئامێزی گرت پەراسوویەکی شکاند .

**دوازدەهەم / سک / زگ : ورگ**

| سک / زگ | ورگ |
|---|---|
| + ئەندامی لەش | + ئەندامی لەش |
| + هەلگرتن | + هەلگرتن |
| + کشان | + گەورەبوون |
| + ئیدیۆمی | - ئیدیۆمی |
| + منداڵ | - منداڵ |

( 97 ) ا ـ سکم ئازاری هەیە .

ب ـ ورگم ئازاری هەیە .

( 98 ) ا ـ سکپڕ .   ئەو ژنە سکپڕە چارەسەر بکە .

ب ـ ★ ورگپڕ   ★ ئەو ژنە ورگپڕە چارەسەر بکە .

( 99 ) ا ـ سکی هەیە .   ( دووگیانە )

ب ـ ٭ ورگى هەيە .            " ورگى هەيە "دەوترێت بەواتاى قەڵەوە .

( 100 ) ا ـ ورگن .            ئەو پیاوە / ژنە ورگنە .   ئازاد ورگى كردووە ( قەڵەوبووە )

ب ـ ٭ سكن            ٭ ئەو پیاوە / ژنە سكنە .

**سێزدەهەم / پەل : دەست : باڵ**

| پەل | دەست | باڵ |
|---|---|---|
| + ئەندامى لەش | + ئەندامى لەش | + ئەندامى لەش |
| - چالاك | + چالاك | - چالاك |
| + هێز | + هێز | + هێز |
| - ئیدیۆمى | + ئیدیۆمى | - ئیدیۆمى |

( 101 ) ا ـ دەست هەڵبڕە .

ب ـ ٭ باڵ هەڵبڕە

پ ـ ٭پەل هەڵبڕە .

( 102 ) ا ـ دەستگرتن .            پیاوێكى باشەو دەستى هەژاران دەگرێت .

ب ـ ٭ باڵگرتن            ٭ پیاوێكى باشەو باڵى هەژاران دەگرێت .

پ ـ ٭ پەلگرتن            ٭ پیاوێكى باشەو پەلى هەژاران دەگرێت .

( 103 ) ا ـ دەستى بگرەو دەریبهێنە .            ( ئەندامێكى لەش )

ب ـ باڵى بگرەو دەریبهێنە .

پ ـ پەلى بگرەو دەریبهێنە .

( 104 ) ا ـ دەستبڕ .        دەستیان بڕیم .        دەستبڕە .

ب ـ ٭ باڵبڕ        ٭ باڵیان بڕیم .        ٭ باڵبڕە .

پ ـ ٭پەلبڕ        ٭ پەلیان بڕیم .        ٭ پەلبڕە .

( 105 ) ا ـ دەستبڕینەوە / دەست پەڕین  دەستێكیان بڕییەوە .  دەستى پەڕى .

ب ـ باڵبڕینەوە / باڵپەڕین            باڵێكیان بڕییەوە .     باڵێكى پەڕى .

پ پەلبڕینەوە / پەلپەڕین            پەلێكیان بڕییەوە .     پەلێكى پەڕى .

( 106 ) ا ـ دەست لەناودەست .      دەست لەناو دەست بۆ پێشەوە .

ب ـ ★ باڵ لەناو باڵ      ★ باڵ لەناو باڵ بۆ پێشەوە .

پ ـ ★ پەل لەناو پەل      ★ پەل لەناو پەل بۆ پێشەوە .

( 107 ) ا ـ ★ بندەست      " بندەست" هەیە بەس واتای ئیدیۆمی هەیە (دای لەبندەستی )

ب ـ بنباڵ      بنباڵی خاوێنە .

پ ـ ★ بنپەل      ★ بنپەلی خاوێنە .

( 108 ) ا ـ دەستم شۆرد ،  بەرەدەست ،  پشتەدەست .

ب ـ باڵم بۆ بشێلە .  پێشتر ئەم باڵەم / قۆڵەم شکاوە .

پ ـ لەپەلوپۆ بووم/ کەوتم .  پەلم کەوتەخوار .  پەلێکی لەژێر مێزەکەدا بوو .

پەیوەست بەو شتەی کە دەیگەیەنن ، ئەگەر سەیری نموونەکانی ( 108 ـ ا ، ب ـ پ )بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە جگە لەو نیشانانەی، کە نووسیومانن، هەرچەندە هەندێکجار هەرسێکیان بەواتای هەموو ئەو ئەندامەی لەش دێن، کە لەشانەوە تا پەنجەکانە، بەڵام تایبەتمەندییان وەرگرتووە و هەریەکەیان زیاتر بۆ بەشێکی ئەو ئەندامە بەکاردێت، بەم شێوەیە :

دەست :  مەچەك و پەنجەکان

باڵ  :  لەشان تا ئانیشك ( هاوواتای قۆڵە )

پەل  :  لەشان تا مەچەك .

**چواردەهەم /**

| | قۆڵ | باڵ | بازوو |
|---|---|---|---|
| ئەندامی لەش | + | + | + |
| هێز | - | - | + |
| ئیدیۆمی | + | - | - |
| ماسولکە | ± | ± | + |
| کوتلە | - | + | - |

( 109 ) ا ـ قۆڵم ئازاری هەیە .

ب ـ باڵم ئازاری هەیە .

پ ـ بازووم ئازاری هەیە .

( 110 ) ا ـ قۆڵم شکا .　　　{ - ماسولکە ، + ئێسك }

ب ـ باڵم شکا .

پ ـ ★ بازووم شکا .　　　{ + ماسولکە ، - ئێسك }

( 111 ) ا ـ ★ قۆڵم بەهێزە .

ب ـ ★ باڵم بەهێزە .

پ ـ بازووم بەهێزە .

( 112 ) ا ـ قۆڵبڕ .　　　کابرایەکی قۆڵبڕە .

ب ـ ★ باڵبڕ　　　★ کابرایەکی باڵبڕە .

پ ـ ★ بازووبڕ　　★ کابرایەکی بازووبڕە .

( 113 ) ا ـ ★ تۆ لەکام قۆڵەی حزبیت ؟　　　{ + کوتلە }

ب ـ تۆ لەکام باڵەی حزبیت ؟

ت ـ ★ تۆ لەکام بازووەی حزبیت ؟

( 114 ) ا ـ ئێسکی قۆڵم درزی تێبووە .

ب ـ ★ ئێسکی باڵم درزی تێبووە .

پ ـ ★ ئێسکی بازووم درزی تێبووە .

**پانزەهەم / پەنجە : قامک**

| پەنجە | قامک |
| --- | --- |
| + ئەندامی لەش | + ئەندامی لەش |
| - ناوچەیی | + ناوچەیی |

( 115 ) ا ـ پەنجەکانی دەست　　　( هەموو سلێمانی )

ب ـ قامكەكانی دەست          ( شارباژێڕییەكان )

( 116 ) ا ـ پەنجەیەكی نییە .

ب ـ قامكێكی نییە .

( 117 ) ا ـ پەنجەكانی دەست هەموویان وەكو یەك نین .

ب ـ قامكەكانی دەست هەموویان وەكو یەك نین.

( 118 ) ا ـ پەنجە گەورە ، پەنجە تووتە ....

ب أ قامكە گەورە ، قامكە تووتە ....

**شازدەهەم /     پێ / پا     :     قاچ     :     لاق / لینگ**

| پێ / پا | قاچ | لاق / لینگ |
|---|---|---|
| + ئەندامی لەش | + ئەندامی لەش | + ئەندامی لەش |
| - هەموو | + هەموو | - هەموو |

( 119 ) أ ـ لەپێكەوتن     لەپێكەوتم ، ئەوەندە ڕۆشتم .

ب ـ لەقاچكەوتن     لەقاچكەوتم ، ئەوەندە ڕۆشتم .

پ ـ ٭ لەلاقكەوتن     ٭ لەلاقكەوتم ، ئەوەندە ڕۆشتم .

( 120 ) أ ـ ٭ پێ شكان     ٭ پێم شكا ، ئەوەندە ڕۆشتم .

ب ـ قاچ شكان     قاچم شكا ، ئەوەندە ڕۆشتم .

پ ـ لاق شكان     لاقم شكا ، ئەوەندە ڕۆشتم .

نموونەكانی ( 119 ، 120 ) هەموویان بەیەك واتاوە بەكارهاتوون، ئەگەرچی لە ئاخاوتندا (11/پ ، 120/أ ) دەرنابڕدرێت ، بەڵام ( 119/أ ، 120/پ ) هەمان واتای ئەوان دەگەیەنن .

( 121 ) أ ـ ٭ پێ خستنەسەر پێ     ٭ دانیشتووە و پێی خستۆتەسەر پێی .

ب ـ قاچ خستنەسەر قاچ     دانیشتووە و قاچی خستۆتەسەر قاچ .

پ ـ لاق خستنەسەر لاق     دانیشتووە و لاقی خستۆتە سەر لاق .

( 122 ) أ ـ پێپێدانان          پێینا بەپێیدا .
ب ـ قاچپێدانان          قاچینا بەقاچیدا .
پ ـ ★ لاقپێدانان          ★ لاقینا بەلاقیدا .

( 123 ) أ ـ پێپێدانان          پێیپێدابنێ و زوو دەربچۆ .          ( خێرا ڕۆشتن )
ب ـ ★ قاچپێدانان     ★ قاچیپێدابنێ و زوو دەربچۆ .
پ ـ ★ لاقپێدانان     ★ لاقیپێدابنێ و خێرا دەربچۆ .

( 124 ) أ ـ پێهەلگرە          کەمێك پێهەلگرە با زوو بگەین .   ( خێراڕۆشتن بەپێ )
ب ـ ★ قاچهەلگرە          ★ کەمێك قاچهەلگرە با زوو بگەین .
پ ـ ★ لاقهەلگرتن          ★ کەمێك لاقهەلگرە با زوو بگەین .

ئەگەر سەیری ئەو نموونەکانی ( 123، 124 ) بکەین، دەبینین، لەبەرئەوەی ( 123 ) خێرا ڕۆشتنە بەسەیارە ئەویش فشارخستنەسەر سکلێتەری بەنزینەکەیە بە ( پێ ) بۆیە (123/ب) نییە ، بەڵام لەبەرئەوەی ( 124 ) ڕۆشتنە بەپێ و هەموو بەشەکانی پێ و قاچیش بەشداری تێدادەکات ، بۆیە (124/ أ ، ب ) هەیە .

( 125 ) أ ـ ★ دەرەپێ          ★ پێی پانتۆڵ
ب ـ ★ دەرەقاچ          ★ قاچی پانتۆڵ
پ دەرەلینگ          لینگی پانتۆڵ .  لینگێکی پانتۆڵەکەم ماوە ئوتوی بکەم .

( 126 ) أ ـ بەرەپێ ، پشتەپێ
ب ـ بەرەقاچ ، پشتەقاچ .
پ ـ ★ بەرەلاق، ★ پشتەلاق

لە نموونەکانی ( 125 ، 126 )دا دەردەکەوێت ، کە ڕاستە هەندێکجار لەبری یەکتر بەکاردێن ، بەڵام تایبەتمەندییان وەرگرتووەو هەریەکەیان زیاتر بۆ بەشێك بەکاردێت ، بەم شێوەیە :

پێ : لە قولەپێوە تاوەکو پەنجەکانی پێ دەگرێتەوە .

قاچ : هەموو ئەندامەکان لەجومگەی سمتەوە تا پەنجەکانی پێ

لاق : ڕان و پووز تا قولەپێ .

**حەڤدەهەم / باوك : بابە : باوە**

| باوك | بابە | باوە |
|---|---|---|
| + ئەندامی خێزان | + ئەندامی خێزان | + ئەندامی خێزان |
| ± خۆشەویستی | ± خۆشەویستی | + خۆشەویستی |
| + فەرمی | - فەرمی | - فەرمی |
| + گشتی | - گشتی | - گشتی |

هەرسێ وشەکە یەك وشەن و بەهۆی گۆڕانی فۆنەتیکییەوە، فۆڕمەکەیان گۆڕاوە ، ئەم گۆڕانە وایکردووە هاوڕێیەتی جیاوازیان ببێت ، بۆ نموونە :

( 127 ) أ ـ باوکی ئازاد　　باوکی ئازاد هات بۆقوتابخانە . { + گشتی }

ب ـ بابی ئازاد　　بابی ئازاد هات بۆ قوتابخانە . { - گشتی ، + ناوچەیی }

پ ـ باوەی ئازاد　　باوەی ئازاد هات بۆ قوتابخانە . { - گشتی ، + ناوچەیی }

( 128 ) أ ـ دایکوباوکان　　کۆبوونەوەی دایکوباوکانە . { + فەرمی }

ب ـ ★ دایەوبابان　　★ کۆبونەوەی دایەوبابانە .

پ ـ ★ دایەوباوان　　★ کۆبوونەوەی دایەوباوانە .

( 129 ) أ ـ ★ سەگ باوك ، ★ گەوادباوك ، ★ حیزباوك

ب ـ سەگ باب ، گەوادباب　　حیزباب　　{ - خۆشەویستی }

( 130 ) أ ـ باوك سەگ ، باوکەگەوادەکەت . باوك حیز { - خۆشەویستی }

ب ـ ★ بابەسەگ　　بابە گەوادەکەت . باب حیز

پ ـ ★ باوەسەگ　　★ باوەگەوادەکەت　　★ باوەحیز

**هەژدەهەم / دایك : دایە : دادە**

| دایك | دایە | دادە |
|---|---|---|
| + ئەندمی خێزان | + ئەندامی خێزان | + ئەندامی خێزان |
| + فەرمی | - فەرمی | - فەرمی |
| - بانگکردن | + بانگکردن | + بانگکردن |
| - خوشك | - خوشك | + خوشك |

( 131) أ ـ ★ دایك ( بۆ بانگکردن ) ( دایك + ە = دایکە ) دایکە وەرە .

ب ـ دایە دایە وەرە .

پ ـ دادە [1] دادە وەرە .

( 132 ) أ ـ دەبێت دایکت ئامادەبێت . نشتمان داییکە . { + فەرمی }

ب ـ ★ دەبێت دایەت ئامادەبێت . ★ نشتمان دایەیە

پ ـ ★ دەبێت دادەت ئامادەبێت . ★ نشتمان دادەیە

( 133 ) أ ـ دایکایەتی دایکایەتی بەهەموو کەس ناکرێت .

ب ـ ★ دایایاتی

پ ـ ★ دادایەتی

**نۆزدەهەم / خوشکی گەورە : باجی**

{ + ئەندامی خێزان<br>+ گشتی<br>- زڕدایك }  { ± ئەندامی خێزان<br>- گشتی<br>± زڕدایك }

( 134 ) أ ـ خۆشکە گەورەکەم لەماڵە . خوشکە گەورەکەم لەجێی دایکمانە .

ب ـ باجیم لەماڵە . باجیم لەجێی دایکمانە .

( 135 ) أ ـ خوشکە گەورەکەم نەسرین . { + گشتی }

ب ـ باجیم نەسرین . ( بەواتای خوشکی گەورە ) { - گشتی ، + ناوچەیی }

( 136 ) أ ـ ★ لەکۆلێژ دوو خوشکی گەورەمان هەیە . ( کارگوزار )

---

[1] وشەی ( دادە ) ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە :

1 ـ بەزۆری مناڵ لەسەرەتای تەمەنیدا بەدایکی دەڵێت " دادە " .

2 ـ جگە لەدایك بەخوشکی گەورە یاخود برا بەخوشك دەڵێت " دادە " بۆ ڕێز و خۆشەویستی.

3 ـ بۆ ئافرەتێك کە گەورەتر بێت بەکاردێت ، هەموو وشەکانی تری خێزان ئەگەر بۆ کەسانی دەرەوەی خێزان بەکارهات ، یاخود وشەکانی خزم و کەسوکار ئەگەر بۆ کەسێکی تر بەکارهات ئەوە بۆ نزیککردنەوە و ڕێز و خۆشەویستییە ، بۆ نموونە کە بەکەسێك دەوترێت " براکەم ، خوشکەکەم ، دایکە ، مامە ، خاڵە ، پووری گیان ، .. ) کە لەبنەڕەتدا ئەو خزمە یان کەسە نییە ، بۆ ڕێزو خۆشەویستییە .

ب ـ لەکۆلێژ دوو باجیمان هەیە .           { - خێزان }

( 137 ) ا ـ ★ پێنج ساڵان بووم ، کەباوکم خوشکی گەورەمی هێنا .

ب ـ پێنج ساڵان بووم ، کە باوکم باجیمی هێنا .           { + زڕدایك }

**بیستەم / زڕدایک : باوەژن**

| زڕدایک | باوەژن |
| --- | --- |
| ± ئەندامی خێزان | ± ئەندامی خێزان |
| - ئیدیۆمی | + ئیدیۆی |

( 138 ) أ ـ بەس زڕدایکەکەم لەماڵبوو .           { + ئەندامی خێزان }

ب ـ بەس باوەژنەکەم لەماڵبوو .

( 139 ) أ ـ دوێنێ لەماڵی زڕدایکەکم بووم .           { - ئەندامی خێزان }

ب ـ دوێنێ لەماڵی باوەژنەکەم بووم .

( 140 ) أ ـ ★ زڕدایك خوا ناناسێت .

ب ـ باوەژن خوا ناناسێت .

**بیستویەکەم / باوک : کاکە**

| باوک | کاکە |
| --- | --- |
| + ئەندامی خێزان | + ئەندامی خێزان |
| + گشتی | - گشتی |
| - بانگکردن | + بانگکردن |
| - برا | ± برا |

( 141 ) أ ـ ئەمڕۆ سەرەی باوکمە لەماڵەوە بێت .

ب ـ ئەمڕۆ سەرەی کاکەمە لەماڵەوە بێت .

( 142 ) أ ـ بەڵگەنامەی هاوسەرگیریی باوکودایکمم ونکردووە .           { + گشتی }

ب ـ بەڵگەنامەی هاوسەرگیریی کاکەم و دایکمم ونکردووە .           { - گشتی }

( 143 )أ ـ ٭ باوك گیان . ٭ باوك وەرە . ( باوك + ە + باوكە ) باوكەگیان . باوكە وەرە بۆ ئێرە

ب ـ كاكە كاكە وەرە بۆ ئێرە . { + بانگكردن }

( 144 ) أ ـ ٭ باوكە ئەحمەد برا گەورەكەمە . { - برا }

ب ـ كاكە ئەحمەد برا گەورەكەمە . { + برا }

**بیستودووهەم / كاڵەك : گندۆرە**

| كاڵەك | گندۆرە |
| --- | --- |
| + میوە | + میوە |
| + ئیدیۆمی | - ئیدیۆمی |

( 145 ) أ ـ دوو كیلۆ كاڵەكم بدەرێ .

ب ـ دوو كیلۆ گندۆرەم بدەرێ .

( 146 ) أ ـ كاڵەك بە ئەژنۆی خۆی دەشكێنێت .

ب ـ ٭ گندۆرە بەئەژنۆی خۆی دەشكێنێت .

**بیستوسێهەم / لالەنگی : لالە**

هەردوو وشەكە یەك وشەن و ناون بۆ یەك میوە و ناوی ( لالە) لە ( لالەنگی )یەوە هاتووە بە وەرگرتنی دوو بڕگەی یەكەم و بۆ كورتبڕی ئابووری كردن لەزماندا ،

( 147 ) أ ـ وەرە بۆ لالەنگی . لالەنگی كیلۆی بەهەزار . من لالەنگیم پێخۆشترە لە پرتەقاڵ.

ب ـ وەرە بۆ لالە . لالە كیلۆی بەهەزار . من لالەم پێخۆشترە لە پرتەقاڵ .

**2/2/3 ) دژواتاكان:**

**یەكەم / بەرامبەری :**

لەو سێ كێڵگەیەدا ، كە ئێمە كارمان لەسەر كردووە ئەم>> بەرامبەری <<یانە هەیە:

( 148 ) ( بەرجەستە ) بەرامبەری ( نابەرجەستە )

( 149 ) ( مردوو ) بەرامبەری ( زیندوو )

( 150 ) ( نەرم ) بەرامبەری ( ڕەق )

( 151 ) ( پەیكەر ) بەرامبەری ( ناپەیكەر )

( 152 ) ( هەناوی ) بەرامبەری ( ناهەناوی )

هەریەك لەم دوو وشە بەرامبەرانە لە نیشانەیەكی واتاییدا پێچەوانەی یەكترن، بۆنموونە، هەموو ئەو ئەندامانەی، كە نابەرجەستەن{ - بەرجەستە }ن، ئەوانەی مردوون{- زیندوو}ن ئەوانەی ڕەقن { - نەرم }ن ، ئەوانەی ناپەیكەرن { - پەیكەر }ن ، ئەوانەی ناهەناوین {- هەناوی}ن .

( 153 ) ( دایك ) { - نێر } بەرامبەری ( باوك ) { + نێر }

(154 ) ( خوشك ) ( برا )

( 155 ) ( باوك ) { + لەوبوون } ( زڕباوك / باوەپیارە ) { - لەو بوون }

( 156 ) ( دایك ) ( زڕدایك )

( 157 ) ( خوشك ) ( زڕخوشك )

( 158 ) ( برا ) ( زڕبرا )

نموونانەكانی ( 153 ـ 158 ) یان { + نێر } یاخود { + لەوبوون}دا پێچەوانەی یەكترن .

( 159 ) ( میوەی تەڕ ) { + ئاوداروتەڕی} بەرامبەری ( شەوچەرە ) { -ئاوداروتەڕی }

( 160 ) ( مزرەمەنی ) { + مزری } ( نامزرەمەنی ){ - مزری }

**دووهەم / دژواتای پلەدار :**

ئەم جۆرە دژواتاییە لە ئاوەڵناودا هەیە، بۆیە ئەو دانەزمانیانەی ئەم سێ كێڵگەیە، كە ئاوەڵناوێكیان دروستكرد ، دژواتایی پلەداریشیان دەبێت ، بەم شێوەیە :

{ - زۆر } { + زۆر }

| | | |
|---|---|---|
| ( 161 ) چاوپیس | چاوپیستر | |
| ( 162 ) چاوباز | چاوبازتر | |
| ( 163 ) چاوحیز | چاوحیزتر | |
| ( 164 ) چاونەرم | چاونەرمتر | |
| ( 165 ) چاوکاڵ | چاوکاڵتر ★[1] | ( ئەو چاوی کاڵترە ) |
| ( 166 ) دەمپیس | دەمپیستر | |
| ( 167 ) دەمهەراش | دەمهەراشتر | |
| ( 168 ) دەمشڕ | دەمشڕتر | |
| ( 169 ) دەستبڕ / قۆڵبڕ | دەستبڕتر / قۆڵبڕتر | |
| ( 170 ) دەستهەڵهێن | دەستهەڵهێنتر | ( زوو دەست دێت ) |
| ( 171 ) دەستکراوە | دەستکراوەتر | |
| ( 172 ) دەستەوستان | دەستەوستانتر | |
| ( 173 ) دەستڕەنگین | دەستڕەنگینتر | |
| ( 174 ) زمانلووس | زمانلووستر | |
| ( 175 ) زمانپیس | زمانپیستر | |
| ( 176 ) زماندرێژ | زماندرێژتر | |
| ( 177 ) برابچووك | براناوەنجی | براگەورە |
| ( 178 ) خوشکەبچووك | خوشکەناوەنجی | خوشکەگەورە |
| ( 179 ) برایانە | برایانەتر | |
| ( 180 ) مزر | مزرتر | ئەم پرتەقاڵە مزرترە . |
| ( 181 ) هەناری ترش | هەناری ترشتر | |
| ( 182 ) سیۆی لاسور | سێوی سور | |
| ( 183 ) ترێی ڕەش | ترێ ڕەشمیری | |

نموونەکانی ( 177 ، 178 ، 182 ، 183 ) بە مۆڕفێمی بەراوردی ( تر ) نەبوونە دژواتای پلەدار ، بەڵکو لەزمانی کوردیدا بەرامبەریان وشەیەکی تر بەهەمان وتاوە دانراوە .

## سێهەم / دژواتای پێچەوانە :

---

[1] هەر ئەندامێکی لەش کەللەگەڵ ئاوەڵناوێکدا بەکار هات دەتوانین ، دژواتای پلەداری لێدروستبکەین ، ئەگەر بە وشە نەمانتوانی ، ئەوا بە فریز دەتوانین بەکاریبهێنین ، وەك ( چاوکاڵتر★ ) مان نیە ، بەڵام ( ئازاد چاوی کاڵترە لەتۆ ) مان هەیە

ئەم جۆرە دژواتاییە تایبەتە بەکردار، لەبەرئەوەی دانەکانی ئەم سێ کێڵگەیە هیچیان کردار نین ، کەواتە وشەو دانەکانی ئەم سێ کێڵگەیە دژواتای پێچەوانەیان تێدانییە ، بەڵام ئەو کردارانەی کە بەدانەکان دەکرێت ، دژواتای پێچەوانەیان تێدایە ، بۆ نموونە :

( 184 ) بیستن وتن / قسەکردن

( 185 ) پیشاندان بینین

( 186 ) دان ( تابۆ) کردن

( 187 ) چوون هاتن

( 188 ) ژنهێنان شوکردن

( 189 ) داواکردن ڕازیبوون

( 190 ) شکاندن هەڵبەستنەوە ( دەستشکاندن ، دەست هەڵبەستنەوە )

( 191 ) میوە فرۆشتن میوە کڕین ( هەموو میوەیەك )

## چوارەم / دژواتای ئاراستەیی :

ئەم جۆرە دژواتاییە لەناو سێ کێڵگەی کارەکەی ئێمەدا ، تەنیا لە کێڵگەی خێزاندا هەیە ، بەم شێوەیە :






( 192 ) ئاکۆ باوکی محەمەدە . محەمەد کوڕی ئاکۆیە .

( 193 ) ئاکۆ باوکی شادانە شادان کچی ئاکۆیە .

( 194 ) مریەم دایکی محەمەدە . محمد کوڕی مریەمە .

( 195 ) مریەم دایکی شادانە . شادان کچی مریەمە .

( 196 ) ئاکۆ مێردی مریەمە . مریەم ژنی ئاکۆیە .

( 197 ) محەمەد برای شادانە. شادان خوشکی محەمەدە .

**پێنجەم / دژواتایی جیاوازی :**

**ئەم جۆرەیان هەموو دانەکان ناو کێڵگەکان دەگرێتەوە، جگە لە هاوواتاکان، چونکە هەردانەیەکیان جیاوەزە لەئەویتر و خاوەنی چەند نیشانەیەکی واتایی جیاوازترە ، بۆ نموونە ( دەست ، سەر ، قاچ ، مل ، پشت ، باوك ، دایك ، برا ، خوشك ، کوڕ ، کچ ، ترێ ، هەنجیر ، کاڵەك ، لالە ، ... ) هەریەکەیان جیاوازە لەویتر و خاوەنی نیشانەی واتایی جیاوازن لەیەکتر .**

**3/2/3 ) گرتنەوە :**

**لەنێوان دانەکانی هەر کێڵگەیەکدا ئەم پەیوەندییە هەیە ، وشەیەك لە کێڵگەیەکدا ، دانەکانی خوار خۆی یاخود جۆرە جیاوەزەکانی خۆی دەگرێتەوە ، بۆ نموونە :**

( 198 ) موو مووی دەموچاو ، قژ ، تووکی سەرسنگ ، توکی دەست ، توکی قاچ

( 199 ) شەوچەرە مێوژ ، باسووق ، سجووق ، بادام .....

( 200 ) مزرەمەنی لیمۆ ، پرتەقاڵ ، سندی ، لالە

( 201 ) بێستان ترۆزی ، خەیار ، شووتی ، ...

( 202 ) برا برا ، زڕبرا
( 203 ) باوك باوك ، زڕباوك / باوەپیارە
( 203 ) خوشك خوشك ، زڕخوشك
( 204 )دایك دایك ، زڕدایك / باوەژن
( 205 ) ڕیخۆڵە ڕیخۆڵە باریكە ، ڕیخۆڵە ئەستوورە ، ڕیخۆڵە كوێرە .

## 4/2/3 ) **بەشوگشت** :

**لەناو هەر كێڵگەیەكدا ئەو وشەیەی، كە ناوی لەپارچەیەك یاخود كەرەستەیەكی سەرەكی ناوە، دەبێتە گشت و ئەوانەش، كەبۆ پارچەكانی ئەو كەرەستەیە دانراون، دەبنە بەش و تەواوكەری یەكترن ، بۆ نموونە :**

( 206 ) سەر " گشت "ە ،
( پێشەسەر ، پاشەسەر ، تەپڵی سەر ، مێشك ، دەمارەكان ) دەبنە " بەش "
( 207 ) چاو
پێڵوو ، بیلبیلە ، گلێنە ، سپێنە ، برژانگ ، عەدەسە ، دەمار .
( 208 ) پشت
بڕبڕەی پشت ، كڕكڕاگەكان ، ماسولكەكان .
( 209 ) كۆ ئەندامی خۆراك
دان ،زمان ، ، گەدە ، ڕیخۆڵە ، ...
( 210 ) برا
برابچووك ، براناوەنجی ، براگەورە
( 211 ) خوشك
خوشكی بچووك ، خوشكی ناوەنجی ، خوشكی گەورە .
( 212 ) هەرمێ
هەرمێ ، دەنكەهەرمێ ، قونچكەهەرمێ
( 213 ) چوالە
ناوكەچوالە ، توێكڵەچوالە .

## 5/2/3 ) **لێڵی واتایی**

وشەکان بەتەنیا واتایان لێڵە، لەبەکارهێناندا و بەهاوڕێیەتیکردن لەگەڵ وشەو کەرەستەی تر واتاکانیان ڕووندەبێتەوە، ئەم ڕوونبوونەوەیەش، بەگوێرەی وشەکان دەگۆڕێت. ئەو وشانەی کە شاوشەن لەپەیوەندی گرتنەوەدا یاخود ناویان لە گشت پارچەکانی شتێك ناوە ، واتاکانیان لێڵترە لەو وشانەی خوارخۆیان یاخود ئەوانەی کە ئەمان دەیانگرنەوە ، هەربۆیە لەبەکارهێنانیشدا وەکو ئەمان واتاکانیان ڕوونبابێتەوە ، بۆ نموونە :

( 214 ) أ ـ باوکم هات .

ب ـ زڕباوکم هات .

( 215 ) أ ـ براکەم نارد .

ب ـ برا بچووکەکەم هات .

( 216 ) أ ـ دەستم ئازاری هەیە .

ب ـ مەچەکم دێشێت .

( 217 ) أ ـ میوەی هێناوە .

ب ـ کاڵەك و شووتی هێناوە .

( 218 ) أ ـ مزرەمەنیم کڕیوە .

ب ـ پرتەقاڵم کڕیووە .

ڕستەکانی ( 214/ أ ، 215/أ ، 216/أ ، 217/أ ، 218/أ ) واتاکانییان وەکو واتای ڕستەکانی ( 214/ب ، 215ب ، 216/ب ، 217/ب ، 218/ب )ڕوون نییە، هەرچەندە وشەکان لەگەڵ هەمان وشەی تر هاوڕێیەتییان کردووە و لەهەمان ژینگەدا بەکارهاتوون .

## 6/2/3 ) گۆڕینی واتایی :

ئەم دیاردەیە لەناو زماندا دیاردەیەکی بڵاوە ، ئەم سێ کێڵگەیەش لێی بێبەش نەبوون، بەڵام گۆڕانی بنەڕەتی کەمە، تاکە وشەیەك، کە دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ واتاکەی لەبنەڕەتەوە گۆڕاوە ، وشەی ( باجی )ە، کە ئێستا بەواتای خوشکی گەورە بەکارنایەت، لەبەرئەوەی فرەژنیش کەمبۆتەوە و هەوێکانیش بەیەکەوە ناژین، بۆیە بۆ زڕدایکیش کەمتر بەکاردێت و زیاتر ناوەکەی دەوترێت ، هەربۆیە ئێستا بەشێوەیەکی گشتی هەر بۆ کارگوزاری ئافرەت بەکاردەهێنرێت ، بۆ نموونە :

( 219 ) ئادەی بانگی ئەو باجیەم بۆ بکە .

( 220 ) ئێوە لە فەرمانگەکەتاندا چەند باجیتان هەیە؟ .

( 221 ) باجی گیان چایەکم بۆ بێنە .

( 222 ) ئەوە ئیشی باجییەکانە .

ئەمە کەمی گۆڕانی بنەڕەتییە لە زمانداو لەم کێڵگانەدا، شتێکی سروشتی زمانە، چونکە ئەگەر وشەکان بە ئاسانی لە ماوەیەکی کەمدا گۆڕانی بنەڕەتیان بەسەردا بهاتایە ئەو کاتە زۆر زووتر زمانەکان جیادەبوونەوەو قسەکەرانی زارو زارۆچکەکان بە گران لەیەکتر تێدەگەشتن، بەڵام نیمچە گۆڕانی وشەکان بە هەردوو جۆری فراوانبوون‌و تەسکبوونەوەی واتایی لەم سێ کێڵگەیەدا زۆرە، ئەویش لە بەکارهێنانی وشەکان‌و وەرگرتنی واتای دووهەم‌و سێهەم واتای ئیدیۆمی دا دەردەکەوێت، بە تایبەتی ئەندامەکانی لەش‌و دواتر خێزان، بۆ نموونە:

( 223 ) ( سك) أ ـ سکم دێشێت. (ئەندامێکی لەشە)

ب ـ  سکی هەیە. (سکی پڕە)

پ ـ سکی پڕە لە قسە. (قسەی زۆر پێیە)

( 224 ) ( چاو  ) أ ـ ئەندامی لەش

ب ـ چاولێکنان (مردن)

پ ـ  چاوپیس (حەسود)

ت ـ چاوباز (مێباز)

( 225 ) ( برا ) أ ـ  ئەندامی خێزان

ب ـ برا لە پشت برا بێت مەگەر قەزا لای خودا بێت. (برا، هاوڕێ، خزم، گەل...)

پ ـ برایەتی کوردو عەرەب (دۆستایەتی)

( 226 ) ( پێ )        لە هەموو قاچەوە بووە بە بەشێکی قاچ

أ ـ پێهەڵبڕە

ب ـ سەروپێ

پ ـ پێیان بڕیوەتەوە . ( تەنیا خوار قولە پێ )

### 7/2/3 ) کێڵگەگۆڕین :

ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو لەناو ئەم سێ کێڵگەیەدا بە تایبەتی هەردوو کێڵگەی ئەندامەکانی لەش‌و کێڵگەی خێزانیش دەبینرێت، بەهۆی وەرگرتنی واتای دووهەم‌و فراوانبوونی واتاییەوە دانە زمانییەکان سنووری کێڵگەی خۆیان دەبەزێنن‌و دەچنە ناو سنووری کێڵگەی ترەوە ، بۆ نموونە :

( 227 ) ( سەر ) أ ـ ئەندامی لەش

ب ـ باوك سەری خێزانە ( هەڵسوڕێنەر )

پ ـ چەند سەر خێزانیت؟ ( ژمارە ) ( کێڵگەی پێوانە )

ت ـ چەند سەر مەڕت هەیە؟ ( ژمارە )

ج ـ سەربان، سەرێ، ئەمسەر، ئەوسەر .... ( کێڵگەی شوێن )

چ ـ سەرەڕۆ، سەربەگۆبەند (خاسییەت )

( 228 ) ( چاو ) أ ـ ئەندامی لەش

ب ـ چاوی عەلادین، چاوی دووربین ( ئامێر )

پ ـ چاوپیس، چاونەرم، چاوباز ( خاسییەت )

( 229 ) ( دەست ) أ ـ ئەندامی لەش

ب ـ دەستگرتن ( کێڵگەی یارمەتیدان )

پ ـ دەستێوەردان ( کێڵگەی تێکدان )

ت ـ دەستبەسەراگرتن ( داگیرکاری )

( 230 ) ( پێ/ قاچ ) أ ـ ئەندامی لەش

ب ـ قاچی مێز ( کێڵگەی ئامێر )

پ ـ پێی‌پێدانێ. پێ هەلگرە. (کێڵگەی خێرایی)

ت ـ قاچ هەڵبڕین (کاری هەر قاچ هەڵبڕینە) ( کێڵگەی خورەوشت )

ج ـ هەر قاچەو قاچییەتی. ( کێڵگەی حاڵەت )

چ ـ قاچوقووچی کردووە. ( کێڵگەی فێڵکردن ، لێخواردن )

( 231 ) ( پشت ) أ ـ ئەندامی لەش

ب ـ پشتی ئەستوورە. پشتی قایمە . ( کێڵگەی هێز )

پ ـ پشتی بگرە . ( کێڵگەی هاوکاریکردن )

ت ـ پشتاوپشت برۆ ( ئاڕاستە )

ج ـ پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە . ( هۆکار )

( 232 ) ( دەم ) أ ـ ئەندامی لەش

ب ـ دەمشڕ ، دەمپیس ( کێڵگەی خوڕەوشت )

پ ـ دەمکردنەوە ( حاڵەت )

ت ـ دەمی ئەشکەوت ( شوێن )

ج ـ دەماودەم ( هۆکار )

( 233 ) ( باوك ) أ ـ ئەندامی خێزان

ب ـ چۆلەکە باوکانە ( کێڵگەی پەلەوەر )

پ ـ باوکی ڕۆحی، بابە نوئێل، باوکی نەتەوەیی، باوکی .. ( کێڵگەی پلەو پایە )

ت ـ مۆنیکا باوکی هەموو سەیارەکانە. ( کێڵگەی بەراورد )

( 234 ) ( برا ) أ ـ ئەندامی خێزان

ب ـ برا گەورە، برای گەورەیت ( کێڵگەی ڕێز )

( 235 ) ( خوشك ) أ ـ ئەندامی خێزان

ب ـ دەڵێی دەستە خوشکن. ( کێڵگەی پەیوەندی )

پ ـ خوشکی بەڕێزیت. ( کێڵگەی دڵنیایی )

( 236 ) (سێو، لیمۆ، شەمامە ) أ ـ ئەندامی کێڵگەی میوە

ب ـ لیمۆی سەرسنگی، شەمامەی سەرسنگی، سێوی باخەڵ ( کێڵگەی ئەندامی لەش )

( 237 ) ( فستق ) أ ـ چەرەس

ب ـ هینی ئەڵێی فستقە ( کێڵکەی ئەندامەکانی لەش ـ تابۆیە ـ )

( 238 ) ( خەیار ) أ ـ بێستان

ب ـ خەیاری کابرا . ( کێڵگەی ئەندامەکانی لەش ـ تابۆ ـ )

## ( 8/2/3 ) مردن [1]:

مردنیش یەکێکە لەو دیاردانەی، کە تووشی دیاردە زمانییەکان دەبێت ، ئەویش بەهۆی نەمانی ئەو کەرەستەی کە ناوی لێناوە ، یاخود بە پەیدابوونی هاوواتایەك و جێگرتنەوەی ئەم بە هاوواتاکە، دیارە ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی فراوان نییە، بەتایبەتی ئەو سێ کێڵگەیەی، کە ئێمە کارمان لەسەر کردوون ، چونکە ئەو شتانەی کە لەسروشتدا هەن و ئەمان ناویان لێناون ، هەر ماون ، لەبەرئەوەی بەشێکن لەفەرهەنگی بنەڕەتی و ڕەچەڵەکێکی

---

[1] بۆزانیاری لەسەر پەرەسەندن و پووکانەوەی فەرهەنگ ، بڕوانە( تابان محمد سعید ، 2008 )

کۆنیان هەیە لە هەموو زمانەکاندا، بۆیە کەمتر هاوواتاشیان بۆ دروست دەبێت و لەناو دەچن یاخودجێگەیان دەگیرێتەوە ، بەڵام ئەوە بەومانایە نایەت کە ئیتر هەر لەناوناچن و جێگەیان ناگیرێتەوە ، بۆنموونە ، وشەکانی ( ئەستۆ ، کۆڵ ) ئەمڕۆ بەکارهێنانیان زۆر کەمبۆتەوە و دەتوانین بڵێین مردوون ، یاخود ( باجی ) بەواتای خوشکی گەورە بەکارهێنانی کەمبۆتەوە.

9/2/3 ) **جێگرتنەوە :**

جێگرتنەوە دیاردەیەکی زمانییە و لەئەنجامی ململانێی نێوان وشە هاوواتاکان وشەیەکی نوێ جێگەی وشە کۆنەکە دەگرێتەوە، جا وشە کۆنەکە یان بەرەو مردن دەڕوات ، یان دەپووکێتەوە و واتاکەی تەسکدەبێتەوە ، بۆ نموونە :

( 239 ) قاچ جێگەی ( پێ )ی گرتۆتەوە ، ( پێ ) واتاکەی بچووکبۆتەوە بۆ خوار قولەپێ .

( 240 ) مل جێگەی ( ئەستۆی ) گرتۆتەوە .

( 241 ) پشت جێگەی ( کۆڵ )ی گرتۆتەوە .

( 242 ) لالە جێگەی ( لالەنگی ) گرتۆتەوە

( 243 ) بادام جێگەی ( ناوکە چوال )ەی گرتۆتەوە

# ئەنجام

لەکۆتایی لێکۆڵینەکەماندا گەیشتیەنە ئەم ئەنجامانە :

1. دەتوانین واتا پەیوەست بەم بنەمایانەوە پۆلێن بکەین :

أ ـ واتا پەیوەست بەبەکارهێنانەوە .

ب ـ واتا پەیوەست بەهەست و سۆزەوە .

پ ـ واتا پەیوەست بەکەرەستەوە .

2. پەیوەندیی واتایی پەیوەندیی نێوان دانەزمانییەکانە لەسەر بنەمای ئەو واتایانەی دەیگەیەنن پەیوەست بە بەبەکارهێنان و ئەو شتەی لەدەرەوەی زمان دەیگەیەنن .

3. لەسێگۆشەی واتاییدا پەیوەندیی نێوان هێما و واتا پەیوەندییەکی دەستووربەدەرە .

4. دەتوانین لەسەر چەند بنەمایەك کێڵگەی واتایی دروستبکەین، بنەماکانیش ئەمانەن:

أ ـ بنەمای واتا .

ب ـ بنەمای فۆڕم .

پ ـ بنەمای دەنگ و سترێس .

5. ڕێککەوتنی ڕێزمانی وشەلێکدراوەکانی ئەو سێ کێڵگەیە ئەو تەرزانەیان هەیە کە لە (3/2)دا دیاریکراون لەسەر دوو بنەما کەبریتین لە :

أ ـ ڕێککەوتنی مۆڕفۆلۆژی ، کە ئەمیش چەند تەرزێکی جیاوازی هەیەو تەرزەکانمان دیاریکردووە .

ب ـ ڕێککەوتنی دەنگی، ئەمیش دووبارەبوونەوە و ژمارەی بڕگەکان ڕۆڵیان هەیە .

6. ڕێککەوتنی واتای بەگوێرەی نیشانە واتاییەکان و سەری واتایی دەبێت و سەری واتایش ئەم جۆرانەی هەیە :

أ ـ یەك سەری واتایی .

ب ـ زیاتر لەسەرێکی واتایی .

پ ـ سەری واتایی لەدەرەوەی پێکهاتە .

7. جگە لە وشە و دانەزمانییەکانی ناو کێڵگەکان ، کێڵگەواتاییەکان خۆشیان پەیوەندیی ئاسۆیی و ستوونییان لە نێواندا هەیە، واتە کێڵگەواتاییەکان بەهۆی ئەو پەیوەندییانەوە بەشێوەیەکی چڕوئاڵۆز بەناویەکدا چوون و لەیەکتر دابڕاو نین .

8. وشە هاوواتاکان لە واتای هۆشەکی یان کرۆکەواتادا هاوبەشن، بەڵام لە بەکارهێنان و توێکڵە واتاکانیاندا جیادەبنەوە ، هەربۆیە هاوواتای تەواویش نییە.

9. لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە واتاییەکان، شیکردنەوەی پێڕەوی هێما زمانییەکانو پەسەنکردنیانە، دەبێت وەك بناغەیەکە بۆ ئامادەکردنو نووسینەوەی فەرهەنگی (کوردی - کوردی) کاری لەسەر بکرێت .

10. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرگای بۆ لێکۆڵینەوەی تریش خستۆتە سەر پشت، وەك، لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی لەسەر دروستەی کێڵگەی واتاییو دروستەی وشە مۆرفۆلۆژییەکانو

چەشن و جۆری پێکهاتەکان و سودبینین لێیان لە دانانی بەرنامەکانی قۆناغەکانی خوێندندا .

# سەرچاوەکان

## کتێبە کوردییەکان :

1. ئاڤێستا كەمال مەحموود ـ پراگماتكی ڕستەی پرسیار ـ مەڵبەندی كوردۆلۆجی ، چاپی یەكهەم ، 2009 .
2. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ـ ڕێزمانی كوردی ـ بەرگی یەكهەم ـ وشەسازیی ـ ، سلێمانی ، 2001 .
3. بەكر عومەر عەلی ، شێركۆ حەمە ئەمین ـ زار و شێوەزار ـ چاپی یەكهەم چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، 2006 .
4. بیرنارد كەمریَ ،....، ـ زمان ـ وەرگێڕانی: كامیل محەمەد قەرەداغی ، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان ، چاپی یەكهەم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ،2007 .
5. سەلام ناوخۆش ـ پوختەیەك دەربارەی زمانناسی (مێژووی ـ بونیادگەری ـ چۆمسكی)، چاپی یەكهەم ، چاپخانەی چوارچرا ، هەولێر ،2007 .
6. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ـ زمانەوانی بەرگی یەكهەم ، چاپی یەكهەم ، چاپخانەی منارە ، هەولێر ،2008 .
7. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو ـ زمانەوانی ـ بەرگی یەكهەم و دووهەم و سێهەم )، چاپخانەی منارە ، هەولێر ،2009 .
8. شێركۆ بابان ـ بەرەو وشە ڕۆنان لەزمانی نووسیندا ـ چاپی یەكهەم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، 2008 .
9. شیلان عومەر حسەین ـ ئیدیۆم و چەشن و پێكهاتنی لەزمانی كوردیدا ـ مەڵبەندی كوردۆلۆجی ، چاپی یەكهەم ، چابخانەی ڕەنج ، هەولێر ،2009 .
10. عەبدولواحید موشیر دزەیی ـ واتاسازی ـ چەند لێكۆڵینەوەیەكی سیمانتیكی و پراگماتیكییە ـ دەزگای موكریان ، چاپی یەكهەم ، چاپخانەی خانی ، هەولێر ،2009 .
11. فەتاح مامە ـ لەبارەی زمانەوانییەوە ـ هەولێر ، 2007 .
12. كاروان عومەر قادر ـ ڕستەی باسمەند لەزمانی كوردیدا ـ مەڵبەندی كوردۆلۆجی ، چاپی یەكهەم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمان ،2008 .
13. كۆرش سەفەوی ـ چەند لایەنێكی واتاسازی ـ وەرگێڕانی : دلێر سادق كانەبی ، دەزگای موكریان ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەكهەم ، هەولێر ،2006 .

14. کلۆدرجێرمان
و ڕیمۆلاند ـ واتاسازی ـ دەزگای موکریان ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکهەم ، هەولێر ،2006 .

15. محەمەدی
مەحویی ـ ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەرۆك وابەستە ـ زانکۆی سلێمانی چاپی یەکهەم ، سلێمانی ،2006 .

16. محەمەدی
مەحویی ـ فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی ـ بەرگی یەکهەم ، زانکۆی سلێمانی چاپی یەکهەم ، سلێمانی ،2008 .

17. محەمەدی
مەحویی ـ زانستی هێما ، واتاو واتالێکدانەوە ـ بەرگی یەکهەم ، زانکۆی سلێمانی ، چاپی یەکهەم ، سلێمانی ،2009 .

18. محەمەدی
مەحویی ـ زانستی هێما ، واتاو واتالێکدانەوە ـ بەرگی دووهەم ، زانکۆی سلێمانی ، چاپی یەکهەم ، سلێمانی ،2009 .

19. محەمەدی
مەحویی ـ مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان ـ وەرگێڕان ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، چاپی یەکهەم ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی ،2009 .

20. محەمەد
مەعروف فەتاح ـ زمانەوانی ، زانکۆی سەلاحەدین ،1990 .


## نامە ئەکادیمییەکان :


21. ئارا عەلی
ئەحمەد ـ کۆتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤواتایا تەواو ، نانەی ماجستێر ، زانکۆی دهۆك ، 2007 .

22. بێخاڵ
عەبدوڵڵا سەعید ـ واتاسازی وشە ـ نامەی ماجستێر ، زانکۆی سەڵاحەدین ،1989 .

23. بکر عومەر
عەلی ـ میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە ـ نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی ،2000 .

24. پەروین
عوسمان مستەفا عەللاف ـ واتا و وەرگێڕان ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی کۆیە ،2008
.
25. تابان محەمەد
سەعید ـ پەرەسەندن و پووکانەوەی فەرهەنگ ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی سلێمانی ، 2008 .
26. تالیب حسێن
عەلی ـ هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لە کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سەلاحەدین ، 1998 .
27. تریفە عومەر
ئەحمەد ـ پراگماتیك لە وتاردا ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی سلێمانی ،2008 .
28. دارا حەمید
محەمەد ـ پەیوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی بەغداد ، 2006 .
29. سازان ڕەزا
معین ـ واتاو دەوروبەر ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی سەلاحەدین ،2005 .
30. شیلان
عومەر حسەین ـ ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لەزمانی کوردیدا ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی سلێمانی ، 2007 .
31. ڤیان سلێمان
حاجی ـ ڕێککەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی سەلاحەدین ، 2001 .
32. عەبدولجەبار
مستەفا مەعروف ـ دروستەی فرێز لەزمانی کوردیدا ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی سلێمانی ، 2005 .
33. عەبدوڵلا
عەزیز محەمەد بابان ـ گۆڕانی واتای وشە لەزمان کوردیدا ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی سەلاحەدین ، 1990 .

34. هۆگر
مەحموود فەرەج ـ بوارە واتاییەکان ، نامەی ماجستێر ، زانکۆی سەلاحەدین ،1993 .

35. هیدایەت
عەبدوڵڵا محەمەد ـ ڕێککەوتنی واتایی ناو و ئاوەڵناو لە زمان کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی ، 2002 .

## وانە و چاو پێکەوتن :

36. فاروق عومەر
سدیق ، چاوپێکەوتن 2008/2/4 .

37. محەمەدی
مەحویی ، چاوپێکەوتن ، 28 / 3 / 2009 .

38. محەمەد
مەعروف فەتاح ، وانەی ( واتاسازی ) ماجستێر ،2000 .

## گۆڤارەکان :

39. هۆگر
مەحموود فەرەج ـ کردەی گەیاندن لەنێوان سیمانتیك و پراگماتیکدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی / B ، ژمارە : 15 شوباتی 2005 .

40. نەسرین
فەخری ـ لێکسیکۆلۆژیا .. ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارەکانی : 101 ـ 103 ـ 104 ـ 105 ـ 107 ، ساڵانی 1984 ـ 1985 .

## کتێبە عەرەبییەکان :

41. ابراهیم
انیس ـ دلالة الألفاظ ، مكتبة الانجلؤ المصرية ، مطبعة محمد عبدالكريم حسن ، قاهرة ، 2004 .

42. ابراهيم
خليل ـ اللسانيات والنحو النص ، كلية الأداب جامعة الأردنيية ، الطبعة اللأولى ، دارالمسيرة ، الأردن ، 2007 .
43. أحمد عزوز ـ
اصول تراثية في نظرية الحقول الدلالية ، اتحاد الكتاب العرب ، ديمشق ،2002 .
44. أحمد مختار
عمر ـ علم الدلالة ، مكتبة دار العروبةللنشر والتوزيع ،1982 .
45. جون لاينز ـ
علم الدلالة ، ترجمة / مجيد عبدالحليم ماشطة ... ، كلية الأداب ، جامعة البصرة ، 1980 .
46. حازم عليى
كمال الدين ـ علم الدلالة المقارن ، مكتبة الاداب ، قاهرة ،2007 .
47. طائع الحداوى
ـ سيميائيات التأويل ـ الانتاج ومنطق الدلائل ، المركز الثقافي في العربى ، طبعة الاولى ، بيروت ، 2006 .
48. فايز الداية ـ
علم الدلالة العربي ـ نظرية والتطبيق ، دار الفكر المعاصر ، طبعة الخامسة ، ديمشق ، 2006 .
49. فوزي حسن
شايب ـ محاظرات في اللسانيات ، منشورات وزارة الثقافة ، الأردن ،1999 .
50. نادية رمضان
نجار ـ ابحاث دلالية ومعجمية ، الطبعة الأولى ، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر الاسكندرية ،2006 .
51. نجم الدين
قادر كريم ـ نظرية السياق ـ دراسة اصولية ، دار الكتب المعلمية ، الطبع الاولى ، بيروت ، 2006 .
52. هادي نهر ـ
علم الدلالة التطبيقي في تراث العربي ، عالم الكتب الحديث ، الطبعة الاولى ، الأردن ، 2008 .

.53 مجيد الماشطة

- من علم المعانى الى علم الدلالة ، مركز الانماء الحضاري ، ديمشق ،2009.

.54 محمد محمد

يونس علي - المعنى والظلال المعنى - انظمة الدلالة في العربية ، دار المدا الاسلامي ، طبع الثاني ، بيروت ، 2007 .

.55 محمد محمد

يونس علي - مقدمة في علم الدلالة و تخاطب ، دار اتلكتاب الحديد المتحدة ، ليبيا ، 2006 .

## كتێبە ئینگلیزییەکان :

56- Cook, V & Newson, M., (1996) , *Chomsky's Universal Grammar*, second edition, Blackwel Publisher.

57- Falk, Julia. S., (1978). *Linguistics and Language*. Michigan State University. چاپی ئێرانی (1384)

58- Hayes, C. W. et al, (1989). *ABC's of Languages and Linguistics*. Natl Textbook Co Trade.

59- Larson, Milderd L., (1998). *Meaning-Based Translation*. Lanham: University Press of America. ( 1384 ) چاپی ئێرانی

60- Löbner, S., (2002). *Understanding Semantics*. London: Arnold.

61- Murphy, M. Lynner, (2003). *Semantic Relations and the Lexicon*. Cambridge: Cambridge University Press.

62- Palmer, F. R., (1976). *Semantics*. Cambridge: Cambridge University Press.

63- Plag, I, (2003). *Word-formation in English*. Cambridge: Cambridge University Press.

64- Spencer, A. and Arnold, M. Zwicky (2001). *The Handbook of Morphology*. Oxford: Blackwell.

# الخلاصة

هذه الرسالة الموسومة بـ(**العلاقات الدلالية و بعض الظواهر الدلالية في اللغة الكوردية**) بحثٌ عن العلاقات الدلالية الموجودة بين الكلمات، على كلا المستويين الأُفقي و الرأسي، بمعنى أن البحث في حدود علم الدلالة.

يتكون البحث من ثلاثة فصول، تحدثنا في الفصل الأول عن مفهوم المعنى و حدود علم الدلالة و الوحدات الدلالية، و أنواع الدلالات، و بعض من النظريات الدلالية و العلاقات الدلالية، و الظواهر الدلالية.

و في المبحث الأول من الفصل الثاني بحثنا عن مفهوم السمة الدلالية و(المُعَلَّم و غيرالمُعَلَّم) من الجانب النظري و المباحث الاخرى في هذا الفصل مع الفصل الثالث هي الجانب التطبيقي لبحثنا، ففي المبحث الثاني من الفصل الثاني أخترنا ثلاثة حقول دلالية (أعضاء الجسم، الأُسرة، الفاكهة)، أساساً لعملنا، ثم بيَّنّا العلاقة الافقية و التوافق و التلازم بين كلمات تلك الحقول.

و الفصل الثالث يحتوي على العلاقة بين الحقول الدلالية، والعلاقة الرأسية و بعض الظواهر الدلالية بين تلك الحقول الثلاثة، وضحت - في العلاقة بين الحقول الدلالية - العلاقات الموجودة على المستوى الافقي و الرأسي بين الحقول الدلالية، ثم بُيِّنَت العلاقة الرأسية للكلمات و بعض الظواهر الدلالية حسب السمات الدلالية.

## Abstract

This thesis which is entitled "Semantic Relations and Some Semantic Phenomena in Kurdish language" studies the semantic relations between the lexical items on the level of syntagmatic and paradigmatic relations. Thus, the scope of the study is limited within semantics.

This thesis consists of three chapters:

The first chapter studies the concept of meaning, the scope of semantics, meaning units, types of meaning, some semantic theories, the notion of semantic relations and semantic phenomena.

The first section in chapter two encompasses a theoretical study of semantic features and marking. The rest of the sections in this chapter with chapter three constitute the practical aspect of this study. In the second section of this chapter, three semantic fields, parts of body, family, fruit, are selected as a base for this study. Then the syntagmatic relations and collocation between the lexical items in these semantic fields have been discussed.

The third chapter comprises the relations among the three semantic fields, paradigmatic relations and some semantic phenomena

between the lexical items in the three mentioned semantic fields. The syntagmatic and paradigmatic relations that hold among the semantic fields are explained within the relations among the semantic fields. Then, in terms of semantic features, some paradigmatic relations and semantic phenomena between the lexical items are discussed as well.